دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بەرپرسیار بەرێ گشتی وسەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

● پێنج شەممە ١٩٨٢/٨/٢٦ ژمارە ٦٥١ ●
● الخميس ١٩٨٢/٨/٢٦ العدد ٦٥١ ●

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٥٠ فلسە

لەم ژمارەیەدا

بروسکەی نەدیب و رۆشنبیرانی کورد بۆ سەرەکی فەرماندە ل ٣ ٠
● باس و لێکۆڵینەوەی زانستی ل ٤ ٠
● هەڵەتی نیشتمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری
● بەرنامەی راگەیاندنی فراوان ل ٨ ٠

هێزە دڵێرەکانمان دەستی مەردانە لە دوژمن دەوەشێنن

دوورگەی „خارك“ چۆڵ و هۆڵە

فرۆکەنێراقیەکان ، بەسەرپێری بەسەر دوورگەی - خارك - ی ئێرانیدا ، سووراونەتەوە وبنەی دوورگەکەی کردوە کە بەناشکرا دیارە هیچ پاپۆرێکی لێنیەو ئەمەش ئەوە دەردەخات ، کە کومپانیاکانی کواستنەوەی دەریایی گوێیان بۆ هەرەشەکەی عیراق شل کردوە ٠

ئەمەش قسەکەریکی سەربازی بەناژانسی دەنگوباسی عیراقی کەباندوەو وتویە ئەو وێنانەی فرۆکە عیراقیەکان گرتونی تەو دووکەڵە پیشان دەدات کە هێشتا هەر لەدوورگەکە هەڵدەستێ دوای بۆردومان کردنی لە رۆژی چوار شەممەی رابوورودودا ٠

قسەکەرەکە ئەوەی دووپات کردەوە کە عیراق سووڕە لەسەر بەجێهێنانی هەرەشەکەی بە نابلوقەدانی دورگەکە وەك قۆناحی یەکەمو لە هەر پاپۆرێ دەدرێ لەخارك نزیك ببێتەوە تەو پاپۆرە سەر بە هەرلایەك بێ ٠

« دی‌فلیت »ی ئەڵەمانیایی

عیراق توانای عەسکەری جێ بەجێ کردنی هەڕەشەکەی هەیە لەدوورگەی خارك

رۆژنامەی «دی‌فلیت»ی ئەڵەمانیای یەکگرتو ئەوەی توانای عەسکەری هەیە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی هەڕەشەکەی بەسەر ئەو پاپورانەی بێگانەدا کە لە دورگەی خارك لە تەناری عەرەبی نزیك دەبنەوە ٠

رۆژنامەکە لە راپۆرتێندا بە ناونیشانی (عیراق ناوچەیەکی عەسکەری بە ناوچەیەکی قەدەغە) دادەنێ دەستی بۆ ئەو دانپیانانەی ئەم دوایەی موسەوی سەرەك وەزیرانی ئێران کێشاوە کە وتویە

بڕوانە ل : ٧



لەکونگرەی وەزیرانی دەرموەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا :

سەرەکی نابجێر ستایشی هەڵوێستی عیراق دەکات

عقید حسین کونتشی سەرەکی ئەنجومەنی باڵای عەسکەری و سەرەکی دەوڵەتی لەنەیجیر چاوی کەوتوە بە دوکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوە ٠

سەرەك کونتشی لەو چاوپێکەوتنەدا ستایشی دەورەی باڵای عیراقی کردوە لەماوەی سەرەکایەتی کردنی دوانگزەهەمین دەورەی کونگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئیسلامی ٠

دیسان ستایشی پەیوەندی باشی نێوان هەردوو وڵاتی کردوەو رێزی تەواوی پیشانداوە بەرامبەر هەڵوێستی ئیجابی عیراق

بڕوانە ل : ٧

کۆنگرەی بێ لایەن و هەڵوێستی رووناکی عیراق

- مصلح جەلالی -

- بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن ئەمڕۆ لە نێو هەردوو سووپاگەی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا پایەو شوێنێکی دیاری کراوو دەرکەوتووی هەیەو لەناو کۆمەڵی نەتەوە بەگەرتووەکاندا زۆرترین دەوڵەتن و عیراقی خۆشمان عیراقی کوردو عەرەب ئەندامێکی کەڵك بەخشی ئاو ئەو بزوتنەوەیەیە .

- عیراقی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەموزی مەزنمان بەو باوەڕەوە چووە ناو ئەم بزوتنەوەیەوەو بووە ئەندام چونکە ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی سەربەخۆو دژ بەئیمپریالیزم و هەموو بنکەو پەیمانێکی سووپایی یە کە دژی میللەتانی‌و لەبەر ئەوەش کە نابێتە کلکی هیچ هێزێك و سەربەستی خۆی دەپارێزێ و هێزێکە بارمەندەری گەلانی ئازادیخوازو رزگاریکاری باری ئابووری و ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامن تێیداو پێشخەرو پەرەپێدەری لایەنە مرۆڤایەتی‌یەکەی ئەو وڵاتانەیە لەهەموو رووبەکی پێشکەوتنەوە .

- لەبەر ئەم ئەرکە پیرۆزانەی کە بزوتنەوەی بێلایەن بۆ قازانج و گەشەکردن و یەکێتی گەلانی ئازادیخوازو وڵاتانی تازە گەشەسەندوو دژی ئیمپریالیزم و رەگەزپەستی گرتوونی‌یە ئەستۆی خۆی هەروەك سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەڵێ :

« هەر چۆنێك‌بێ عیراق نابێتە هۆی ناخۆشی بەتایبەتی لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە نیمپریالیزم هەڕەشە لە یەکێتی و هاوکاری نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم دەکات و ئەوەی بەلای عیراقەوە گرنگ‌بێ بەستن و مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی تەواوی کۆنگرەکەیەو سوور نیە لەسەر ئەوەی کۆنگرەکە لەبەغدا بگیرێ » .

کەواتە گرنگ ئەوەیە کۆنگرەکە بگیرێت و سەرکەوتنی تەواوی مسۆگەر بکرێ .. جا ئایا لە هندستان بگیرێت یاخود لە وڵاتێك کە ئەندامەکانی ناو بزووتنەوەکە بریاری لەسەر بدەن .. مەبەست شوێن نیە بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە دوژمنانی ئەم بزوتنەوەیە کەلێنێك لە بزوتنەوەکەدا نەدۆزنەوەو لەو کەلێنەوە لاوازی بکەن .. ئەمەیە هەڵوێستی راستو ئەوەیە دڵسوزی عیراق بەرامبەر بەمرۆڤایەتی و گەلانی خەباتکەری هەموو جیهان .

ئەمڕۆش کە ئەندامانی بزوتنەوەکە بۆ بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی باڵای خۆیان ئامادە دەکەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیمپریالیزمو رەگەزپەرستان بۆ زیانگەیاندن بەتوانای ئەو بزوتنەوەیە بەهۆی نۆکەرەکانیانەوە دەیانەوێ شوێنی خۆیان بەتەواوی بکەنەوەو زیان بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی وڵاتانی ناوچەکە بگەیەنن .. لەلایەکەوە هێرشی درندانەی زایۆنی بێوچان دەبێتە سەر سووپای ئازادیخوازی گەلی فەلەستینی نەبەزو گەلی لوبنان دەکوژن و دەربەدەری دەکەن و وڵاتەکەیان کاول و وێران دەکەن لەلایەکی تریشەوە ئێرانیان هاندا کە شەڕی نارەوا بەسەر عیراقی خۆشەویستماندا بسەپێنی و خەریکی بکات و زیان بەو بارە ئابووریە پێشکەوتووەی بگەیەنێ کە هەیەتی و هەر وەك سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەڵێ :

« ئێران بۆ ئەوە شەڕ لەگەڵ عیراقدا ناوەستێنێ تاوەکو بەشەڕەوە سەرمان قاڵ بکات و نەتوانین یارمەتی گەلی فەلەستین بدەین » .

کۆنگرەی حەوتەمی باڵای بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن کە عیراق تێیدا ئەندامێکی بەکارو دەرکەوتووەتی .. ئەمەش ئەندامێتی میللەتی عیراقمانە بەکوردو عەرەبەوە بەسەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە بزوتنەوەکەداو بارمەت دەرێکی گەورەیە بۆ پتەوکردنی بزوتنەوەکەو پاراستنی سەربەخۆیی عیراق کە پەیوەندی بە بەهێزکردنی بزوتنەوەکەوە هەیەو .. بەرەپێدان و پێشخستنی ئەو رووە ئابووریە بەرەسەندووەیە کە هەیەتی و بردوپێدانی هەموو لایەنە پێشکەوتووەکانی میللەت و خاکی عیراقە .

جا هەر وەك عیراق بەهێزبوونی بزوتنەوەکە بە بەهێزبوونی خۆی دەزانێ .. هەموو دەم گەلی کوردمان دەست لەناو دەستی برای عەرەبیدا لەسەنگەری بەرگری‌کردن لە سەرفرازی و شادمانی میللەت و خاکی عیراق و بۆ رێگە نەدان بە لاوازبوونی

بڕوانە ل : ٧

دووای سێ ساڵ تاوان و کوشتن و بڕین خومەینی جادووگەردان بە شڕی بارێ ئێراندا دەنێت

٤٨ سەعات شەڕ لەشەقامەکانی تاراندا

کەریم سەنجابی دەچێتە باڵ هێزە بەرهەڵستکارەکان

خومەینی داوا لەوانە دەکات کە حەز دەکەن لەدادگاکاندا کار بکەن ناوی خۆیان بنووسن بۆ ئەوەی جێی ئەوانە بگرنەوە کە ناویان بەلادەر ناون و یاخود رەنگە لەرێ لابدەن و ئەمەش یەکەمجار نیە خومەینی دەست بخاتە ئیش و کاری دادگاو یاساوە بۆ ئەوەی بەرامبەر بەگەلانی ئێران تاوان بکات ٠

خومەینی لەبەردەمی کۆمەڵێ لە کاربەدەستانی رژێمەکەی رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە دانی بەوەدا ناوە کە بەندیخانەکانی پڕن لەو بێتاوانانەی کە تائیستا بەدادگا نەدراون و تامۆژکاری حاکمەکانی کرد کە نابێ بەزەیی بزانن و ئەوەشی وتووە کە دۆخی ناو ئێران و بەندیخانەکانی هەروەك هی سەردەمی (شا) وایەو هەر لەسەر رێو شوێنی ئەو دەڕوات و وتی (گەلێ کاروبار هەیە پەیوەندیان بەدادگاوە هەیە دەبێ باس بکرێن بەڵام ئێستا کاتی ئەوە نیە) ٠

لەبەر ئەوەی رێکخراوەکانی جیهانی مافی مرۆڤ باسی ئەو دۆخە خراپەی ناو ئێران و ئەو تاوانانەی لەناو بەندیخانەکان و دەرەوەیاندا دەکات ناشیرینانە هێرشی بردە سەر بەیاننامەکانیان و هێرشیشی بردە سەر راگەیاندن و رۆژنامەکانی جیهان کە تاوان و خوێن‌ڕێژی‌یە کەلەکەبووەکانی دەردەخەن و باسی سەرنەکەوتن و ئەو زیانانەی دەکەن کە لە

بڕوانە ل : ٧

چەنگاوەرانی فەلەستین بەردەوامن لە بەجێ هێشتنی بەیروت

بێروت - ٢٣ - ئادع - بە پێی ئەو رێکەوتنەی لایەنە پەیوەندی دارەکان مۆریان کردووەو کە لە رێگەی نێرراوی ئەمەریکا فلیب حبیبەوە گەیشتوون بە وریایی‌یەکەوە کە نزیکە لە ئاڵۆزبوون کشانەوەی چەنگاوەرانی فەلەستین لە بێروت بەردەوامە .

لە هەواڵێکی خێرای ئاژانسی رۆژنامەکانی فەرەنسا لە قبرص هاتووە کە پاپۆرەکەی قبرص (سولفیرین) کە بەشی دووەمی چەنگاوەرانی فەلەستینی دەگوێزێتەوە ئەوانەی کە رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە لە بێروت کشێنرانەوە گەیشتوونەتە بەندەری لیماسولی قبرصی دوو بەلەمی ساروخداری (ئیسرائیلی) رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە رێگەیان بە پاپۆرێك نەداوە کە لە بەندەری بیروت راوەستێ بە بیانووی ئەوەی کە خۆبەختکەرانی فەلەستینی لەو رێکەوتنانە لاباندراوە کە نێرراوی ئەمەریکا فلیب حبیب گفتوگۆی لەسەر کردووە .

بەڵام دوای ئەوەی کە گەیشتنە چارەبەك ئەوەبوو دەبێ ئۆتۆمبێلی جێب کە ژمارەیان ٢٠ ئۆتۆمبێلێك دەبوو پێش گەیشتنی خۆبەختکەرانی

بڕوانە ل : ٧

چالاکی هێزە دڵێرەکانمان لە ماوەی هەفتە یەکدا لە بەر بەستی کردنی چاوبرسیەتی دوژمندا

لە هەفتەی رابوورودودا، بۆ چاوترساندنی دوژمن و وەك هەنگاوی یەکەم بۆ جێ‌بەجێ کردنی هەرەشەی عیراق بۆ حوکمڕاکانی ئێران کە دەست لە تۆپباران کردنی بەسرەو خانەقین و زەرباتیە هەنگرن ، فرۆکە ئازاکانمان ، دامەزراوە نەوتیەکانی دوژمنی لە دورگەی خارك بۆردومان کرد ٠

بەرامبەر بەم هەرەشەیە عیراق زوربەی زۆری دەزگا نەوتیەکانی ئێرانی وەستاندوە ٠

لە ماوەی هەفتەی رابوورودوداو بەپێی بەیاننامەکانی سەرکردایەتی گشتی هیزە چەکدارەکانمان زەرەرو زیانی زۆر گەورە لە سەروو مالی هیزەکانی دوژمنی نارەسەنو جادووگەر دراوە ، لەم هەفتەیەدا کە بەیاننامەکانی ژمارە ٨١٤ تا ٨٢٠ دەرچوون ٠ تیایاندا ئەوە ئاشکرا کراوە لە هەرلایەکی سەر سنووری وڵاتی خۆشەویستمان ، دوژمن تەقەللای هەر جوڵانەوەیەکی دابێت بە دەستی هیزە مەردەکانمان سەرکوت کراوەتەوە ٠

هەر لە هەفتەی رابوورودودا بوو کە دوژمن

بڕوانە ل : ٧

رووداوەکانی رۆژانی رابوورودوو

● جیوبۆتی :
سەرەکی جیوبۆتی حسن جۆلید پشتگیری تەواوی وڵاتەکەی بۆ عیراق سەلماندەوە لە هەڵوێستی بەرگری کاریدا دژی دەستدرێژی نارەوای رژێمی ئێران ٠

● بەلگراد :
یوگسلافیا پشتگیری خۆی دەربڕیوە بۆ پێشنیارەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین کە داوای کردبوو کۆنگرەی بەرزی بێلایەن لە هیندستان ببەسترێ لە پێناوی پاراستنی یەکێتی بزوتنەوەکەدا ٠

● نیامی :
وەفدەکانی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە ئیسلامیەکان نارەزایان دەربڕیوە بەرامبەر هەڵس‌وکەوتی بێماناو نەفامانەی وەفدی ئێران لە کۆنگرەی ناوبراودا ٠

● تاران :
رۆژنامەکانی تاران بڵاویان کردەوە کە محاکەمەکردنی قطب

بڕوانە ل : ٧

هاوڕێ سعدی مهدی صالح سەر لە پارێزگای دهۆك و هەولێر دە دات

لەم ڕۆژانەدا هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیاست سەری لە سەربازگەی قادسیەی سوپای میللی دا لە پارێزگای دهۆك.

لەو سەربازگەیە چاوی بە جەنگاوەرەکان کەوت و سلاوی سەرەکی فەرمانده صدام حسین پێ ڕاگەیاندن و لەسەربازگە کۆبوونەوەیەکی بەست تیایدا باسی ڕێگاکانی پەرەپێدانی مەشق و بەرنامەو پێویستیەکانی جەنگاوەران کرا.

هەروەها هاوڕێ سعدی مهدی صالح سەری لەپارێزگای هەولێر داو لەوێش لەو کۆڕە فراوانەدا ئامادەبوو کە نووسینگەی قوتابی و لاوان لەسەرکردایەتی لقی هەولێری حزب ئامادەی کردبوو بۆ لێکۆڵینەوەی نەخشەی پەرەپێدانی کارکردن لەزانکۆو ئەهمیەتی کاررێکخستن لەنێوان یەکێتی یەکانی قوتابیان و دەزگاکانی خوێندندا لەپێناوی بڕەودان بە رادەی زانستی و پەروەردەیی و چارەسەری کۆسپەکانی ڕێگای کاروانی زانستی و پەروەردە.

نەخشەی کارەکە بریتی بوو لە سێ بەش لایەنی ئیداری وەزارەتی خوێندنی بالاو لایەنی ڕێکخراوی حزبی.

لەکۆڕەکەدا کە لەبارەگای لقی حزب لە هەولێر بوو دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەبوون.

پرۆژەی ئاوەدانی نوێ لە ناوچەی کوردستان

ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبەریتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان دە پرۆژەی بۆ دەزگا تەندروستی و کارەکانو کاروباری کۆمەڵایەتی لەناوچەکەدا بەخەرجی ملیۆنێك و ١٤٠ هەزار دینار تەواو کردووە.

ئەم پرۆژانە چوار مەلبەندی تەندروستی لقی دەگرنەوە لەگەڵ خانوویەك و خەستەخانەیەکی منداڵان و مەلبەندێکی چارەسەری سەرەتایی خێراو مەلبەندێکی کۆمەڵایەتی و باخچەیەکی منداڵان و خانوویەك بۆ مانەوەی قوتابیان و شەش ژووری زیادەو پێشخستنی بەشی بووژاندنەوەی دڵ لە خەستەخانەی هەولێر و خەستەخانەی خەباتی کۆماری و ئەمبارێکی ئاوی خواردنەوە.

ئێستاکار دەکرێ بۆ ڕاپەڕاندنی ٥٧ پرۆژەی تر لەناوچەکەدا بەخەرجی ١٥ ملیۆن و ٦٨٥ هەزار دینار.

لەو پرۆژانەشی کە لەپارێزگەی هەولێر ڕادەپەڕێنرێن.

دروستکردنی سێ خەستەخانەی سنگە کە هەریەکەیان فراوانی یەکەی ١٠٠ قەرەوێلەیە و لەگەڵ عیادەیەکی پزیشکی ڕاوێژکاری و دوو مەلبەندی پزیشکی سەرەکی دووانی تری لقی و ١٦ خانووی نیشتەجێی و گەنجینەیەکی دەرمان و مەلبەندێکی ئامادەمەنی یەکێکی تر بۆ یارمەتیدانی دایکان و ئامۆژگەیەکی پیشەیی تەندروستی لەگەڵ بەشێکی ناوخۆکە وەك دەستەیەك وایە لەگەڵیاو لەگەڵ قوتابخانەیەکی برین پێچی ئافرەتان و خانوویەك بۆ بەخێوکردنی منداڵ و مەلبەندێکی مەشقدادانی پیشەی و خانوویەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی یەکانی کارو ئوتێلێکی گەشت بۆ کرێکاران.

لەپارێزگەی سلێمانیش پرۆژەکان بریتین لە خەستەخانەیەك بەفراوانی ١٠٠ قەرەوێلەو عیادەیەکی پزیشکی ڕاوێژکاری و دوو مەلبەندی تەندروستی و دوانی تری لقی و خانووی نیشتەجێی و مەلبەندێك بۆ ئامادەکردنی خواردەمەنی و بەشێکی ناوخۆیی لەگەڵ دەستەیەکدا کە لەپێوەی بەندەو ئامۆژگەیەك بۆ پیشەی پزیشکی و قوتابخانەیەکی ئافرەتانی برین پێچ و مەلبەندێکی چارەسەری سەرەتایی خێراو عیادەیەکی پزیشکی ڕاوێژکاری و عیادەیەکی تری مەلبەندی و خانوویەك بۆ منداڵ پەروەردەکردن و یانەیەك و کتێبخانەیەك بۆ کرێکاران.

لەپارێزگەی دهۆکیش

بروانە ل : ٧

هاوڕێ علی حسون جواد ئەمینداری نهێنی یەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە ناوچەی هەولێر

گەلی کوردمان دڵسۆزی سەرۆك صدام حسین و شۆڕش و حزبە

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

لەبارەگای حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێر، چاومان بەهاوڕێ علی حسون جوادی ئەمینداری نهێنی یەکانی حزب لەناوچەی هەولێر کەوت و، ئەم پرسیارانەمان لێکرد:

● خەڵکی ناوچەی کوردستان چۆن چوون بەپیری بڕیارەکانی ئەم دواییەی سەرکردایەتی نەجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە؟

لەوەڵامدا هاوڕێ علی حسون وتی:

- لەڕاستیدا خەڵکی ناوچەی کوردستان، ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، بڕیارەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان زۆر بەدڵبوو، بەخۆشی یەوە وەریانگرت، ئەو سڕیارانە کەپێك هاتبوون لە لێبوردن لەهەڵاتوەکان لە سەربازی و بەرەڵاکردنی گیراوو بەندی یە کان جێگەی ڕێزو تەقدیری خەڵکی ئەم ناوچەیە بوو، وەبوو بە هۆی ئەوەی کە ماوەی فراوان بۆ هەموو لایك بخرێتە سەر پشت بۆ ئەوەی بەشداری جەنگی ڕەوای گەلەکەمان بکەن دژی وەستدرێژی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران بۆ سەر خاکی نیشتمانمان.

ئێمە لەو کۆڕو پێك گەیشتنانەدا کە لە هەولێرو گوندە هاوچەرخەکانا کردمان بۆمان ساغبووەوە کە گەلەکەمان لەم ناوچەیەدا دڵسۆزو پشتگیری کەری سەرکردەو شۆڕش و حزبەو سوپاسی خۆیان بەگەرمی یەوە بۆ دەرچوونی ئەو بڕیارانە ڕاگەیاندو، لەمەوو سووچێکی ئەم ناوچەیەدا گەلی کوردمان پەیمانی وەفاو دڵسۆزی یان بۆ سەرەکی خۆشەویستیمان هەفاڵ صدام حسین دووبارەکردەوە.. هەموو ڕۆژیکیش ئەو ڕاستی یە دەچەسپێنن کە گەلی کوردمان بەشێکی خۆشەویستو دڵسۆزی خاکی عیراقی دێرێنن و، پشتیگری هەموو هەنگاوێکی شۆڕش دەکەن بۆ پێشخستن و ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکە.

● **چۆن بەشداری کردنی گەلی کوردمان لەناوچەی کوردستان لەجەنگی ڕەواماندا دژی ڕژێمی خومەینی تاوانبار هەڵدەسەنگێنن؟**

بروانە ل : ٧

کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە دهۆك

لە گوندی باکیرانی هاوچەرخی ناحیەی زاویتەی سەر بە پارێزگەی دهۆك جەماوەرێکی زۆر کۆبوونەوەو لە لایەن ئەو لێژنە لقی یەوەرێکخران کە ڕوونکردنەوەی مەودای بڕیارەکانی ئەم دوای یەی سەرەکی فەرمانده صدام حسین لەبەیەك گەیشتنی بە پیاوە ئایینی یەکانی ناوچەی ئۆتۆنومیدا کە تایبەتن بە ناوچەی ئۆتۆنومی کەوتۆتە ئەستۆیان.

بەڕێز محمد امین محمد احمد ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە کۆبوونەوەکەدا قسەیەکی کرد لە قسەکەیدا هەموو ئەو دەستکەوت و وەدیهێنراوانەی نیشاندا کە لە سایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموزی مەزندا لە ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان وەدست هاتوون.

هەروەها ئەو بڕیارانەی بەخشینی ڕوونکردەوە کە چەند بایەخو پایەیەیان بۆ پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی و بەهێزکردنی ڕەوتی ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان هەیە دژی هەموو ناپاك و خۆفرۆشێ کە لە زەلکاوی ناپاکیدا مەلە دەکەن.

سەرەکی لێژنەکە لەوشەکەیدا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لەمەلبەندی ئامۆژگاری دی یەکەدا بوو سەبارەت بە ئەو ژیانە کۆڵۆڵی یە بوو کە گەلی کوردمان لە سایەی ڕژێمی ئەسەدو خومەینی دا لە ئێران و سووریەدا تیا دەژین و بەڕاوردکردنی بوو لەگەڵ ئەو دۆخەی کە ئیستا گەلی کوردمان لەعیراقدا بەناسایش و بەختیارانە لە تیایدا دەژی.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا جەماوەرەکە سەرلەنوێ بەڵێنی خۆیان بۆ سەرەکی فەرمانده

بروانە ل : ٧

لە بەر ڕوونانی ڕووداوەکاندا

یەکێك لە موسیبەتە گەورەکانی ڕژێمی قین لە دڵو کۆنە ویستی ئاخوندەکانی ئێران، ئەوەیە، هەروەك پەندە پێشینانەکە دەڵێت «بە هیچ ناوێ تەڕ نابن». ئەو ڕژێمەو هیزە شەڕ خوازە درندەکانی هەرکە لە ٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠وە دەستدرێژیان کردە سەر عیراقی ئازیزمان سەرئەنجامی دەستدرێژیەکەیان لوتی خۆیان و هیزەکانیانی تیا شکاو ئەوەبۆ دوو ساڵی ڕەبەقیش دەچێت حاڵیان هەر شڕەو زیاتر شڕ دەبێت، کەچی کە دەکەونە قسە، بە خەیاڵ، بەدرۆ، بە ساختەچیەتی دەیانەوێت خۆیان بە سەرکەوتو پیشان بدەن نەك هەر ئەوە، بەڵکو خۆشیان گیف دەکەنەوەو هەرەشەو گوڕەشەی لەخۆیان زلتر دەکەن، با توخوا بڵێین لەبەردەم خەڵکی دەرەوەی ئێراندا هەندێ جار درۆو دەڵەسەی بەهیزیان بە تایبەتی لای ئەوانەی حەقیقەتی وەزعەکە نازانن تا ڕادەیەك سەردەگرێ، بەڵام ئەی لەبەردەم گەلانی ئێرانی موبتەلا بەو تاقمە ناپەسەندو بێرەوشتو جەردانەدا دەڵێن چیو حەقیقەت چۆن دەشارنەوە؟ بێگومان مەسەلەکە دیارو ئاشکرا، بە ئاگرو ئاسنو کوشتنو بڕین، ئەم دواییەدا، هیزە بەرهەڵستکارەکانی ئێران ڕایانگەیاند کە هەر لەسەر نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەردەوامی شەڕی نێوان عیراق و ئێران و بەردەوامی ئەم شەڕە لەبەر قین لەدڵی حوکمڕاکانی ئێران و ئامادە نەبوونی خەڵك بۆ شەڕ بەسەدان کەسی ئێرانی ئیعدام کراون.

بەڵام ئایا ئەم بارەی حوکم ڕاکانی ئێران تاکەی بۆیان دەچێتە سەر، خۆ ڕۆژ نیە هیزە بەرهەڵستکارەکان بەتایبەتی لەناوچەی کوردستان و ئازربایجان دەیان جار دەستی توند لە پاسدارانی خومەینی و بنکەو دام و دەزگاکانی ڕژێم نەوەشێنن کوشتن و بڕین و ڕاونان، نەبتوانیوە حەقیقەت لەگەلانی ئێران بشارێتەوە، هەروەك نەبتوانیوە لەڕاست بین و چاو کراوەکانی دنیای بشارێتەوە، ڕووی ڕۆژ بە بێژنگی درۆژنانەو شەقو شڕی ئاخوندە کۆنە ویستە خوێن مژەکان ناشاردرێتەوەو ڕۆژی نوقم بوونیان لە تاوان و جەردەیی و پیاو خراپی و دوژمنایەتی کاریان نزیکە.

● نەبەز ●

داوای پەلەکردن لە نەواوکردنی پرۆژەکانی ناوچەی کوردستاندا

بەڕێز جمال حاجی شریف سەرەکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان داوای لە بەڕێزان ئەمینداره گشتی یەکان کرد کە پەلە لەڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژانە بکرێ کە کەوتۆتە ئەستۆیان.

لەسەرکردایەتی کردنی کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ناوبراودا کە ڕۆژی ٢١ی ئەم مانگە گیرا وتی پێویستی نیشتمانی داوا لەهەموومان دەکات کە پاڵ بە ڕەوڕەوەی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەوە بۆ پێشەوە بنێن و هەنگاوی چەسپاوو بەکەڵك بنرێ بۆ بەرزکردنەوەی توانای لەو دەزگایانەدا کار دەکەن بەجۆرێك مەبەستەکانی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش لەو بوارەدا وەدی بهێنرێ.

محمود ڕسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بهاءالدین احمد جێگری سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سیروان عبدالله سەرەکی لیژنەکەو ئەمینداری گشتی کاروباری ناوخۆو شیخ محمد قرەداخی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی قسەیان کرد.

● **پێنج هەزار خێزان موچەی سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی وەردەگرن**

ژمارەی ئەو خێزانانەی لە پارێزگای سلێمانیدا یاسای سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە گەیشتۆتە چوار هەزارو ٧٧٣ خێزان کە موچەی مانگانەیان بۆ بڕاوەتەوە. کە هەزارو ١٣٣ یان لەناو سلێمانیدان و ٩٠٢ لە هەڵەبجەو ٦٤٥ لە قەلادزێ و ٦٠٢ لە چەمچەماڵ و ٦٠٠ لە چوارتاو ٣٥٤ لە دەربەندیخان و ١٨٨ لە کەلارو ١٨٢ لە دوکان و ١٤٣ لە ڕانیەو ١٢٤ لە پێنجوین.

● **بە جێهێنانی لە سەدا ٩٥ی نەخشەی کشتوکال.**

دامەزراوی کشتوکال لە پارێزگای سلێمانی لە سەدا ٩٥ی نەخشەی کشتوکالی وەرزی هاوینی بە جێهێناوە. نەخشە کە بریتی بوو لە ٤٨ هەزارو ٧٩٩ دونم بۆ هەموو بەرهەمیکی کشتوکالی هاوینە لەمە ٤٦ هەزارو ٥٦٠ دۆنم لە کەرتی سۆشیالستو تایبەت و ١٢ هەزارو ٦٢٢ دۆنم دابەشکراوە بۆ گوڵە بەرۆژەو دە هەزارو ٤٨٦ دۆنم بۆ سەوزەی هاوین و حەوت هەزارو ١٩٥ بۆ لۆکەو حەوت هەزارو ٥٤ دۆنم بۆ تەماتەو دوو هەزارو ٢٨٠ دۆنم بۆ شوتی و ٥٩٥ دۆنم بۆ تەماتەو دوو هەزارو ٢٢٧ بۆ برنج.

سێ هەواڵ لە پارێزگای سلێمانیەوە

● **ڕوونکردنەوەی دەسکەوتەکانی شورش**

لیژنەی لقی بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی بریاری لێبوردن لە پارێزگای سلیمانی دوو کۆڕی جەماوەری لە قەزای هەڵەبجە ساز کرد کە تیایدا بەڕێزان بکر

مەبەست لە هێرشەکەی زایۆنی بۆ سەر لوبنان

- سەرفراز -

لەودەمەوە کە سووپای ڕزگاری خوازی فەلەستینی دروست بوو ئەگەر بێتوو بەچاوی مەبەست بەواقیعی ڕووداوەکانی مێژووی گەلی فەلەستینداا بچینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هێرشی زایۆنی ئەم جارە بۆسەر سووپاو بنکەی فەلەستینی لە خاراووی ڕۆژئاوای لوبناندا بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بوو:

١ - ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی دوای ساڵی ١٩٦٧ چ لە ناوخۆی خۆیداو چ لە ڕووی سووپای یەوەو چ لە ڕووی سیاسی یەوە بوونە هێزێکی دەرکەوتوو مەترسی دارو ئەم بەهێزبوونەش واتە گەیشتنی جەنگاوەرانی فەلەستینی بە (١٥) هەزار چەکداری مەشق دادرا و ووکۆك و ئەو پایەیەی کە ڕێکخراوە سیاسی یەکەی لە نێوان دەوڵەتانی عەرەب و دەوڵەتانی جیهان و گەلانی ئازادیخوازی جیهاندا پەیدای کردبوو ئەو باوەڕەش کە هەموو فەلەستینی یەکی پەرەوازە کراوو ناو خاکی فەلەستینی زەوت کراو کە بەم ڕێکخراوە سیاسی یەو بەو سووپا ڕزگاری خوازە پەیدایان کردبوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی ڕەوای خۆیان.. وای لە زایۆنی کرد سڵ بکاتەوەو ڕێگەی ئەوە نەدا کە مەترسی لەوە زیاتر پەیدابکات بۆیان و دوایی ببنە هێزێك کە نەتوانن بەرەنگاریان بنەوە.

٢ - کەناری ڕۆژئاوای لوبنان بەهۆی ڕوباری لیتانی و ئەو ئاوە بایەخدارەوە کە هەیەتی کەلکێکی زۆر زۆری هەیە بۆ پرۆژە ئاوی یەکانی زایۆنی کە لە خاکی ڕەوت کراودا هەنی و زۆر دەمێکە وەك بەرزای یەکانی جۆلان مەبەستێتی داگیری بکات بەڵام لەبەر توانای سووپای مەزنی ڕزگاری خوازی فەلەستینی و یەکێتیان لەگەڵ گەلی لوبناندا بۆی نەدەکرا.

٣ - یەکەم بنکەی سووپای ڕزگاری خوازی فەلەستینی کە پاش ساڵی ١٩٦٧ پێکهات و سەربەست بوو جێگای هیوای هەموو فەلەستینی یەك بوو کەوتبۆ کەناری ڕۆژئاوای لوبنانەوە.

جا ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەین ئەبینین زایۆنی یەکان بەم هێرشەیان بۆ سەر خاکی لوبنان و سووپای ئازادیخوازی فەلەستینی چەکی تاقی نەکراوەی ئەمەریکا تاقی دەکاتەوەو دەشیەوێ سامی خۆی بەسەر دەوڵەتەکانی تری عەرەبدا بسەپێنێ و لێرەوە ڕێگە بۆ دەسەڵات و توانای ئیمپریالیزمی ئەمەریکی لەناوچەکەدا خۆش بکات.

کەواتە سووپای ئازادیخوازی فەلەستینی ئەو هێزە کەمە لاوازەو گەلی فەلەستینی پەرەوازەکراو ئەو گەلە دەربەدەرە نەزانەو.. ئەو هەستە نەتەوایەتی یەی جاران وەك خۆی و گیانی فیداکاری یەی کە جاران هەبوو ئەو هێزە سیاسی یە ئازادیخوازەی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و ئەو شوێنە بێ هێزەی کە جاران هەیانبو و وا نەمایەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندن و پتەوبوونی و وشیاربوونەوەو هەستکردن و بەهێزبووندا بوون و توانیان کە وەك

بروانە ل : ٧

ڕاپۆرت

لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا لە سلێمانی باسکردنی باری ئابوری لە بەر ڕوونانی سوودی جەماوەرەدا

لەکۆبونەوەیەکی لیژنەی ئابوری پارێزگای سلێمانیدا کە بەسەرەکایەتی بەڕێز جێگری پارێزگاری سلێمانی، کراو تیایدا بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی بارودۆخی ناو بازاڕو چۆنیەتی کەوتنە ڕووی شتومەك و بەرهەمی خواردەمەنی و نەوت و بابەتەکانی تر.

کۆبونەوەکە گرنگی یەکی تایبەتی هەبوو کە تیایدا چەند بڕیارێکی تیا هاتە کایەوە لەوانە گەیاندنی ئەو شتومەکانە بەجەماوەرانی قەزاو ناحیەکان لەگەڵ دانانی لیژنەیەك بۆ چاودێری کردن و چەسپاندنی یاساو بەندەکانی یاسای وەزارەتی بازرگانی ئەمەش سەرباری لیژنەیەکی تر بۆ چاودێری کردنی چۆنیەتی چەسپاندنی بڕیارەکانی لیژنەی ئابوری پارێزگا... شایانی باسە ئەمانەو چەند بڕیارێکی تر لەکۆبونەوەکەدا هاتنە کایەوە بەڵام یەکێك لەو بڕیارانەی کە بەبێ هاریکاری جەماوەران ناتوانێ دەورێکی سەرەکی ئەوتۆ بینێت ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەفرۆشیارەکان بەتایبەتی فرۆشیاری وەك جگەرەو نەوت و غاز... هتد فێربوون شتومەکەکانیان دەشارنەوەو بەنرخێکی گرانتر بەخەڵکی دەفرۆشن بێگومان هەر وەك لەکۆبونەوەکەشدا باس کرا ئەمەش یاساو سزادانی خۆی هەیە بەمەرجێ کریار یەتەنکی مەسەلەکەوە بێت ئەویش بەئاگاداری لێپرساوان یان بەتەلەفۆن یان بەئامادەبوونی خۆیان... لەڕاستیدا زوربەمان بەچاوێکی خراپەوە دەڕوانینەئەم گۆشەیە وەك بڵێی ئەمە ئیشی ئێمە نیەو ئاگرەسورە لەخۆم دورە بەڵام ڕاستر ئەوەیە کە ئەمە ئاگرەسورە نیە بەڵکو ئاگرەسورە ئەوەیە کە بەڵێن ئاژاوەی ئابوری لەولاتەکەماندا ڕەگ دابکوتێ بێگومانیشین کە ئەم بوارەش سەرەتایە بۆ ڕەگ داکوتانی دباردەی ناوبراو لەبەر ئەوە دەبێ دڵسۆزانە بەڕوویدا بوەستین و نەیەڵین تەشەنەبکات.

فریا
نوسینگەری سلێمانی

کۆبوونەوەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیارەکانی لیژنە

بەڕێز بهاءالدین احمد جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و سیروان عبدالله ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان.. سەرەکی لیژنەی ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی مەودای بڕیارەکانی ئەو بەخشینەی -پێ سپێردراوە کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری کردن لە پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەو بەڕێز جعفر عبدالکریم پارێزگاری سلێمانی باسی گورج و گۆڵی و ئەو ئیش و کارانەی لیژنەی ناوبراوی کرد.

بەڕێزان بهاءالدین احمدو سیروان عبدالله بەئامادەبوونی هاوڕێ ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی سلێمانی ئاگاداری پێویستی پارێزگاکە بوون لەشێوەی خزمەتگوزاری و ڕۆشتنی ڕاپەڕاندنی پرۆژە بەرەسەندنەکانی پارێزگاکە کۆلینەوە.

لە بەر ڕوونانی ڕووداوەکاندا

یەکێك لە موسیبەتە گەورەکانی ڕژێمی قین لە دڵو کۆنە ویستی ئاخوندەکانی ئێران، ئەوەیە، هەروەك پەندە پێشینانەکە دەڵێت «بە هیچ ناوێ تەڕ نابن». ئەو ڕژێمەو هیزە شەڕ خوازە درندەکانی هەرکە لە ٤ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠وە دەستدرێژیان کردە سەر عیراقی ئازیزمان سەرئەنجامی دەستدرێژیەکەیان لوتی خۆیان و هیزەکانیانی تیا شکاو ئەوەبۆ دوو ساڵی ڕەبەقیش دەچێت حاڵیان هەر شڕەو زیاتر شڕ دەبێت، کەچی کە دەکەونە قسە، بە خەیاڵ، بەدرۆ، بە ساختەچیەتی دەیانەوێت خۆیان بە سەرکەوتو پیشان بدەن نەك هەر ئەوە، بەڵکو خۆشیان گیف دەکەنەوەو هەرەشەو گوڕەشەی لەخۆیان زلتر دەکەن، با توخوا بڵێین لەبەردەم خەڵکی دەرەوەی ئێراندا هەندێ جار درۆو دەڵەسەی بەهیزیان بە تایبەتی لای ئەوانەی حەقیقەتی وەزعەکە نازانن تا ڕادەیەك سەردەگرێ، بەڵام ئەی لەبەردەم گەلانی ئێرانی موبتەلا بەو تاقمە ناپەسەندو بێرەوشتو جەردانەدا دەڵێن چیو حەقیقەت چۆن دەشارنەوە؟ بێگومان مەسەلەکە دیارو ئاشکرا، بە ئاگرو ئاسنو کوشتنو بڕین، ئەم دواییەدا، هیزە بەرهەڵستکارەکانی ئێران ڕایانگەیاند کە هەر لەسەر نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەردەوامی شەڕی نێوان عیراق و ئێران و بەردەوامی ئەم شەڕە لەبەر قین لەدڵی حوکمڕاکانی ئێران و ئامادە نەبوونی خەڵك بۆ شەڕ بەسەدان کەسی ئێرانی ئیعدام کراون.

بەڵام ئایا ئەم بارەی حوکم ڕاکانی ئێران تاکەی بۆیان دەچێتە سەر، خۆ ڕۆژ نیە هیزە بەرهەڵستکارەکان بەتایبەتی لەناوچەی کوردستان و ئازربایجان دەیان جار دەستی توند لە پاسدارانی خومەینی و بنکەو دام و دەزگاکانی ڕژێم نەوەشێنن کوشتن و بڕین و ڕاونان، نەبتوانیوە حەقیقەت لەگەلانی ئێران بشارێتەوە، هەروەك نەبتوانیوە لەڕاست بین و چاو کراوەکانی دنیای بشارێتەوە، ڕووی ڕۆژ بە بێژنگی درۆژنانەو شەقو شڕی ئاخوندە کۆنە ویستە خوێن مژەکان ناشاردرێتەوەو ڕۆژی نوقم بوونیان لە تاوان و جەردەیی و پیاو خراپی و دوژمنایەتی کاریان نزیکە.

● نەبەز ●

دووەم دیداری چیرۆکی کوردی یەکگرتنی قەڵەمە خێرخوازەکانی عیراقە لە پێناوی بیناکاری عیراقی پێشکەوتوودا

لە ١٧وە بۆ ١٩ی ئەمەانگە لەشاری هەولێری مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان دووەم دیداری چیرۆکی کوردی لەلایەن ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوانەوە ساز کرا ، لەیەکەم کۆبوونەوەی دیدارەکە بەڕێز مامۆستا بکر محمود رسول وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیو مامۆستا جمال حاجی شریف سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەراندنو مامۆستا احسان هیبتاللە جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانو ژمارەیەك لەبەڕێزان ئەمیندارە گشتیەکان ئامادە بوون .

دیدارەکە بەوتاری بەڕێز مامۆستا محمد امین محمد احمد ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوان دەستی پێکرد کە ئەوەی دووپات کردەوە، لەسایەی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی ١٧ ـ ٢٠ تەموزی پیرۆزو بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو بەڕابەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین ڕۆشنبیری گەلی کوردمان بەردەوام لە گەشەو بەرەودایەو ئەم دیدارە هەنگاوێکە لەو هەنگاوانەی بەم مەبەستە دەنرێت . دوای ئەوە وتاری لیژنەی سەرپەرشتکاری دیدارەکە لەلایەن بەڕێز محمد محی‌الدین جێگری ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیریو لاوانەوە خوێندرایەوەو ئینجا وتاری یەکێتی نووسەرانی کورد لەلایەن مامۆستا محمدی مەلا کریمەوە .

دیدارەکە کە سێ ڕۆژی خایاند لەژێر دروشمی

(دووەم دیداری چیرۆکی کوردی یەکگرتنی قەڵەمە خێرخوازەکانی عیراقە لەپێناوی بیناکاری عیراقی پێشکەوتودا) و لەسەر شانۆو هولەکەدا ئەم دروشمانە دەدرەوشانەوە (هەموو خۆشەویستێك بۆ سەرەکی فەرماندەو سوپای نازا . قەڵەمو تفەنگ یەك ڕێباز . لەسایەی شۆڕشو سەرەکی پێکوشەر صدام حسین ڕۆشنبیری کورد پێش دەکەوێت . لەسایەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزدا ئەدەبی کوردی پێشکەوتووە) لەژێر ئەم دروشمانەدا چیرۆك نووسان (محمد فریق حسن ، رەزا سەیدگول ، جلال محمود علی، عبداللە سەراج ، مصطفی صالح **کەریم** ، رشید فندی ، عبداللە عزیز خالد ، محمد صالح سعید ، رشید فندی، صلاح شوان ، سەلام منمی)و رەخنەگرو لێکۆڵەرەوەکان (فؤاد مجید میسری ، رؤوف حسن ، ناصر یوسف ، محمد سعید حسن ، حسین عارف، دوکتۆر نافع ئاکرەیی ، رؤوف عثمان ، حسن جاف، ئکرم قەرەداغی) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەرهەمی خۆیان پێشکەش کردو ئەوەی شایانی باسە یەکەم ڕۆژی دیدارەکە چیرۆك نووسی ناسراو محمد مولود « مەم » ناقی کردنەوەی ژیانی چیرۆك نووسی خۆی پێشکەش کرد . لەدوا ڕۆژی دیدارەکەدا بەیاننامەی کۆتایی دیدار خوێندرایەوەو ڕێز لەژمارەیەك لە چیرۆك نووسەکان گیراو دیاریان بەسەردا بەخشرایەوە . دیسان لەکۆتایی دیدارەکەدا بروسکەیەك ئاراستەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین کرا (دەقی بروسکەکە لەلایەکی تری ئەم لاپەڕەیەدایە) .

> لە بروسکەیەکدا بو سەرۆکی فەرماندە صدام حسین
>
> **گەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد بە لێنی بەوەفایی بو سەرکردایەتی حزب و شۆڕش دووپات دەکەنەوە**

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابوردو کاروباری دووەم دیداری چیرۆکی کوردی کە ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیریو لاوانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان سازی کردبوو کۆتایی هات .

بەشدارەکان لە دیدارەکەدا بروسکەیەکیان ئاراستەی سەرەکی فەرماندەصدام حسین کرد ئەمەدەقەکەیەتی :

ئەدیبو ڕۆشنبیرانی کورد هەمیشەو بەردەوام بە باوەڕو توانایەکەوە کە لەبن نایەت بەرگری کار دەبن لە خواستو ئاواتەکانی جەماوەرو هەموو وزەو توانایان لەخزمەتی کاروباری گەلەکەیاندا بەکوردو عەرەبو کەمایەتیە براکانیەوە بەخت دەکەنو قەڵەمەکانیان تەرخانە بۆ بەرگری کردن لەو دەستکەوتانەی کە شۆڕش بۆی زامن کردوون لەپێشیانەوە یاسای ئۆتۆنۆمی کە بۆ ئەوە هات بمێنێتەوەو لەسایەیدا گەلی کورد لەچوارچێوەی عیراقدا بەهەموو مافی ڕەوای نەتەوەیی شادبێ .

بڕوانە ل : ٧

شیعری : س٠ع

ووتیان : هات‌و ئەرکەکەی بەجێهێنا
گیانی خۆی بەخت‌کرد
بە ئلیلی‌یەوە ، پێشوازیم لێ‌کرد

ووتم :
داخەکەم ، تا سەر ئەمایەوە

ووتیان : هاتەوە
ئالای شەکاوەی لێ پێچراوە
ئەستێرەکانی باوەشیان
لە مانگەکان کردوە

ووتیان : هاتەوە
مانمان بە ڕووناکیو سەربەرزی .
بە پیرۆزبایی دراوسێیان ٠٠ درەوشایەوە
جا چۆن شانازی نەکەین
چۆن سەرمان بەرز نەبێ .

براکەم :
بە خوێنی ئالی
هەتاوی هەموو ڕۆژەکانی زەرکەفت کردوە ٠٠
بەدڵە پاکەکەی لەبەر ئەکەم ونەئێم :
ــ ئەمەوێ جلی سوپا لەبەرکەمو
بچمە لای براکەم ٠٠ !

کورتە چیرۆك

ناسۆر

● **کمال رؤوف محمد**

لە دەنگی لێدانی دەرگای ژوورەکە ، بە لەشێکی گرانەوە لەخەو ڕاپەڕیی . بەپەلە چاوانی هەڵگلۆفت ، ئەمجاسەیری سەعاتەکەی سەر مەچەکی کرد : حەوتی سەر لەبەیانی نیشان دەدا . لەدەروونی خۆیدا گوتی : «قسەی هیچ ! » . بەگومانەوە لایەکی دەرگاکەی کردەوەو دەمو چاوی شاگرد ئوتێلەکەی لێ هاتە پێشەوە کەلێی پرسیی :

● **کاك سمایيل تۆیت ؟**

ــ بەڵێ منم .

● **دوو ژن لە ساڵوندا چاومێت دەکەن !**

بەپەلە بیری خۆی نێك وەرەداو ئەمجا بەپەرۆشەوە گوتی :

ــ **ئاه نوخۆوا پێیان بڵێ هەر ئێستاکە٠٠ هەر ئێستاکە خۆم دەگۆڕمو دێم .**

داخستنی دەرگاکەشی بۆ شاگردەکە هێشتەوەو بەپەلە چووە بەردەم سیستەمەکەو پێجامەکەی داکەندو فڕێی دەدان٠لە دەروونیشدا بەسۆزێکەوە دەیگوت : « کەواتە دڵ ئاوینەی دڵە ؟ » .

بەتوێی فانیلەی قۆڵکورتو دەرپێی سپیی‌یەوە بەهەڵەداوان خۆی بەژووری تووالێتدا کرد . لەبەردەم ئاوێنەکەدا شێوەی خۆی سەرنجی ڕاکێشا . دەستی بەڕیشیدا هێنا کە کەمێ هاتبوو ، چەند سەرە دەرزی‌یەکی سپیشی لێ دەرپەڕیبوو . لە دەروونی خۆیدا گوتی : «ئەوسا ؟ ئیێ‌ـپەی٠٠ تافی جووانیم بوو ! » .

بە باریشی دا کە فریای ڕیش تراشین ناکەوێ . گورج ئاوی بەلووعەکەی بەردایەوەو بەبێ سابوون چەند مشت ئاوی بە سەروچاوی خۆیدا کرد . پەلاماری خاولی‌یە هەڵواسراوەکەی داو دەمو چاوی سڕیو لە دەروونیشدا بۆ شێوەی ئافرەتێ دەگەڕا . خاولی‌یەکەی دا بەشانیداو بەخێرایی‌و نارێکی کەوتە قژداهێنان . لەپڕ لە شانەکردن ڕاوەستاو لەبەر خۆیەوە بەوێنەی خۆی گوت : « ئەوسا تاڵێ مووی سپیت بەسەرەوە نەبوو ، لەئێستاکێ جووانتر بووی!» . چاوێکی لێك ناو بەهەناسە هەڵکێشانەوە لەبەر خۆیەوە زیاتری گوت : «ئەی تۆ ؟ ئاخۆ ئێستا چۆنی‌بی ؟ تۆش ، وەکو من وایتە ؟ » . بەدەم خەندەوە لای کردەوە کەبێتەوە ناو ژوورەکە ، بەڵام خوڕەی ئاوی بەلووعەکە هوشیاری کردەوەو گەڕاندی‌یەوە ، توند گرتی‌یەوە ، کەچی دڵۆپی هەر لێ دەتکاو ئەوەش سەرنجێکی ڕاکێشا . خۆی پێوە خەریك نەکردو هاتەوە ژوورەکەو یەکسەر دەستی بۆ گۆزەوەی پێڵاوەکانی برد ، قەیتانێکی تاکێ پێڵاوی پچڕا . تووڕەبوو ، بڕیاری دا هەر سۆلەکانی لەپێ بکات . چووە بەر کەنتۆرەکەو کراسێکی قۆڵکورتی میلدارو پانتۆلێکی بۆری لە بەر کرد . چاوێلکەکەکەشی لەسەر ڕەفەی ناو کەنتۆرەکە هەڵگرتو کردی‌یە چاوانی‌یەوە . قسەیە بە دەروونیدا هات : « ئەوسا چاووم کز نەبوو ، بەڵام چاووم لەچاوی ئەو جووانتر نەبوو ! » . خۆی گورج کردەوەو هاتە دەرەوە بەبێ ئەوەی دەرگاکەی کلیل بدا ٠٠ لە ڕاڕەوی ئوتێلەکەدا شاگردێکی تووش بوو ، بەدەم ڕۆییشتنەوە پێی گوت :

ــ **سێ چامان بۆ بێنە ساڵۆن !**

● × ●

لەبەر پەنجەرە گەورەکانی ساڵۆنەکەدا کە پەردە گوڵینەکانی لادرابوونو بەری پرشنگی زێڕینی هەتاویان بەردابوو ، دوو عابا بەسەر دانیشتبوون . بەهەموو هێزی‌یەوە لە دوورەوە چاوی بە ڕوخساریاند دەگێڕاو لەدەروونیشدا دەیگوت : «ئەمیانە ! ئەویانە ؟ ئا ٠٠ ئەویان خۆیەتی ، چاوە گەورەکانی هەر دەبریسکێنەوە ، بەڵام کەی یەکجار وابوو ؟ »

چاو گەورەکەیان کە سیمای زەردو ژاکاو بوو ، لەبەری هەڵستایە سەرپێو ئەویش بە ڕووخۆشی‌یەوە دەستی بۆ درێژ کرد :

ــ **چراخان ! ڕۆژباش . یاحووا بەخێربێی . شوکر باشی .**

ڕوویشی کردە ئافرەتی دووەم :

ــ **بەخێربێی خوشکن !**

چراخانیش بەبزەو نووارینێکی ئارامەوە تەماشای کردو لەگەڵ وەڵامدانەوەدا دووەمی ئاشنا کرد :

● **ئەمیش دشمە !**

ــ بەخێربێ سەرچاو .

ڕووی کردەوە چراخان :

ــ **ئێی چراخان ، ئەحووالت چۆنە ؟**

● سەلامەت بیت . ئێوە چۆنن . دایکت چۆنە ؟

ــ **شوکر باشین ، دایکیشم ٠٠ ئیتر ، وەکو جاران ئەماوەو تووشی ئەخۆشیی زەعف بووە ، پیر بووە !**

لەگەڵ قسەدا چاوی بڕیی‌بووە چاوی‌و چراخانیش لێوی ووشك بوو ، قسەی پێ ئەدەکرا . سمایيل دەیویست بەهەر جۆرێ بێ دانیشتنەکە سارد ئەبێ . پرسیی :

بڕوانە ل : ٧

گفتوگویەك دەربارەی چیرۆکی کوردی

پ١ : حەز دەکەین سەلامەنمی چیرۆکنووس بە خوێنەران بناسێنن !

و١ : ئەم پرسیارە هەر چەند بە ڕواڵەت ئاسانو بێ گرێو گۆڵە ٠٠٠ ئەگەر پرسیار لێ‌کراو وەڵامی نەداتەوە ... لە وانەیە بە فایلی فەرمانگە با خود پێناسە ئەو وەڵامە ئاسایی‌یە بدەنەوە ...

بەڵام ئەگەر لەو شێوە ئاسایی‌یە دەرچین ... بەتایبەت بە نیسبەت ژیانی منەوە ... وەڵامی زۆر گرانە ... لەبەر ئەوەی من ژیانێکی جەنجاڵم بەسەر بردووە ... باوکم لە چەند گوندێك ژیاوەو من لە گوندی ـ بارۆیی ـ لە دایك بووم ... ئەم گونده خنجیلەیەش دەکەوێتە نێوان قەرەداخو بازیانەوە ... لای سەرووی دارستانەو لای خوارووی‌ی دەشتەو جێگەی کشتوکاڵە... جگە لەوەیش هەتا تەمەنم گەیشتە (١٢ ـ ١٣) سال ... ئێمە کۆچەری بووین‌و بە زستان لە خانوودا بووین‌و لە کاتی بەهارو هاوین‌و پایزدا لە دەوارو ئەپردا دەژیاین . منیش لە لایەك وەکو ئەوان بە گوێرەی توانای خۆم حەریکی فەلاحەتو کشتوکاڵو خێڵەو خوارو خێڵەو ژوور بووم ...

ئەم وشانەهەروا ئاسان بین ... با بۆ نموونە لە کشتوکاڵدا باسی تووتن بکەین ... کە بە نیسبەت منەوە بریتی بو لە (شەتڵ لێدان پاچە کۆڵە ... وەچ کردن ... سەرخەس ... شریت‌لێدان ... ئاودان ... دارك بژێری ...) خۆباسی ئەرکی خێڵەو خوارو خێڵەو ژوور هەر ئاکرێ٠٠ . پاشان ئەو هەموو ماندووبوونەش سمێڵ چەپو ئەکەر بە وردی لە هەندێ چیرۆکی کوردی ئیمرۆ وردبینەوە بۆمان‌و ڕوون دەبێتەوە ٠٠٠ چیرۆکی کوردی بە گوێرەی بارودۆخی ڕەخساو ... ئەرکی خزمەتگوزاری لە ئەستۆ گرتووەو لەڕێی کەشەسەندنو پتەوکردنی لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکاندا هەنگاوی ناوەو ڕاستگۆیانە وێنەی پاشەڕۆژێکی پرشنگداری ئیشاوە ... ئەتوانین بێ‌ی بڵێین ئەدەبێکی شموولیو مرۆڤایەتی ... تا ڕادەیەکی باش خزمەتی کۆمەڵ دەکات‌ر بەروبوومی ڕەنجی سەر شانی تێکۆشەران‌و ڕەنجدەرانەو دژی ئیمپریالیزمی چاوچنۆك ودستاوە ... ئەودیش لە بەرگێکی قەشەنگ‌و سیمای خۆمالێتی‌دا ...

بڕوانە ل : ٦

پرسیاری دووەم : ئەگەر چیرۆك نەرکێکی کۆمەڵایەتی لە سەر شان بێ ... بە ڕای ئێوە ... ئەو ئەرکە تا چ ڕادەیەك لە چیرۆکی کوردی‌دا ڕەچاو دەکرێ ... ؟

دەنگی جانی

شاکر خدر مادو
نینوی / شیخان

هەمو دەنگا باکەن‌من
بەس نە دەنگێ نەبت جانێ
جەنکو پەیمان ئەدا من
ڕێژانە من
نێ چەرگو دل
پەیمان کانێ
بەڵێ یا ئەو
عەقلو سوارێن بەژی کانێ
ریکا ژژیانێ تو بێرە من
دلێ من بو بەحراوانێ
خەمە ب زەمینە ژە دلێ من
دلێ من بو بەحراوانێ
خەمە ب زەمینە ژە دلێ من
من خلاسکە ژ فێ ژانێ
شین هاتبو نێرگزا من
بەلێ بۆچ ئەنیر بەردانێ
ڕۆژە ڕەشمە نە بێژە من
دەنگێ ئەخۆس فێ زمستانێ
نوروز هاتی ب خملینە من
من بینە دە ژ فێ ژیانێ
نوروز هاتی ب خملینە من
من بینە دە ژ فێ ژیانێ
تو ژ بیر نەکی گۆتنا من
تو ل گەل من بی بۆ ڕۆژانێ
مێزوە نە گە هشمە من
کیشامە دەر بۆ میدانێ
دەنگێ بلیلە وەك دەنگێ من
ڕەنگێ گولا ژە ڕەنگێ ریحانێ

گفتوگوی ئاسۆی زانستی

دوکتۆر «هیوا عمر احمد» و گفتوگۆیه تێکهڵ زانست و ڕۆشنبیری

نامادەکردنی
محمد صالح عبدالکریم

کاك هیوا پێشەکی بەبۆنەی گۆڕانی ژیانت لە قووتابییەوە بۆ - پزیشك - ، پیرۆزباییت لێ دەکەم • هیوادارم بتوانی ئەرکی نوێی سەرشانت بەوپەڕی سەرکەوتنەوە ڕابپەڕێنی ، بۆ خزمەتی گەل و نەتەوەکەت •

هەر بەم بۆنەیەوە، لاپەڕەی (زانست)ی ڕۆژنامەکەمان بەپێویستی زانی بەدیدارتان بگاو وەلامی چەند پرسیارێك بەخوێنەران بگەیەنێت •

پ١ - وەك ئاشکرایە ، بە بەردەوامی بەرهەمی ئەدەبی گەلانمان لە ئینگلیزی - یەوە بۆ وەردەگێڕی • وەکو وەرگێڕێ چۆن وە چ کارێکی ئەدەبی وەردەگێڕی ؟

و - حەزم لە بەرهەمێکە، نامۆییم بشکێنێ ، هێندە کاریگەربێ درەنگ نەبیر بچێتەوە ، پاڵەوانەکانی ساکارو نوسەرەکەی ڕاست - گۆیێ • حەز بە شێوازی کۆمیدیو ڕەخنەی گالتەجاڕی (النقد اللاذع)و بەرهەمی ڕۆمانسی فەرەنسی دەکەم • کاتی وەرگێڕان لەجیاتی ماندووبوون هەست بە حەوانەوە دەکەم ، ئەم حەوانەوەیەش، لەم بەرهەمانەی خوارەوەدا ئاشکراتر بوون (خانچی - ی بۆشکین ، کەرپەسەو کیژۆلەی حەوالووی چیکۆف ، نانسیو تونێلو ڕمووزنەی مەکسیم گۆرکی، گەشتو بێوەژنی مۆپاسان، دلکێکی نهێنی درکێی ئیدگار ئالان پۆ ، شانۆگەری بەزۆکراو بەدکتۆری مۆلێر)•

شێوازی هەڵبژاردنم هەیە لەخوێندنەوەدا هەروەها شێوازی پەسەند کردنم هەیە لە وەرگێڕاندا • شتێ وەردەگێڕم کەوام لێ بکات لەجارێ زیاتری بخوێنمەوە ، دلسنیابم ئەوە دەمێنێ بەرچڤە بکرێ ، هەست بکەم پێی ئاشنام •

● هەوڵت نەداوە شتێکی زانستی یان پزیشکیمان بۆ

— بەڵێ ، لەم دوایی یەدا، کتێبێکی زانستیم وەرگێڕاو وابزیارە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی چاپکردنی بگرێتە ئەستۆ کتێبەکە بەناوی (دەروونزانی - سایکولۆجی)یەو زیاتر پشتی بەدەروو نزانە تاقیکارەکان (علماء النفس التجریبین) بەستووە وەك (بافلۆڤ و سکینەر) •

● وەکو ئەدیبێك و پزیشکێك کارو ئەرکی ئەم دوو کەسە چ پەیوەندی یەکیان تیا دەبینی؟

— لەئەرکەو کاردا زۆر لەیەك دەچن • هەردووکیان سۆراخی دەردو ژان و ئازارەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ دەکەن و هەوڵی ناسینەوەو چارەکردنی دەدەن • ئەدیب بەهۆی فەلسەفەکەی و ڕۆشنبیری و هێزی تێبینی - کردنەوە دەیان یاندۆزێتەوە• لەڕێی تێنوارینی بۆ ژیان و باکگراوندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و تاکە کەسی یەوە چارەیان بۆ دەست نیشان دەکات •

پزیشکیش بەهۆی هێزی تێبینی کردن و باکگراوندی زانستی و پێش کەوتنی تەکنۆلوجی یاوە ، دەردەکە دەناسێتەوەو لەڕێی گفتوگۆو دەرمانسازی و نەشتەرگەری یان بەرهەمی تەکنۆلوژی یەوە چارەسەری دەکات •

- لێرەدا پرسیارێك خۆی ئاشکرا دەکات ، پزیشك کێیە ؟)

و- تێڕوانینی (نموونەیی - النموذجی) لە جیهاندا بەرەو پوکانەوە دەچێ ، بەڵام بەبیرو ڕای من دەبێ ئەم تێنواڕینە وەکو خۆی بەئێنێتەوە لە کاری پزیشکدا ، دەنا ناتوانێ ئەو ئەرکانە ڕاپەڕێنێ کە پێی سپێردراوە ، هەر لەم پێودانگەوە پزیشك بەو خاوەن پیشەیە دەزانم ، بەرژەوەندی نەخۆش و گشتی دەخاتە پێش بەرژەوەندی خۆیەوە بێ سڵەمینەوە ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی چ بەئاخاوتن ، نواندنیدا وودەرمان یا نەشتەرگەری یاخود لە یاریدەدانی خەڵکی بۆزانینی ڕاستو دروستی نەخۆشی و جۆری سەر هەڵدانی و چۆنیەتی خۆپاراستن و قەلاچۆکردنی هۆکانی دروست بوونی نەخۆشی •

- ئەی چۆن بەشێوەیەکی گشتی لە پەیوەندی زانستو ئەدەب دەگەیت ؟

و - زۆر پەیوەندی یان هەیە • بەڵام بەگشتی لە سێ لایەنەوە بێکەوە بەندن •

١ - زانست مرۆڤ پێش دەخاو مێشکی فراوان دەکاو پەرە بە تینواڕین و پلەی تێگەیشتنی بۆ ژیان و بوون و بوونەوەر دەدا • ئەمەش کاردانەوەی لەسەر ئەدیب دەبێ و کار لە چۆنیەتی بەرهەمە ئەدەبی یەکەی دەکات •

٢ - زانست ڕەخنەی ئەدەبی بەپێز دەکاو یاریدەی هەڵسەنگاندن و پەسەند کردنی کاری ئەدەبی دەدات •

٣ - زانست مادەیەکی خاوە بۆ چیرۆك و ڕۆمانی زانستی ، ئەمانەش جۆرە کارێکی ئەدەبین ، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستن بەڕاستی و بەڵگەنەویستی زانستی • ئەم جۆرەی ئەدەبیش لەهەندێ چیرۆکی (ئیدگار ئالان پۆ)ی چیرۆکنوسی ئەمەریکی و نوسەری ئینگلیزی شیلی) ژنی (شاعیری ناسراو - شیلی)دا دەبینرێ ، بەڵام سەرکاروانی ئەم ڕێچکەیە (جۆل ڤیرن)ی ڕۆمان نوسی فەرەنسی یە، کە دەیان ڕۆمانی زانستی نوسیوە •

لە ئەدەبی کوردیشدا ئێجگار کەمە یاخود دەگمەنە• من چیرۆکێکی کورتی زانستیم نووسیوە لەژێر ناوی (لەملەی بێستون)دا ، باسی ڕۆڤیسۆرێکی ڕووەك ناسی بەساڵاچوو دەکات ، لەکاریگەری مۆسیقا لەسەر گەشەو پێگەیشتنی ڕووەك دەکۆڵێتەوە • لە بناری چیایەکی سەرکەش و لە نامێزی سروشتدا ، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا خەریکی گەڵاڵەکردنی سەرەنجامی کارەکەیانن •

لە دنیای زانستیدا

چارەکردن بەدەرزی چینی

لەمێژەوە وولاتی پان و بەرینی چین بە مەڵبەندی شارستانی یەتو دانیشتووی زۆرو ، لانەی پێشکەوتن و ئاستی بەرزی پزیشکی ناوی دەرکردووەو ناسراوە• مرۆڤی چین (دەرزی) وەکو نامێرێکی پزیشکی لە هەزاران ساڵەوە بۆ چارەکردنی نەخۆشی بەکار هێناوە لەکاتێکدا وولاتەکانی ئەوروپا بیست ساڵێك دەبێت کەپەیان بەم شێوە چارەکردنە بردووە

چارەکردن بەدەرزی لەسەر بنچینەیەکی زانیاری و لەئەنجامی تاقی کردنەوەیەکی زۆری مرۆڤی چین دامەزراوە بۆیە لەگۆشەی دیاری کراوو هەڵو مەرجی تایبەتی خۆیەوە بۆ چارەکردنی نەخۆشی یەکانی مرۆڤ دەچێ • کوتان بەدەرزی وەکو دیاردەیەکی شارستانی یەتی بەسەرتاپاگەری بۆ چارەکردنی نەخۆشی یەکانی مرۆڤ دەچێ • ئەم شێوەیە وا بۆ چارەکردنی نەخۆشی یەکانی مرۆڤ دەچی کە تێکڕا نەخۆشی یەکانی مرۆڤ لە لەش و مێشك و دەروون پێکهاتووەو مەریکێ لەمانە لەوی تر جیا ناکرێتەوە • لە وولاتی چینداا ئەم چارەکردنە بەدەرزی زۆر بڵاوبۆتەوە وە چاری تێکڕا نەخۆشی یەکانی مرۆڤی پێ کراوەو لە عەملیاتی زۆر گەورەدا بەکار هێزاوە بەم چەشنە ئەم چارەکردنە سنووری چینی بڕی و جیهانی پزیشکی ی ڕۆژئاوا پیا ناو ئەمڕۆ لەزۆر ڕۆژئاوا گرنەوەو ئەمڕۆ لەزۆر دانشگاکاندا بەشی پزیشکی کردۆتەوە کە عەزارەها قوتابیان دەرسی تیا دەخوێنن و لەسەر ئەم شێوە چارەکردنە خۆیان دەهێنن و مەشق دەکەن •• هەروەها کە پەیتا پەیتا نوێنەران چی بەناوی ڕێکخراوە میللی یەکانیانەوە یا بەناوی حکومەتەکانیانەوە بۆ بینینی ئەم وولاتەو کەڵك وەرگرتن لە سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی ، هاتنە چین و چاوبان بەشارستانی - یەتو پێشکەوتنەکانی لەهەمو مەیدانێکدا رشتو هەمو دەستەیەك بەتایبەتی نوێنەرانی پزیشکی بەهاتنیان وێنەی چارەکردن بەدەرزی یان عەملیات کردنیان بەدەرزی پیشان داوەو بۆتە جێگای سەرسوڕمان و ڕەزامەندیان ، بۆ وێنە ریتشارد نیکسۆن سەرەکی پێشوی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کاتی زیارەت کردنیدا بۆ چین بەڕێوەبەران و زانایان ئەم شێوە چارەکردنەیان بۆ نەخۆشی پیشاندا وە لەبەر دەمیا عەمەلیاتێکی گەورەی نەخۆشێکیان بۆ کرد ، بێ ئەوەی هیچ نامێرێکی تازەی پزیشکی تیایا بەکار بهێنن، بەڕەتگێ کە نەخۆشەکە هیچ هەستی بەئێش و ئازار نەدەکرد تەنانەت بەئاسایی یشی قسەی لەگەڵ پزیشکەکاندا دەکرد •

بەم چەشنە ئەم شێوە چارەکردنە لە ئەوروپادا بەزۆری بڵاوبۆوە تەنانەت ئەمڕۆ لە بەریتانیادا (٣)سێ کۆلێجی تبایە کە قوتابی یەکانی دەرسی (دەرزی کوتانی) تیا دەخوێنن و فێر دەبن ، هەروەها لە لەندەن زۆر لە خەستەخانەکان ئەم شێوە چارەکردنە بەرامبەر نەخۆشەکانیان بەکاردەهێنن کە کەمتر ئێش و ئازار یا هەر ئێش و ئازار بە نەخۆشەکەش ناگەیەنێ•• چارەکردنی نەخۆشی بەدەرزی بۆ ئەو بیرو ڕایە دەگەڕێتەوە کە لەشی مرۆڤ دابەش بووە بەچەند جمگەیەکی مەستدارەوە کە ئەم جمگانە دەبنە هۆی سەرچاوەی پەیدابوونی ئازارو یا تێکچوونی دارو باری لەش کە بەچارەکردنی ئەم جمگانە بەدەرزی لەلایەن پزیشکی پسپۆڕی تایبەتی یەوە ئازار لادەچێ و لەش و داروباری مرۆڤ دێتەوە سەر دۆخی جارانی دوکتۆرە بارباره باریمون دوکتۆری پسپۆڕی ئەم چارەکردنە لە خەستەخانەی لەندەن لەم بابەتەوە دەدوێ و دەڵێت : شێوەی چارەکردن بەدەرزی چینی هیچ جێگای سەرسوڕمان نی یە بەڵکو ئاسایی یە دوکتۆر تەنها ئەرکی ئەوەی لەسەرە نەخۆشی یەکە دیاری بکا تا بزانێت هۆیەکەی فسیۆلۆجی یە یا شتی تر • چارەکردن بەدەرزی پشت بەو ڕایە دەبەستێ • کە مرۆڤ سەرتاپا لە داروباریکی تەواو پێك هاتووەو بریتی نی یە لە بەشێکی نەخۆشی و بەس ، بۆیە لە پێناوی چارەکردنی نەخۆشەکەدا تەنها بۆ چارەکردنی ئەو بەشە نەخۆشە ناچێ و بەس، بەڵکو بۆ چارەکردنی سەرتاپای لەشی مرۆڤ دەچێ و لە لەشی و ژیان و دەروونی نەخۆشەکە دەکۆڵێتەوە • چونکە جاری وا هەیە کە نەخۆشیەکە لە ئەنجامی هۆیەکی دەروونی یەوە پەیدا دەبێ کە لەم حالەشدا دەرزی چینی کاری تایبەتی خۆی دەبینێ •

دوکتۆرە بارباره بەراوورد ێك لە نێوان چارەکردنی پزیشکی ئاسایی و چارەکردن بەدەرزی چینی دا دەکاو دەڵێت •• ئەگەر بەکێك تووشی سەربەشەیەك بوو یەکسەر دوکتۆری ئاسایی گولاجی ئەسپرینی بۆ دەنووسێ و دەیداتێ بەڵام لەلای دوکتۆری دەرزی چینی بارێکی تر وەردەگرێ •• دوکتۆری دەرزی لەریشەوە لە ئێش و ئازاری نەخۆشەکە دەکۆڵێتەوە ، جا ئەگەر پزیشکی ڕۆژئاوایی ڕواڵەتی نەخۆشەکە دەبینێ وە لەسەر ئەو ڕواڵەتە چارە دادەنێ ئەوا پزیشکی چینی بەناخی نەخۆشەکەدا دچیتە خوارەوە بەچارەکردنی • دوکتۆرە بارباره دەڵێت دەرزی چینی بۆ زۆر نەخۆشی بەکار نایەت لەبەریتانیادا دەرزی چینی بۆ ئافرەتی سکپڕ بەکار نایەت و ئەم چارەکردنە لای ئێمە باو نی یە بەڵام لەچین دەرزی چینی لەم مەیدانەداو لەزۆر وەختی تردا بەسەرکەوتوویی بەکار دەهێزێ بەتایبەتی لە منالبوونی ئەو منالانەی کە لەسکی دایکیاندا بەمەڵکەڕاوەیی لەدایك دەبن• هەرچەندە لەزۆر لەوولاتە

غفور میرزا کریم
نامادەی کردوە

بڕوانە ل : ٧

جگەرەکێشان و ترسی شێرپەنجە

« لە جگەرەکێشان بەدوور بە، دوور دەکەوێتەوە لەشێرپەنجە »لە سەرەتای مانگی «مارس»دا ڕاپۆرتی پازدەهەمی ئەمەریکا لەلایەن « سرگون جنرال»وە دەربارەی جگەرەکێشان دەرچوو •

دوور نی یە بپرسیت بۆچی ئەم ڕاپۆرتانە دەردەچن •

ڕاستێ کەشی بۆ ئەوەیە دوکتۆرو پسپۆرەکان بگەنە ئامانجێ دەربارەی جگەرەو بەرهەڵستی کردنی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنو ئاگاداری کردنەوەوە • ئاشکراشە ئاگاداری کردنەوەی ڕاستەقینە چاکترین شتە بۆ بەربەرەکانی جگەرەکێشان •

ڕاپۆرتی گەورەی (جراح)ەکان ڕاستترین بەڵگەیە ، بۆ ئەوەی کە لەماوەی «١٨» ساڵدا «٣٠» مەلیۆن جگەرەکێش وازیان لە جگەرە هێناوە لە ٩٥٪ی ئەو جگەرەکێشانە، بەتێگەیشتنو بڕوایەکی تەواوەوە وازیان لە جگەرە هێناوە •

لە ساڵی ١٩٥٥دا لە ٥٣٪ی پیاوان جگەرەکێش- بوونو لە ساڵی ١٩٨١دا بوونەتە لە ٣٧٪ •

هەروا جگەرەکێشی ئافرەت لە ساڵی ١٩٦٦داڵە ٣٣٪ بوونو لە ساڵی ١٩٨١دا بوونەتە لە ٢٩٪ •

لەبەر ئەوە جگەرەکێشەکانی ئەمەریکا لە ٩٠٪یان لەپێش مردنی ئاسایی خۆیاندا دەمرنو لە ١٠٪شی لەدووای «٥» ساڵ جگەرەکێشان دەمرن ، لە ڕێگای شێرپەنجەی سی یەوە •

ڕاپۆرتە دووایەکەی ئەمەریکا دەڵێ جگەرەکێشانو شێرپەنجەی (سی) بەیەکەوەنو لەیەك جیا نابنەوە ، تاکو جگەرەکێشان زۆر بێ ، شێرپەنجەی (سی) زیاتر دەبێ • تاکو جگەرەکێشان کەمبێتەوە شێرپەنجەی (سی) کەمتر دەبێتەوە •

لەساڵی ١٩٥٠دا ١٨٣١٣ کەس بەهۆی شێرپەنجەی سی یەوە مردوون ، دەبینین ساڵی ڕابوردوو گەیشتۆتە ١٠٠ر٠٠٠ هەزار کەسو ئەمساڵیش دەگاتە ١١١ر٠٠٠ هەزار کەس •

گرنگترین شت ئەوەیە لە ٨٥٪ جگەرەکێشنو لەوانە ٩٤٠٠٠ هەزار کەس بەهۆی جگەرەکێشانەوەو شێرپەنجەی سی یەوە دەمرن •

ڕاستترین بەڵگەش بۆ تووشبوونی شێرپەنجەی (سی) بە ڕێگای جگەرەوە ئەوەبوو ژنە ئەمەریکایەکان تووشی نەخۆشی شێرپەنجە دەبوون ، تەنانەت وای لێهاتبوو کە شێرپەنجەی (سی) جێی شێرپەنجەی مەمکی گرتبۆوە •

هەروا ڕاپۆرتە کە دەڵێ لە ساڵی ڕابوردوودا «٦٣٠» هەزار ملیۆن جگەرە کێشراوەو پارەکەی دەکاتە ٢-١٩ هەزار ملیۆن دۆلار ، تەنها زیانی پارە نی یە ، بەڵکو جگەرەکێشە نەخۆشەکان « ١٣ » ملیۆن دۆلاریان داوەتە پزیشکەکان بۆ تیمارو چارەسەر کردنیان، ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی ترەوە بەهۆی وەرگرتنی پشووی نەخۆشی یەوە ، نابووری ئەمەریکا زیانی « ٢٥ » هەزار ملیۆن دۆلاری لێ کەوتووە •

سەرەڕای هەموو شتێك، زیانی جگەرە ئێجگار زۆرەو پەیوەستی یەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە زوربەی نەخۆشەکانەوە ، بەتایبەتی قورقوراگەو چەندەها نەخۆشی تر •

دبسانەوە ڕاپۆرتەکە دەڵێ لەساڵی ١٩٨٢دا « ٤٣٠ر٠٠٠ » هەزار ئەمەریکی دەمرێ بەهۆی هەموو جۆرە نەخۆشی کانی شێرپەنجەوە بەتایبەتی ١٢٩ر٠٠٠ هەزار کەس بەجگەرە دەمرێ •

واتە خۆت بەدەستی خۆت بڕیاری خنکاندنی خۆت دەدەیت •

محمد عبدالرحمن زەنگنە
لە گۆڤاری «العربی»یەوە
کردویەتی بەکوردی

کەرەوز لە دەفتەری پزیشکیدا

نامادەکردنی :
محمد حسین هەڵەبجەیی

کەرەوز ••• ئەو ڕەووەکەیە نادەمیزاد لەکۆنەوە ئاشنایی لەگەڵدا هەیە هەموو کاتێ مێری نانخواردنی پێ دەڕازێنێتەوەو بەخواردنێکی پێویستی دادەنێ • جا سەرەڕای خواردنی ڕانیی چ دەرمانێکە بەکار هاتووە بۆ ئەندامەکانی لەشی ئادەمیزاد ؟ ••

لەکۆنەوە یونانیەکان بە (سەوزەی مانگ)یان ناوبردووە . بڕوایان وابووە کە سوودی بۆ خاوکردنەوەی کۆئەندامی دەمارو مێشکو دانیەشە هەیە . بەوەی گەلایەکی ووشکیان لە کەرەوز دەخستە سەر دانە بەشاوەکەو چاك دەبووەوە . هەروەها بڕوایەکی بەتینیان هەبووە بەوەی گەلایەکیان لەم ڕووەکە دەخستە سەر چەند موویەك لەسەری ئافرەتی سکپڕ . ئەگەر ئافرەتەکە بەناوی کوڕەوە قسەی بکردایە ئەوا کوڕی دەبوو• وە بەپێچەوانەوە بەناو کچەوە قسەی بکردایە کچی دەبوو •

کەرەوز خوێیەکی لێ دەردەهێنرێ ئەویش پێی دەوترێ (خوێی کەرەوز) کە دەتوانرێ لە بری خوێی ئاسایی بەکار بهێنرێ بۆ خواردەمەنی •

عەتارەکان لەکۆنەوە تۆوی ئەم ڕووەکەیان کۆدەکردەوەو دەیان فرۆشت بەو کەسانەی کە میزیان دەگیرا ئەویش بەکولاندنو خواردنەوەی • لەهەمان کاتا کەرەوزیان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی (هەڵامەتو هەناسەسواری) بەکار •• لە جومگەی (ئەژنۆو شانو مل)دا کۆ دەبێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نەخۆشیە دەتوانین کەرەوز بەکار بهێنین • ئەویش لەگەڵ برنجی کوتراودا دەخرێتە سەر ڕشوێنی ئازارەکەو دەپێچرێت ، پاشان شۆربای کەرەوزەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەدرێ بە نەخۆشەکە •

بەم شێوەیە کەرەوز وەك دەرمانێکی میللی سوودێکی گرنگی هەیە بۆ هەموو ئەندامەکانی لەش جگە لەوەی بەخواردەمەنیەکی بەسوود دادەنرێ •

زۆر لە کوردەواریدا دەرمانسازەکان بەکاربان هێناوەو سوودیان بۆ ئەم جۆرە نەخۆشیانە لێ وەرگرتووە • تا ئێستاش لەزۆر ناوچەی کوردەواریدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە بەکاری دێنن •

هەڵەی نیشتمانی لە هێشتنی نەخوێندەواری

دەستکەوتی شۆڕش و حزبە سەرکردەکەیەتی

ئەگەر سەبارەت بە هێرشی نیشتمانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری قسە بکرێ زەلام خۆی وا ئەبینێتەوە شوێن مێژوو سیاکەت و ئابووری بەرەو ڕوی زیاتر لە مەسەلەیەك کەوتووە.. لەبەر ئەوەشە کە هێرشەکە ئەنجامی کۆمەڵێ ڕەگەز هاتە پێشەوە کە ئەم ڕەگەزانە پەیوەندیان بە کۆمەڵێ خواستی جەماوەرەوە هەیە .

نەخوێندەواری .. بە هەموو بارێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو پاشماوە پیسە بێ کەڵکەیە کە سەز دەمەکانی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بۆلاوازکردنی جەماوەرو قاڵان-کردنی بەرهەموو سامانیان جێی ئەهێڵێ و ئەمەش لە هەموو ڕەفتارێکی ئیمپریالیزمدا باوە .

بەڵام خەبات لە پێناوی ڕزگاربووندا هات خۆی بەست بە داواکردنی لە خەڵکی بۆ فێربوون و لەم ڕێگەیەدا تێکۆشانێکی تەواو سەخت و بێ وچانی کردو ئەمەش لە بیستەکاندا لە سەردەمی ئەو حکوماتانەی یەك بە دوای یەکدا دەهاتن کەمێ بایەخی پێ دراو ئەم بایەخە کەمەش نە لەگەڵ پێویستی ولاتدا ئەگونجاو نە لەگەڵ خواستی جەماوەردا چونکە جاری وا هەبوو ئەم بابەخە کەمەشی لێی کەم نەکرایەوەو گوێی نەدەدرایەو بە پێی ئارەزووی کاربەدەستان بوو بەم جۆرە تا ساڵی ١٩٦٨ مایەوە .

شۆڕشی حەفدەی تەمووز حزبە سەرکردەکەی بە ڕاستی بۆ مەسەلەکە چوون بەتایبەتی ئەوەی لە کۆنگرەی شەشەمی ئەتەوەیی بە کە دەڵێ : بنیاتنانی سۆشیالیستی و دیموکراتیەت بەکارهێنان پێویستیمان بەوە هەیە نەخوێندەواری بە گشتی و بە پەلە قەلاچۆ بکرێ و هەموو دەسەڵات و حزب و ڕێکخراوەکانی بۆ ئامادە بکرێ بۆ ئەوەی ئەم کارە خێراو سەرکەوتوو بێتە دی .. لەبەر ئەوە قەلاچۆ-کردنی نەخوێندەواری لە جێی بایەخ پێدانی بەکەریدا داناو نایە ناو لیستەی کاری خێراوەو هەموو توانایەکی بۆ ئامادە کرا بۆ ئەوەی ڕاست و چاك دەستی پێ بکرێ .. بۆ ئەمە یاسای ژمارە (١٥٢) ساڵی ١٩٧١ دەرچوو کە بە پێی ئەو یاسایە دەستەی بەرزی قەلاچۆکردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری پێکهات و لەبەردەم جۆشی ئەو جەماوەرەی بەرەو مەلبەندەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دەچوون بە شێکردنەوە ئەوەی سەبارەت بە قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریدا .

لەبەر ئەوە کۆنگرەکە کە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٦دا لە کەشێکی زانیاری و جۆشی نیشتمانیدا بۆ هێنانە پێشەوەی گیروگرفتی نەخوێندەواری و پێشنیاری سەرکەوتوو بۆ قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بەسەتراو ئامۆژگاری بەکەڵك هێنرایە جەرگەی ڕاپەڕاندنەوەو یاسای ژمارە (٢٢)ی ئاباری ساڵی ١٩٧٨ بۆ هێرشی سەرجەمی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بە بۆنەی ڕۆژی زانیاریەوە کە بەشێك گورج و گۆڵی هەڵسا بەڵام بەهۆی هەندێ هۆی مەوزوعی و خودی یەوە کۆك نەبوو لەبەر ئەمە لە ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی ولاتدا دووپاتی ئەوە کرابەوە کە پێویستە لە ڕێی هێرشێکی نیشتمانی سەرجەمەوە کە هەموو تەفەللایەك بەشداری بۆ نەهێشتنی ئەم نەخۆشیەو بن بڕ کردنی بکات بن بڕ بکرێ . دوای ڕاپۆرتە سیاسیەکە تەفەلایەکی جیاوازی بۆ ڕێکەوتی یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨ کرد .. بەوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی گەلەکەماندا دەستی پێ کرد کە ئامانجی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری هاوولاتیان بوو لە تەمەنی (١٥ ساڵان تا ٤٥) ساڵان . بەم پێیە هێرشەکە لەو کاتەوە کە بۆی دانرابوو دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی قوتابخانە میللییەکان بگرێتەوە کە ماوەکەی (٢٢) مانگ بوو ئەم بیست و دوو مانگە حەوت مانگی بۆ پۆلی چوارەم و حەوت مانگی بۆ پۆلی پێنجەم و هەشت مانگی بۆ پۆلی شەشەم .

تا ئیستا پەنجا هەزار لەوانە پۆلی شەشەمیان بڕیوەو ئامادەن ئەگەر خۆیان حەز بکەن بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانەی ئاوەندی یەوەو بەرنامەی خوێندنەکەش بە پێی تێگەیشتنی سایکۆلۆژیانەی کەسانی گەورەو ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیان دانراوەو بابەخی زۆر بەو شتانە داوە کە پەیوەندی بە نەفسیەتی خوێنەرەوە هەیە.

لە لایەن پشکنکاری و پەیوەندی کردنەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون دەریان خستووە کە گۆڕانی چاك لە ناو خوێندەواراندا پەیدابووەو ئەم گۆڕانەش بووە هۆی ئەوەی کە بەرهەم ٢٢٪ لە لایەن کرێکارانەوە زیاد بکات .

دەزگای ڕاپەراندنی هێرشەکە پەیوەندی توندیشی لەگەڵ ئەو دەزگایانە هەیە کە کاریان قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و فێرکردنی خوێندەواری گەورەیە - چ عەرەب چ جیهانی و ٠٠ یەکسەر لەگەڵ دەزگای عەرەبیدا کە بارەگاکەی لە بەغدایە پەیوەندی ئەکات و بەشداری ئەو گورج و گۆڵیانەش ئەکات کە پەیوەندیان بە ڕێکخراوی پەروەردەو ڕۆشنبیری و زانیاری دەوڵەتانەوە (یونسکو) هەیە دەستپێشکەری خۆی بۆ هەندێك شت دەکات کە تایبەتە بە ولاتەکەمان .. بۆ نموونە ئەمساڵ بەشداری-کردنی بۆ پاڵاوتەکردنی یەکێتی گشتی تیقابەی کرێکاران بۆ یەکێ لە بەخششە دەوڵەتی یەکان کە ڕێکخراوی جیهانی دەیبەخشێ بە دەرکەوتووترین تاقی کراوەی سەرکەوتووی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورە .

لە سلێمانی :

یەکێتی ئافرەتان دەوری لەپەرە پێدانی باری کۆمەڵایەتی ئافرەتدا

ماوەیەك لەمووبەر سەرێکماندا لە یەکێتی ئافرەتان لقی سلەیمانی ، وەچاومان بە خوشکە [ئافتاو عبدالله بەرزنجی] کەوت کەلێ برسراوی بەشی ئامادەکردنی کۆمەڵایەتیە لە یەکێتی ئافرەتان لقی سلەیمانی ، جا بۆ ئەوەی زیاتر بۆمان ڕوون بێتەوە کە یەکێتی ئافرەتان چیە وەتاچ ڕادەیەك سەرکەوتوە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیا چەند پرسیارێکمان لەم بارەیەوە لێ کرد .

● مەبەست لە ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتان چیە ؟

- یەکێتی ئافرەتان ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیە کە هەموو ئافرەتێك بۆی هەیە ببێ بە ئەندام تیایا . وەناس نامەی ئەندامێتی پێ ئەبەخشرێ . وە ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە خزمەت کردنی ئافرەتە بە هەموو شێوەیەك .

● ئافرەت چ ڕۆڵێك ئەبینێ لە پێش خستنی کۆمەڵدا ؟

- بێ گومان ئافرەت ڕۆڵێکی گەورە ئەبینێ لە پێش خستنی کۆمەڵدا . هەموو ئەزانین کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ، ئافرەتی ئەمڕۆ وەك ئافرەتی جاران نیە لە ناو چوارچێوەی دیوارێکی ڕەق و تەفا دانیشێ ، بەڵکو ئافرەتی ئەمڕۆ چ لە کێڵگەدابێ وەیان کارگە شان بەشانی ڕای ساو ئیش ئەکات . ئافرەت ئەمڕۆ شان بەشانی پیاو ئەجەنگێ دژی فارسە ڕەگەزپەرستەکان لە جەنگی (قادسیەی صەدام) ئافرەت هەر هیچ نەکات خۆ ڕۆڵەیەکی ئازاو بە جەرگ پێش کەش بە گەل و ولات ئەکات .

● یەکێتی ئافرەتان تا چ ڕادەیەك سەرکەوتوە لە خزمەت کردنی ئافرەتا ؟

- تۆزێ لەمەوپێش باسمان کرد کە یەکێتی ئافرەتان بۆ خزمەت کردنی ئافرەت هاتۆتە کایەوە . جا لەم ڕووەوە یەکیەتیەکەمان هەوڵ ئەدات وەبە هەموو شێوەیەك تێ دەکۆشێ بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستە ، وەبۆ ئەمەش یەکێتی هەستاوە بە کردنەوەی چەندەها دایەنکە بۆ پەروەردەکردن و بەخێو-کردنی منداڵان . هەروەها کردنەوەی چەندەها دەورەی ڕاهێنان بۆ دایەنەکانی ئەم دایەنکانە . کە ئەمەش خزمەتێکی گەورەی ئەو دایکانە ئەکات کە فەرمانبەرن. هەروەها یەکێتی ئافرەتان لە سلەیمانی چەندەها دەورەی تری بۆ فێربونی خەیاتی و چنین و ئیشی دەست کردۆتەوە بۆ فێرکردنی ئافرەتان . هەروەها دەورەی تری کردۆتەوە بۆ قەلاچۆ-کردنی نەخوێندەواری . یەکێتی ئافرەتانی سلەیمانی ئەبینین لەم ڕووەوە کە بە هەموو جۆرێك تێ ئەکۆشێ لە پێناوی خزمەت کردنی ئافرەتا .

● ئەو جم و جۆڵ و چالاکیانە چیە کە یەکێتی ئافرەتانی عیراق لقی سلەیمانی پێی هەستاوە لەم ماوەیەی ڕابوردوا ؟

- ئەتوانین ئەو جم و جۆڵ و چالاکیانەی کە یەکیەتیمان پێی هەستاوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدی بکەین .

١ - کردنەوەی بازارێك بۆ ئەو شتانەی کە بەخشراوە لە لایەن ئەندامانەوە و دەتەرخان کردنی قازانجەکەی بۆ خێزانی شەهیدەکان .

٢ - کردنەوەی پێشانگایەکی گەڕۆك بۆ وێنەی فوتوگرافی .

٣ - کردنەوەی پێشانگایەك بۆ وێنەی منداڵان .

٤ - سەرلێدانی بەرەبەك لە بەرەکانی جەنگ .

٥ - کردنەوەی مەلبەندێك بۆ یەکێتی لە گەڕەکی قادسیەی صدام .

٦ - سەرلێدان لە نەخۆشخانەی سەربازی و بەسەرکردنەوەی نەخۆشەکان .

٧ - پێك هێنانی ئاهەنگێکی گەورە بۆ خوێندنەوەی مەولود بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە .

لە کۆتایی دا زور سوپاسی خوشکە ئافتاو بەرزنجی ئەکەین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە .

نوسینگەی سلیمانی

بەرەو کۆنگرەی بەرز

زایۆنیزم و .. جوڵانەوەی ئێ لایەن

ئیمپریالیزم لە لایەك و زایۆنیزمی تاوانبار لە لایەك هیچ پیلانێ نەماوە لە دژی جوولانەوەی بێ لایەنی نەکەن و هەزاران داوی بۆ دانەنێنەوە .. سەردەمێکیشە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی دەرەوەی زایۆنی و دەزگاکانی جیهانی ی زایۆنیزم و وەزارەتی مۆساد لە تەل ئەبیب بایەخێکی گەورە بە چالاکی و تێك و پێدانی پێوەندی نێوان دەوڵەتە بێ لایەنەکان ئەدەن و مەبەستیشیان لەم کارەدا ، دەنگی ئەو هێزو ڕێکخراوانەی کە دژی زایۆنیزمە بخنکێنن و ڕێگا بۆ ئامانجە گلاوەکانی خۆیان خۆش بکەن .

هەروا لایەنێکی کەی جوولانەوەی بێ لایەنی ، بە هیچ کلۆجێ لەگەڵ زایۆنیزم و جوولانەوەی ئیمپریالیزمی جیهانی دا . ناگونجێت ، ئەمیش : ئەو ڕێبازو سیاسەتە چەسپاوەیە کە جوولانەوەی بێ لایەنی گرتویەتیە بەر .. هەربۆیەشە (میرکاهانی) زایۆنی ، دامەزرێنەری (دەستەی پارێزگاری کردن لەجوولەکە) بە ڕاشکاوی ووتی :

« ئەبێ دەسوەشاندنمان بەرەو ڕووی ڕەوتی سەراوەلە بوون بکەن و بیترسێنین .. »

بۆ ئەمەیش زایۆنیزمی دەلەدێو . هەموو جۆرە هەوڵ و چالاکی یەکی خۆی خستۆتە گەڕ . بەتایبەتیش دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژئاوادا ، کە (٦٠ - ٨٠٪)ی لە ژێر دەستی خۆیاندایەو بە پێی ئەخشە یەکی دیاریکراو ، زانیاری و دەنگوباسی ئاژانسەکان بڵاو ئەکەنەوە .. لە هەندێ وڵاتانی بێ لایەنیش دا . زایۆنیزم هەوڵ ئەدا ، ئەو هۆیانەی کە کار ئەکەنە سەر (ڕای گشتی) بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە .. جا چ کتێب بێت یا ڕۆژنامە یا گۆڤار یا ئێزگە یا سینەما و شانۆو تەلەفزیۆن و بۆستەر ٠٠ هتد .

هەروا زایۆنیزم . بە کارامەیی لە پێناوی فراوان-کردنی ئەو کە لێن و درژە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریانەی کە لە نێوان دەوڵەتە بێ لایەنەکان هەیە تێ ئەکۆشێت و دەیەهاپلانی وردی بۆ ئەڕەخسێنێ . هەوڵێکی زۆرو بابەتێکی یەجگار دیاریش لە دژی ئەو دەوڵەتانە ئەدات . کە بێ لایەنن و ڕێبازی سۆشیالیزمیان گرتۆتە بەرو شوێنی کاریگەریشیان هەیە لە بەگژا چوونی ئیمپریالیزمی جیهانی دا . بۆ ئەمەیش هەزاران درۆو بوختان بە وڵاتانە ئەکەن و چەندین ئاوونا تورەی سەیر سەیری بۆ ئەدۆزنەوە .. بێگومان چەکی هەرە کاریگەری ئیمپریالیزمی درندە لەم بەرەنگاربوون و بەگژاچوونەدا . تەنیا زایۆنیزمی نێو دەوڵەتانە کە بە تاقە دوژمنێکی هەرەدرندەی ئازادی و سەربەخۆیی گەلان ئەژمێر درێت .. هەربۆیەشە . بەم جۆرەی کە لەسەر شانۆی سیاسەتی ئیمپریالیزمانەدا ئەبینین . ئەم هەموو هاریکاری و یارمەتیدانە جۆر بەجۆرە لەگەڵ زایۆنیزم و لەگەڵ " ئیسرائیل "ی سەرەنێزەدا ، ئەکات و هەرارەها هەڵو مەرجی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بۆ ئامادە ئەکات و هەمیشەش دەنگی لەگەڵ دەنگی ئەو دایەو ا ڤیتۆ ای تەنیا بۆ زایۆنیزمەو بەس .. !

کاروان - م

پاشماوە ژمارەی رابوردو

ئەنتۆنیو بوئیرو با بیخۆو

شانۆگەری دوکتور پالمی

فواد عبدالرحمن

بۆبینەر کە شەخسییەتەکەی بەئەواوی دەناسێ ڕقی لێی دەبێ‌و لەهەمان کاتیشدا بەزەیی پیا دێیتەوە • کەواتە بە ناشکرا دیارە کە چارەسەرە درامییەکەی « بایبخۆ » لە شی‌کردنەوەی دەروونییەوە دەستپێ‌دەکات‌و هەنگاو بەهەنگاو تا دەگاتە مەبەستی سەرەکی‌و ناوەڕۆکی بابەتە شانۆییەکە کە ئەویش مەبەستە کۆمەلایەتییەکە‌و چینایەتییەکەیە • کەواتە شانۆگەری « دکتۆر پالمی » شانۆگەرییەکی (ملتزم)ە • • بە مەسەلەیەکی دیاری‌کراو• کە ئەویش مافی مرۆڤە لە سەربەستی کەسایەتی‌و کۆمەلایەتی • بەلام ئلتزامێکی ریالیزمیانە‌و لەهەمان کاندا بەستنەوەی ئەو ئلتزامە بە مەسەلەیەکی گەورەتر کە مەسەلەی بوونی مرۆڤایەتییە (بایبخۆ) لەرێگای ئەم شانۆ گەریەیەوە ویستویە •

یەکەم جار ئابرووی ئەوانە بە بەریی‌و ڕیسوایان بکات کە لە بیری ئایدیۆلۆژی خۆیانەوە ئەو مرۆڤانە بچەوسێننەوەو ئازاریان بدەن کە داوای مافی سەربەستی‌و ژیانی مرۆڤایەتی خۆیان دەکەن ، بەلام لە هەمان کاندا نەیویستووە تەنها بەشێوەیەکی ڕیالیزمی فۆتۆگرافی ئەم مەسەلانە بخاتە ڕوو ، بەلکو ویستوویەتی بناغەی مێژوویی ئەو شتانە هەل بداتەوەو باری دەروونی ئەو کەسانە شی بکاتەوە کە لە ناو کۆمەڵدا لایەنی شەڕ دەگرن، وەکو شانۆگەرییەکی سیاسی ئەوکەسانە ریسوا بکات کە لە بارێکی تایبەتی تاو کۆمەڵێکی بورژواو ڕژێمێکی سەرمایە داریدا دەژین • وەك بۆمان دەروەکەوێ ئەو واقیعەی کە « بایبخۆ » لە شانۆگەرییەکەدا هەندی پالەوانی نەخۆشی تیا دەخاتە بەر شی‌کردنەوەی دەروونی (دکتۆر پالمی) واقیعیکی سیاسیە • لەو واقیعە سیاسییەشدا حەقیقەتی دژایەتی دەروونی‌و دژایەتی چینایەتی‌و بوونی مرۆڤایەتی پیشان‌دەدات •

(بایبخۆ) ڕەنگە لەم لایەنەوە شانۆگەرییەکی سیاسی تربێ لە واقیعی شانۆگەرییەکانی « سارتر » کە بە (مێش)و (دەستەچەپە ـلەکان) بەناوبانگە • چونکە بەتەنها ڕوانین‌و بۆچوونو هەڵوێستی ڕۆشنبیرانو وورده بۆرژواکان پیشان نادات بەرامبەر بە مێژوو• بەلکو بەرهەمەکەی دەبەستێتەوە بە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی باری سیاسی کۆمەڵ‌و نەبەرە ئەو زیانی تایبەتی خۆیداو یەکەمین ماف بەو لایەنە دەدات • واتە شتە سەرەکی‌و ڕەسەنەکانی شانۆی« بایبخۆ» هەمیشە • گیروگرفتی کەسانی ناو کۆمەڵ‌و دژایەتی فیکریش دەبێتە ئەنجام‌و لە دوای ئەو گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵ• بەڵام لە بەرهەمە شانۆییەکانی (سارتەر)دا دەبینین جەوهەری دژایەتی •• دژایەتی فیکرییە • بەتایبەتی لای ڕۆشنبیرەکان‌و هەڵوێستی فیکرییان بەرامبەر بە مێژوو• ڕەنگدانەوەی ئەو دژایەتییەش لایەنیکی دژایەتییەکە یاخود بەهەردوولا کۆتایی پێدێ • بۆ نموونە لەناو وچوونی « دانێل » کۆتایی فراژیدیاکەداو کوشتنی بەدەستی ژنەکەی خۆی کە (ماری)یە •

ئەمەش بێگومان چارەسەرکردنیکی وجودیانەیە بۆ ئەو جۆرە گیروگرفتانەی کە «بایبخۆ» حستوێتییە ڕوو • ئەو ناکۆکییەش کە لە نێوان ئارەزوو بەختەوەریدا هەیە ڕەگی لەناو فەلسەفەکەی « گیرکگارد »دا داکوتاوە • بناغەی فەلسەفەکەی « گیرکگارد » ئەوەیە کە مرۆڤ بۆئەوەی بەڕاستەقینە بژی پێویستە جوانترین خاسییەتی خۆی بدۆزێتەوەو هەمو توانایەکی خۆی بۆ جێبەجێ‌کردنی تەرخان بکات • کە ئەمەش ئەنجامێکی ڕوون دەگەیێنی کە ژیان پەیامێکەو • جەوهەرەکەی سەلماندنی تەواوی بوونی مرۆڤە تەنانەت ئەگەر بووە بەهۆی خۆقوربانی کردنیش •

« بایبخۆ » لەهەمان حالەتدا ئەم بیرە وجودییە زیاتر لەوەدا پیشان دەدات کە «دانێل» دەخاتە ناو هەڵوێستێکی ناماقوولیبانەوە یاخود هەڵوێستێکی گەردوونی‌و گیروگرفتێکی ئالۆزەوە کە گیرۆدەبێ‌و لێ‌دەرنەچێ• گیروگرفتەکەش لە (عەجزە جنسییەکەیەوە) دەستپێ‌دەکات کە حالەتێکی واقیعییە • بەڵام دەرجووتی لەو گیروگرفتە دەبێتە حالەتێکی نا ماقوول یاخود میتافیزیکی کە ئەنجامەکەش کوشتنێتی بەدەستی (ماری)•

بینەر ناچار دەبێ بڕوانێتە ناوەوەی عەقڵی « دانێل » ، کە جۆرەها دەزوی تێدایە کە بینەر بە شانۆگەرییەکەوە دەبەستێتەوە کە لێیەوە دەگاتە ڕادەی تێگەیشتن لەپالەوانەکە کە « دانێل »• ئەمەش ئەنجامی تایبەتی خۆی‌داو یەکەمین ماف بەو لایەنە دەدات • واتە شتە سەرەکی‌و ڕەسەنەکانی شانۆی« بایبخۆ» هەمیشە • گیروگرفتی کەسانی ناو کۆمەڵ‌و دژایەتی فیکریش دەبێتە ئەنجام‌و لە دوای ئەو گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵ• بەڵام لە بەرهەمە شانۆییەکانی (سارتەر)دا دەبینین جەوهەری دژایەتی •• دژایەتی فیکرییە • بەتایبەتی لای ڕۆشنبیرەکان‌و هەڵوێستی فیکرییان بەرامبەر بە مێژوو• ڕەنگدانەوەی ئەو دژایەتییەش لایەنیکی دژایەتییەکە یاخود بەهەردوولا کۆتایی پێدێ • بۆ نموونە لەناو وچوونی « دانێل » کۆتایی فراژیدیاکەداو کوشتنی بەدەستی ژنەکەی خۆی کە (ماری)یە •

ئەمەش بێگومان چارەسەرکردنیکی وجودیانەیە بۆ ئەو جۆرە گیروگرفتانەی کە «بایبخۆ» حستوێتییە ڕوو • ئەو ناکۆکییەش کە لە نێوان ئارەزوو بەختەوەریدا هەیە ڕەگی لەناو فەلسەفەکەی « گیرکگارد »دا داکوتاوە • بناغەی فەلسەفەکەی « گیرکگارد » ئەوەیە کە مرۆڤ بۆئەوەی بەڕاستەقینە بژی پێویستە جوانترین خاسییەتی خۆی بدۆزێتەوەو هەمو توانایەکی خۆی بۆ جێبەجێ‌کردنی تەرخان بکات • کە ئەمەش ئەنجامێکی ڕوون دەگەیێنی کە ژیان پەیامێکەو • جەوهەرەکەی سەلماندنی تەواوی بوونی مرۆڤە تەنانەت ئەگەر بووە بەهۆی خۆقوربانی کردنیش •

« بایبخۆ » لەهەمان حالەتدا ئەم بیرە وجودییە زیاتر لەوەدا پیشان دەدات کە «دانێل» دەخاتە ناو هەڵوێستێکی ناماقوولیبانەوە یاخود هەڵوێستێکی گەردوونی‌و گیروگرفتێکی ئالۆزەوە کە گیرۆدەبێ‌و لێ‌دەرنەچێ• گیروگرفتەکەش لە (عەجزە جنسییەکەیەوە) دەستپێ‌دەکات کە حالەتێکی واقیعییە • بەڵام دەرجووتی لەو گیروگرفتە دەبێتە حالەتێکی نا ماقوول یاخود میتافیزیکی کە ئەنجامەکەش کوشتنێتی بەدەستی (ماری)•

بینەر ناچار دەبێ بڕوانێتە ناوەوەی عەقڵی « دانێل » ، کە جۆرەها دەزوی تێدایە کە بینەر بە شانۆگەرییەکەوە دەبەستێتەوە کە لێیەوە دەگاتە ڕادەی تێگەیشتن لەپالەوانەکە کە « دانێل »• ئەمەش ئەوە دەگەیێنی کە شانۆگەرییەکە دەبێتە ڕەنگدانەوەی ویژدانی گڕ گرتووی هرۆڤی سەر لێواری نەخۆشی دەروونی•

ئەمەش حالەتێکی زۆر (بایبخۆ) لەرێگای ئەم ناسکە دەگەوێنە دڵی بیری ئەم سەردەمەوە هەروەها لەو مەسەلە گرنگانەیە کە دەبێتە تەوەری سەرەکی هەڵوێستی ڕۆشنبیرو ئەدیب‌و هوبەرمەندانی ناو کۆمەڵانی ئەم سەردەمان • «بایبخۆش» هەوڵیداوە ئەم لایەنە نیجابیە لەمەسەلەکەدا پیشان بدات هەڵبەت ئەگەر ڕێ‌نمای ڕووەکانی تری (دکتۆر پالمی) بکەین دەبینین مامۆستای دووهەمی « بایبخۆ » لەپاش (ئۆنامۆنۆ) وە (برشت) بووە کە شێوازی درامای (داستانی) لێوەوەرگرتووە ، ئەگەرچی « برشت » هەمیشە لەبەرهەمەکانیا ڕووی کردۆتە کۆمیدیاو گالتەی بەتراژیدیا هاتووە • بەڵام (بایبخۆ) و ویستوویەتی نوێ کردنەوەیەك لە تراژیدیای درامای ئیسپانی دابهێنی ، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە هەیکەلی درامی‌یەوە هەیە دەبینین « بویرۆ بایبخۆ » لەلایەکەوە سوودی لە درامای (ئەرستۆ)ی وەرگرتووەو لە لایەکی تریشەوە سوودی لەهەندی تاقی‌کردنەوەی درامای (برشتی) وەرگرتووە واتە لە بەرهەمەکانیا هەردوو لایەنەکەی پیشان‌داوە • ئەوەیە کە هەردوو نووسەرەکە (بایبخۆ ـ برشت) هەڵوێستێکی ڕەفتەگرانەیان هەیە سەبارەت ژیان • ئەوە دەگەیێنی کە شانۆگەرییەکە دەبێتە ڕەنگدانەوەی ویژدانی گڕ گرتووی هرۆڤی سەر لێواری نەخۆشی دەروونی•

ئەمەش حالەتێکی زۆر (بایبخۆ) لەرێگای ئەم ناسکە دەگەوێنە دڵی بیری ئەم سەردەمەوە هەروەها لەو مەسەلە گرنگانەیە کە دەبێتە تەوەری سەرەکی هەڵوێستی ڕۆشنبیرو ئەدیب‌و هوبەرمەندانی ناو کۆمەڵانی ئەم سەردەمان • «بایبخۆش» هەوڵیداوە ئەم لایەنە نیجابیە لەمەسەلەکەدا پیشان بدات هەڵبەت ئەگەر ڕێ‌نمای ڕووەکانی تری (دکتۆر پالمی) بکەین دەبینین مامۆستای دووهەمی « بایبخۆ » لەپاش (ئۆنامۆنۆ) وە (برشت) بووە کە شێوازی درامای (داستانی) لێوەوەرگرتووە، ئەگەرچی « برشت » هەمیشە لەبەرهەمەکانیا ڕووی کردۆتە

کۆنگرەی بێلایەن ـ پاشماوە

بزوتنەوەکەو یارمەتیدایو بۆ پتەوکردنی زیاتر برایەتی کوردو عەرەب لە کارگەو کێڵگەو قوتابخانەو هەموو زەمینەکانی کاردا رەنج دەدات و وربابەو خۆی بەخت دەکات .

بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن کە خۆی تەرخان کردوە بۆ خزمەتی مرۆڤو یارمەتیدانی گەلانی ژێردەستەو رزگاربوو بۆ پەرەپێدانی باری ئابووریو رۆشنبیریو پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە لەهەموو رووبەکەوەو بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان خۆیانداو هاوکاری کردن لەناو یەکدا تاوەکو لەنێوان خۆیاندا قازانجی هاوکویی بهێننە دی هەر وەکو سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەڵێ :

« ئێمە بەدەوڵەتە ئیمپریالیو کومپانیەیە مۆنۆپۆڵەکان دەڵێین ئەو هەرەشانەی کە لەلایەن وڵاتە ئیمپریالیەکانەوە دەربارەی داگیرکردنی سەرچاوەی وزە دەکرێت بەقەدەر موویەك لامان نادەن لەرێگەی تێکۆشانمان کە بۆ وەرگرتنی مافی رەوامان دەیکەین و دەبێ ئەو دەوڵەتو لایەنانە لەوە تێبگەن ئە چاخی چەتەگەریتی دەریایی ئیمپریالیزم بەسەرچوو ناگەڕێتەوەو گەلان پاڵەوانانە توانای بەرگری کردنیان لەخۆیان هەیە .

بزوتنەوەی بێلایەن بریتیەیە لەتوانای وڵاتانی تازە گەشەسەندوو .. ئەم وڵاتانەش تا باری ئابووریان بەرەو باشی بچێتو پێش بکەونو بەهێزبن واتە بەهێز بوونو پێشکەوتنی بزوتنەوەکەو چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەیە بە ئاسایشانە کە لە نێوانیاندا رووەدەداتو واتای سەپاندنی بیروڕاو خواستێنی لەهەموو مەیدانێکی زۆرانبازی نێو دەوڵەتاندا .. بەمجۆرە ئەم بەهێزبوونە دەتوانێ بە ئاسانی لەناو هەردوو سووپاگەکەدا خۆی بسەپێنێو بەرگریکاری خواستی خۆی بکات کە خواستی گەلانی جیهانی سێیەمو ئاسایشی نێو دەوڵەتانە .

سەرەکی نایجیر ـ پاشماوە

لەهاوکاری کردنیا لەگەڵ کوششی ئاشتی خوازانەی نیسلام بۆ دوای هێنانی شەڕی نێوان عیراقو ئێران. هەروەها دەستی رێزی ناوە لەبریاری ئازایانەی عیراق دەربارەی حەوتەم کۆنگرەی سەرەك وڵات یان حکومەتە بێلایەنەکان .

دوکتۆر سعدون حمادی لە چاوپێ کەوتنەکەدا سلاوی سەرەکی فەرمانده صدام حسینی گەیاندوە بە سەرەکی نەیجیر لەگەڵ هیوا خوازیا بۆ سەرکەوتنی سیازدەمین کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی ئیسلام .

کۆبوونەوەیەك ـ پاشماوە

صدام حسین نوێکردەوە کە خوێنی خۆیان ببەخشن بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی نیشتمان .

کۆبوونەوەکە بەرێز نامق رقیب محمد پارێزگاری دهۆك و بەرێز هاوڕێ رازگری سەرکردایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی لقی دهۆك و نوێنەرانی پارتی دیموکراتو شۆرشگێڕی کوردستانو ئەندامانی لێژنەکان ئامادە بوون .

رووداوەکان ـ پاشماوە

زادە دەستی پێکردۆتەوەو چارەنووسی ناوبراو نزیك بوونەوەی ملیەتی لە پەتی سێدارەو لە ئەنجامدا ئیعدام دەکرێ .

دیلی ـ پاشماوە

ئاسایشی لە خەلیج پێ زامن ناکرێ هەرچەند لەوەبەر وای ئیدعا کرد کە دەتوانێ پاپۆرەکان لە دورگەی خارك بپارێزێ .

ئەوەی شایانی باسە دامودەزگاکانی راگەیاندن لە ئەوروپا بە گشتی بایەخێکی گەورەیان بە هەرەشەکەی عیراق داوە کە ئاراستەی ئەو پاپۆرانەی بێگانەی کردوە کە دەچنە دورگەی خارك .

مەبەست لە ـ پاشماوە

هێزێکی سیاسیو سووپاییو رۆشنبیرو دیار چ لە ناو دەوڵەتەکانی عەرەبو چ لە نێوان دەوڵەتانی جیهان ببنە خاوەنی پایەو ناو دەربکەنو ترسولەرزبخەنە دڵی دوژمنەکانیانەوە .

کەوا بێ لێدانی سووپای رزگاریخوازی فەلەستین هەڵکەندنی ئەو بنکە سەربەستەیە کە لە خوارووی رۆژئاوای لوبناندا هەیەتیو پاکردنەوەیانە لەو ناوە .. جا ئایا بە قەلاچۆکردن بێ باخود بە دوورخستنەوەیان بەرەو سنووری وڵاتەکانی تری عەرەبو دووبارە بۆ ئاسان کردنی داگیرکردنی ئەو بەشە خوارووە رۆژئاوایەیە پر ئاوەیە کە زایۆنی مەبەستێتیو لە لایەکی تریشەوە ئەیەوێ دوای ئەم کارەی بە تیرێك دوو نیشان بشکێنێ .. بەکەم لەبەر ئەوەی کە زایۆنی داننانی بەوەدا کە گەلێکی عەرەب هەیەو ژمارەی (٤) ملیۆنەو لە خاکی خۆی دەرکراوە بێتە هێزێكو بەربەرەکانی بکات .

دووەم نزیك کردنەوەیان لە سنوورەکانی وڵاتانی عەرەب بۆ ئەوەی لاوازیان بکەنو پەرەوازەیان بکەن پیلانی ئۆتۆنۆمی کە یەکێکە لە بەندەکانی کامپ دیفید بەسەریاندا بسەپێنن .

جەنگاوەرانی فەلەستین ـ پاشماوە

فەلەستینی بەتونس (وەك دەردەکەوێ لە قبرص داگیرین) .

لەلایەکی ترەوە زایۆنی دوژمن بە وڵانە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای راگەیاند دەترسێ لەوەی بەهۆی ئەو هێرشانەوە کە خۆبەختکارانی فەلەستینیو دەیبەنو کەمین دەنێنەوە شەر لەبەشی رۆژهەڵاتی لوبناندا دەست پێ بکاتەوە.

دان میریدور سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران وتی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ئاگادار کردووە وەك ئەڵێت کە رێگەی ئەوە نادرێ لە لوبناندا لەوەستانی شەر لابدرێ .

رۆژی ٢٣ی ئەم مانگە هەزار جەنگاوەر بە رێگەی دەریادا لوبنان بەرەو یەمەنی خوارووبەجێدەهێڵنو ئەمەش سێیەم دەستەی جەنگاوەرانی فەلەستینە کە کشانەوە دەیانگرێتەوەو بەپاپۆرێکی قبرصی . دەگەیەنرێنە بەندەری عەدەن لە گۆڕانێکی بایەخداردا بیروت بڵاوی کردەوە کە بشیر الجمیل لە خولی دووەمی دەنگدانی ئەنجوومەنی پەرلەماندا رۆژی ٢٣ی ئەم مانگە لە جیاتی سەرەك الیاس سرکیس . بەسەرەکی لوبنان هەڵبژێررا .

چارەکردن ـ پاشماوە

کانی ئەوروپادا چارەکردن بەدەرزی چینی زۆر بڵاوبۆتەوەو شێوەی باوی بەخۆیەوە گرتووەو بەڕەسمی دانی پیا نراوە تەنانەت لە فەرەنسەدا . خراوەتە ناو خانەی (مسۆگەرکردنی تەندروستیشەوە) (التامین الصحی) بەڵام هێشتا بەریتانیا لەم ڕووەوە ڕاڕایی دەنوێنێو نەخراوەتە خانەی مسۆگەری تەندروستییەوە . . هەرچەندە هەندێ نەخۆشی هەیە بەپزیشکی ئاسایی چارەسەر ناکرێ وە بەدەرزی چینی چارە دەکرێ . . لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ئەم نەخۆشانە نەخراونەتە ناو خانەی مسۆگەرکردنی تەندروستییەوە . شیاوی باسە دوکتۆرەی ناوبراو (٣)سێ ساڵ دەرسی لەسەر چارەکردنی دەرزی چینی لە بەریتانیادا خوێندوە. بەتایبەتی کاتێ کە خوشكو کچەکەی بەپزیشکی ئاسایی چاك نەبوونەوە وە بەدەرزی چینی . .چارەسەر کران، ئیتر هەر لەوساوە بریاری دوایی دا کە لەسەر دەرسی خوێندن لەسەر دەرزی چینی بەردەوام بێ سەیرە لە بەریتانیادا ئەو دوکتۆرانەی کە بەدەرزی چینی چارەی نەخۆشی دەکەن لێیان قەدەغەکراوە کە ئاوای خۆیان لە رۆژنامەکاندا بڵاو بکەنەوە

پاشماوەی چالاکی هێزە دلێرەکان

ویستی بەفرۆکەکانی پەلاماری نامەردانە بەرێتە سەر سنوورو هەندێ بنکەی ئاودانیمان بەڵام تۆپە تەیارەشکێنە وریاکانمان خەونی چەپەڵی بێتە دیو هەر بستێ لە خاکی سەر سنوورمان گورستانی خۆیو هیزە دوژمنایەتیکارە ـ کانی

هاوڕێ ـ پاشماوە

بەرەوپیری بریارە مەزنەکەی بەحشیمیان کرد کە بەرێز سەرەکی فەرمانده لە بەیەك گەیشتنەیدا بە پێوە ئایینی یە بەرێزەکان لەناوچەی تۆپۆنۆمی ناشکرای کرد .

جەماوەرەکە لە چوار کۆردا کە تیپی بەدری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پێکی هێنابوون سلاوی خۆیان لەو سەرکەوتنە مەزنانەو داستانە پاڵەوانیە بێهاوتایانە کرد لە هێزە چەکدارە دلێرەکانمان بەسەرکردایەتی بەرێز سەرەکی فەرمانده دژی ئێرانی دوژمنو نەزان لە کەرتی باشوور رۆژهەڵاتی بصرە وەدی دەهێنن ..

ئامادەیی هەمیشەیی خۆیان دەربڕی کە قوربانی بدەنو بۆ بەرگری کردن لە خاکی نیشتمانی پیرۆزو لەعیزتو سەربەستیو خۆیان بەخت بکەن .

لەکۆرەکاندا کە بەرێز قائمقامی قەلادزەو هاوڕیان رازگری نهێنیو پیاوانی ئاینی بەرێز ئامادەبوون وتار خوێندرانەوەو ئەوانەی کە وتارەکانیان دەخوێندەوە باسی ئەو دەسکەوتە مەزنانەیان دەکرد کە شۆڕش بەگشتی بۆ هەموو وڵاتو بەتایبەتی بۆ ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان وەدی هێناوە .

پرۆژەی نوێ ـ پاشماوە

خەستەخانەیەکی نەخۆشی سنگو مەلبەندێکی تەندروستی لقیو خانوویەکو سی دەستە بۆ نیشتەجێکردنی پزیشکو خانوو بۆ بەپێوەبەرایەتییەکانی کارو خەستەخانەیەکی گشتی بەفراوانی ١٠٠ قەرەوێڵەو گەنجینەیەکی مسۆگەرکردنی تەندروستی.

ئەم پرۆژانەش دەزگای گشتی خانووبەرەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پردو رێگەوبانو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوخۆی پارێزگەکانو دەزگانی ئەمیندارێتی گشتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان رایان دەپەڕێنن .

مەیهرەجانی ـ پاشماوە

بۆ مەسەلەی تەکنیکی مەوزوعەکان وەکو کاك نەهرۆ وتی منیش هەمان بیروڕام هەیە .. چونکە بەراستی لەو سەردەمەی ئێمەدا قوتابخانەی هونەری نەماوە، چونکە ئەو شتانەی کە دەکرێن بە ئەواوەتی نسلوبی هونەرمەند خۆیەتی، بەڵام ئەوەیە کە تەماشای تابلۆیەك دەکەین دەتوانین بیخەینە نێو فلان قوتابخانە

● **ئازا حسیب قەرەداغی وتی : ـ**

... گرنگ ئەوەیە لە کاتی هەڵچوونی هونەرمەندەکە دۆزینەوەی تەکنیکی تابلۆکە ئەوەیە کە پێ بە پێستی هەڵچوونی هونەرمەندەکە خۆی بێت .. جا لەوانەیە ناوەرۆکی تابلۆیەك ، ئەو هونەرمەندە بە شێوەیەکی سریانی دروستی بکات وەیا بە شێوەیەکی رۆمانسیانە یا هەرچی قوتابخانەیەکی تر بێت ، گرنگ ئەوەیە هەڵچونێك لەلای هونەرمەند هەیەو پێوبستە بکرێت بە تابلۆ.. خەتای خەڵکیش نیە .. .

ئەوەی شایانی باسە ئەم دوو هونەرمەندە لە پێشانگای میهرەجانی هونەرو رۆشنبیری دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی لەهەولێر بەشداربوون .

بەم جۆرە ، رۆژ بە رۆژ، هیزە مەردەکانی سووپای عیراقی دلیر بۆ دوژمنی نارەسەنی دەسەڵێنێ کە هەرگیزاو هەرگیز ئایەڵێ خەونی چەپەڵی بێتە دیو هەر بستێ لە خاکی سەر سنوورمان گورستانی خۆیو هیزە دوژمنایەتیکارە ـ کانی

چیرۆکی ناسۆر ـ پاشماوە

ـ گوت نەو خوشکە دشتە !

● بەڵێ .

ـ یاخووا بەخێر بێن .

● چۆنە رێکات کەوتووەتە ئەم شارە ؟

سماییل خەیاڵی بڵاو بوو ، باش تێنەگەییشت :

ـ دەفەرمووی چی ؟

● دەڵێم چۆنە هاتوویت بۆ ئێرە ؟

ـ ئا ، رێکەوت ، رێکەوت هێنامی ! لەگەڵ هاوڕێیەکەم چووم بۆ کارخانەی فەرشی .. زۆر سەیربوو ، ژنە کرێچییەکەی جارانی مالی ئێوە کە بەستەم شێوەم کرد ، هاتە بەردەممو گوتی : ئەرێ تۆ فلان نیت؟. منیش وام زانی لە بانێکەوە بەربوومەتەوە بەتایبەتی .. کەناوی تۆی هێناو گوتی لەکارخانەی جگەرەیت .. بەڕاستیی .. .

چراخان بەدەنگێکی خەمگینو چاو تێبرینێکی سارەدەوە ، قسەکەی پێ بڕیی :

● دوێنێ قاقەزەکەتی بۆ هێنامو منیش دەستبەجێ ، دەستبەجێ بۆ ئێوارە لەگەڵ نەرمینی خوشکم هاتم بۆ ئێرە !

ـ بەڕاستە ؟ بۆئێرە ؟ بەڵام کەس بەمنی نەگوتووە !

لە دەروونی خۆیشیدا گوتی : « شاڵلا دوێنێ ئێوارە لێرە بوومایە ، بەس نەبوو خوشکت لەگەڵ بوو ! » .

● منیش گوتم با بچم نەوەکا کارێکی پێم بێ !

سماییل بە شڵەژاویەوە وەڵامی دایەوە :

ـ کار ؟ ئەوە .. ببوورە ، هەر ، هەرویستم هەواڵت بزانم ..

هەواڵتان بزانم . خۆت دەزانی ئەوە ، ئەوە بیستو پێنج ساڵێکە .. وەنیە ؟

● هیچ ئیشێ کارێکت نیە !

ـ نا نا ، ببوورە ..

زۆری لەخۆی کردو دەیویست درێژە بە دانیشتنە سارەکە بدا :

ـ پێم بڵێ چراخان ، خوا لێت نەستێنێ ، چەند منداڵت هەیە ؟

چراخان بەخەمگینیەوە رووی تێ کرد :

● سێ ! سێ کوڕم هەیە . سامان ، دیار ، هونەر . سامان ، سامان لە یەکی سانەوەیەو ئەوە چەند رۆژێکە نەخۆشەو لەبەر ئەوە مۆلەتم لەکارخانە وەرگرتووە ..

ـ ئیشاڵلا زوو چاك دەبێتەوە ، چیەتی ؟

● قورگیەتی .

ـ هیچ نیە منیش منداڵەکانم زوو زوو وایان لێ دێ ؟ ئای منداڵ ! چاووت لێیە منداڵ چۆن پیری کردووم ! پێنج کچم هەیە ، گەورەکەیان « زین »ی ناوەو لە چووارى سانەویە . راستت دەوێ هەر ئەمیانم بەدڵە ، بەڵام ئەوانی تر زۆر بزێوونو جاری وا ناچارم دەکەن لێیان بدەم !!

چراخانو ژنەکە سەریان داخستبوو ، ئەویش دەیویست بەهەر جۆرێ بێهوشیاریان بکاتەوە بۆیە کە لەچراخانی پرسیی .

ـ ئەی منداڵەکانی تۆ چۆن ، خۆ بزێو نین ؟

● نا ، شوکر ئاقڵن ..

لەسەر خۆش بەدشەکەی گوت :

● باجی ، درەنگە ، هەڵستین ؟

کەوتنە خۆیان ، سماییلیش بە پەشۆکاویەوە گوتی :

ـ جا ، جارێ زووە .

● : لەبەر منداڵەکانم .

هەڵستانە سەرپێ :

ـ ئاخر .. چراخان ، ئەمە بینین نەبوو .

● خووا سەلامەتت بکا !

ـ ئاخر چام بانگ کردووە !

دشەکە هاتە قسە :

ـ بەزیابێ .

چراخان بەدەم هەنگاونانەوە پێی گوت :

● دەستی دایکت ماچ دەکەم !

ـ خۆشبی . بەڵام وەڵاهی چراخان ، زوو بوو .

لەڕۆیشتندا بەرەو ساڵۆنەکە بەلای مێزی خاوەن ئوتێلدا تێپەڕی کە لەزووەوە وەکو پشیلەیەکی ڕەش چاوی تێ بڕیبوون . پێی گوت :

ـ دێرە شاگردەکانت بێ گوێن ، پێم گوتن بۆ سێ چاو هەر نەیان هێنا !

بە دەروونێکی ناخۆشەوە ، شان بەشانیان لە ساڵۆنەکەدا هاتە دەرەوە . عابا کۆنەکەی چراخان چ دشەکەیشی خەمیان دەدایەو دڵی دەگوشراو بیریشی دەشڵەژا . لەبەر دەم پێگانەکاندا بەدەمو بڵێکی شێواوەوە بە چراخانی گوت :

ـ دەڵێم ، ئەگەر ، چراخان .. ئە ، ئەگەر زەحمەت نەبێ ، زەحمەت نەبێ دەقەیەك ، قسە ، قسەیەکم پێت هەیە !

ئەویش چاوە جووانەکانی تێبڕیو پاشان بەنەرمیەوە بەدشەکەی گوت :

● باجی ! تۆ بڕۆ وا منیش هاتم .

هەتا کە ژنەکە بەری چاوێلکەکانی بەردا ، بۆ یەکەم جار رووناکیی لە ڕوخساری چراخاندا خوێندەوە ، لەسەرخۆ ، بەسۆزێکی زۆرەوە پێی گوت :

ـ چراخان ئـ ئـ ، نازانم ، نازانم لەکوێوە چیت پێ بێڵم ؟ بەڵام ، بەهەر حاڵ دەبێ ، دەبێ بزانیی ..

● چی بزانم ؟

بەشەرمێکەوە وەڵامی دایەوە :

ـ دەبێ ببووریت ، شتەکە .. شتەکە ...

● کام شت ؟

ـ بـ بـ باوکم منی لەتۆ کرد ، خەتاکە ...

چراخان هەناسەیەکی قووڵی بەبا داو بەخاویەوە پێی گوت :

● ئاە سماییل ..

ـ دڵنیابە !

● پێویست ناکا هیچ بڵێی چونکە ، من هەر ئەو باسەم بەخەیاڵدا نایەت !

ـ سوێند ـ دت ، سوێندت بۆ دەخۆم ..

● خۆت هیلاك مەکە . من هەر بۆ ئەو باسەش نەهاتووم !

ماویەتی

دوای سێ ساڵ ـ پاشماوە

بەرەکانی جەنگدا لەو دەستدرێژییەی کردیە سەر عیراق ئێران لێی کەوتووە .

ئەم قسانەی خومەینی بۆ ئەوەیە خۆی پاڕاوەتەوە لەوەی کە هەردوو دەستی بەخوێنی گەلانی ئێران سوور بووەو تاوانەکە بخاتە ئەستۆی بەکرێگیراوەکانی ئەمەش دوای ئەوەی کەهێرشی کوشتنو لەسێدارەدانو چەوساندنەوەو بەندکردنی بەدەیان هەزار خەڵکی بێتاوان گەیشتە سنوورێ نەتوانرا بشاررێتەوە .

لەلایەکی ترەوە خومەینی ئەو یاساو پەیرەوانەی هەموو لابرد کە رژێمەکەی سێ ساڵی رەبەق کاری پێیان دەکردو ئێستا ئێران بێیاسایەو بەپێی یاسای دارستان بەڕێوە دەچێ

ئەمەو ، ئەو هەواڵانەی لە تارانەوە گەیشتون باسی ئەوە دەکەن کە کاروباری چەکدارانەی فراوان لە لایەن هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێرانەوە دژی دامو دەزگاکانی خومەینی لە ناوچەرگەی تاران جێبەجێ کراوەو لەم دواییەدا لە تاران شەڕ بووە.

هەروەها لە سەرچاوە یەکی ئاگادارەوە زانراوە کە کەریم سنجابی سەرەکی بەرەی نیشتمانی ئێرانو وەزیری دەرەوە لە حکومەتەکەی بازرگان کە لە تاران خۆی شاردبوەو لەمدواییەدا گەیشتۆتە پاریسو جۆتە پاڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێران بۆ کارکردن دژی رژێمی خومەینی خوێن رێژ .

ئەدیبو رۆشنبیران ـ پاشماوە

بەستنی دووەم دیداری چیرۆکی کوردی لەم وەختەدا دووپات کردنەوەی بایەخدانی حزبو شۆڕشە بەبزوتنەوەی ئەدەبی کوردیو زامن کردنی پێداویستەکانی راپەراندنی بەپێی دەقی یاسای نۆتۆنۆمیو کارکردن لەپێناوی پێشخستنی خەسیاتە ئەتەوەییەکانی رۆڵەکانی گەلی کوردمان .

بەڵێنبێ ئەی سەرەکی بەرێز کە یەك دەست کار بکەین لەپێناوی بینداکاری عیراقی پێشکەوتودا کە هەموو تیابدا شادە بە بەتوندی بەربەستی هەر لایەك بدەینەوە بیەوێ کوسپ بخاتە رێی کاروانمانو خراپەی بەرامبەر بکات جا لە هەرکوێیەك بێو پێناسیان هەرچیەك بێو ئێمە دڵنیاین کە سەرکەوتنی تەواو بەسەر ئێرانی دوژمنو دەستدرێژی کار بۆ ئێمە دەبێ بەسەرکردایەتیە داناکەتان .

محمد محی‌الدین محمد

جێگری ئەمینداری گشتی رۆشنبیریو لاوان سەرەکی لێژنەی سەرپەرشتکاری

لە یادی دوودەم ساڵەی بەرپەچدانەوەی دوژمنایەتیکاری ئێراندا

فراوان ترین بەرنامەی راگەیاندن

دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی دەوری دیاری لەم بەرنامەیەدا دەبێت

لەو کۆبوونەوەیەدا ، کە ئەنجومەنی وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن بە سەرەکایەتی بەڕێز مامۆستالطیف نصیف جاسم بەستی، بریاری ئەو بەرنامە راگەندنە فراوانە درا کە بە بۆنەی رابوردنی دوو ساڵەوە بەسەر بەرپەچدانەوەی دوژمنایە ــ تیکاری ئێران بۆ سەرخاکو گەلەکەمان دەست پێ دەکات .

بەرنامەکە بریتیە لە چالاکی راگەیاندنو هونەری هەمە چەشنە کە دامودەزگا کانی وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن جێبەجێیان دەکەن .

ئەوەی شایانی باسە ، دەزگاکەمان ، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی کە یەکێکە لەو دەزگایانە ، بەم بۆنەیەوەلە چایکراوەکانیا ، ئەو دەستکەوتە مەزنانە پیشان دەدات کە لە ناوچەی کوردستاندا لە ماوەی ئەم دووساڵەدا بەدی هاتوون لەگەڵ گفتوگۆو ریپۆرتاجی رۆژنامەنووسی لەگەڵ جەنگاوەرانی کورد کە بەشداریان لە جەنگی رەوای بەرگری لە سەربەستی خاکو وڵات کردوەو هەروەها لە پارێزگای دهوك پیشانگای چایکراوی کوردی دەکاتەوە .

لە میهرجانی هونەرو روشنبیری کوردی ١٩٨٢

عوزیەت وئەندیشەو عەشق لە بەرهەمی هونەرمەنداندا

ناظم دابەند
نووسینگەی هەولێر

● کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لقی هەولێر سەرپەرشتی کردنەوەی ئەم پێشانگا هاوبەشەی کرد لەسەر هۆلی رۆشنبیری جەماوەری لە رۆژانی ٣-٧-١٩٨٢ تا ٨-٧ کە بریتی بوو بۆ بەرهەمەکانی هونەرمەندان « ئازا حسیب قەرەداغی و نەهرۆ محمود شوقی . . . . .

● ئازا حسیب قەرەداغی ساڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە دەرچووی کۆلێژی کارگێری و ئابووری یە لە زانکۆی مستنصریە ..

پێشانگایەکی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند .. سامان قادر ، لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٩دا کردۆتەوەو بەشداری پێشانگاکانی قوتابخانەی کردوەو بەشدار بووە لە کرنەڤالی زانکۆکان لە بەصرە بە تابلۆی «پشیلە» لە هاوینی ١٩٨٠دا پێشانگای تایبەتی بۆ کرایەوە لە لایەن نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی یەوە .. بەشداری ئەم پێشانگایەوە کردبوو بە (١٨) تابلۆ ....

● نەهرۆ محمود شوقی ساڵی ١٩٥٩ هاتۆتە دنیاوە دەرچووی کۆلێجی گشتوکاڵە لە زانکۆی سلێمانی .. بە پلەی یەکەم لە پێشانگاوی ناوچەی کوردستان لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٧٦ دەرچووە . . .

لەڤیستیڤاڵی یەکەمی زانکۆکانی عیراق لە شاری موصل بەشداری کردووە ١٩٧٧ پلەی یەکەمی هێناوە لە ڤیستیڤاڵی دووەمی زانکۆکانی عیراق لە شاری بەغدا ١٩٧٨ .

لە ڤیستڤاڵی سێیەمی زانکۆکانی عیراق لە شاری بەصرە بەشداری کردووە لە ساڵی ١٩٧٩ ..

لە پێشانگای یەکەمی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی لە سلێمانی کردووە لە ساڵی ١٩٨٠ . بە پلەی یەکەمی لە پێشانگای سیاسی لە زانکۆی سلێمانی دەرچووە لە ساڵی ١٩٧٩ . بەشداری ئەم پێشانگایەی کردبوو بە (١٥) تابلۆ .

● پێشانگاکە بەگشتی مەسەلە بوو .. بەرەو لە دایك بوونێکی تر هەنگاوی دەهاویشت ، تیشکی خۆری ماچ دەکردو سەر بردەی عاشقانەی ئەم رۆژگارەی دەگێڕایەوە ...

● لە چاو پێکەوتنێکی خێرایی دەم دوو هونەرمەندە قسەیان بۆکردین ...

هونەرمەند نەهرۆ شوقی دەڵێ ..

من مولتەزیم نیم بە هیچ قوتابخانەیەکی هونەری ، بەڵام وەك دەڵێن بەرهەمەکان رەنگدانەوەی ئینتیباعیەتی لێ بەدی دەکرێ ، لێرە من لەگەڵ ئەوە نیم ، چونکە دەمەوێت خۆم سەربەست بم لە دەستنیشان کردنو دارشتنی شتەکان بەبێ ئەوەی پەیرەوی هیچ قوتابخانەیەکی هونەری تەشکیلی بکەم . . . مەرجیش نیە لەسەر ئەم رێبازە بمێنمەوە بۆی هەیە گۆڕانکاری پەیرە و بکەم چ لە بابەت روخسارەوە چ لە بابەت ناوەرۆکەوە ...

تازەترین ئیشەکانم زیاتر تەعبیرین بۆ نموونە تابلۆی ١-١-١٩٨٢ ، هەروا بێتەوە

بڕوانە ل : ٧

ربیعە صەبری
هونەر شتێکی پیرۆزە

نووسینگەی دەولێر
لەپشت پەردەکانی شانۆی رۆشنبیری جەماوەری هەولێرەوە کێژۆنەکانی تیپی خانزاد خەریکی خۆئامادەکردن بوون ، بۆ پێشکەش کردنی ئاهەنگەکەیان ...

ربیعە خان کە وا بزانم بچوکترین ئەندامی تیپەکەیە خەریکی لاواندنەوەی ئامێرە مۆسیقاکەی خۆی بوو ...

● ناوی تەواوتو ...

ــ بەڵێ .. ناوی تەواوم ربیعە صبریە و بووم بە پۆلی دوەمی ناوەندیو ، قەت ساقیتیش نەبووم ... واتە تەمەنیشم دەبێ بزانی چەندە ...

● چۆن لەم تیپەدا خۆت دۆزیەوە ؟

ــ من زۆر ئارەزووم لەمۆسیقایەو کە ئەم تیپە دامەزرا ، یەکسەر خۆم تیا ناونووسی کرد و ...

● باشە لە ماڵەوە کەس رێگەی لێ نەگرتی ؟

ــ نەخێر .. چونکە کەس وکارم لەو راستی یە گەیشتون کە هونەر شتێکی پیرۆزەو .. دوایی ئەم تیپە پایەیەکی بەرزی هەیەو هەموو لایەك رێزی لێدەگرێ .

● ئیتر ...

ــ ئیتر سوپاس بۆ « هاوکاری » ..

جیهانی رەنگاورەنگ

سینەما :

● لە سینەماوە بۆ رۆژنامە

ئەکتەری ئەمەریکایی جودی فوستر چۆتە خوێندنگای رۆژنامەنوسی لە نیویورك بۆ خوێندن ، ئەم ئەکتەرە کە لە فلیمی (شوفێری تاکسی)یەوە ناوبانگی دەرکرد دوای تەواوبوونی خوێندنی بریاری داوە بچێتە پاریسو لەوێ دەست بە کار بکات .

● × ●

● دوا فلیم

ئەکتەری فەرەنسایی مارلین ژوبێر ، خەریکی دەوربینینە لە دوا فلیمیدا بە ناونیشانی (ئەو وشانەی دەوترێن) کە لە رۆمانێکەوە وەرگیراوە ، لەم دواییەدا لە فەرەنسا بڵاوکرایەوەو زەواجێکی گەورەی عەبووە .

جگەرەکێشان قەدەغەیە

حکومەتی ماليزيا بریاری داوە جگەرەکێشان لە هەموو دائرەکانی دەوڵەتدا قەدەغە بکرێو قەدەغەشە لە هیچ دەزگایەکی راگەیاندن پروپاگەندە بۆ جگەرە بکرێ .

خوی پێوە گرتوە

گۆرانی بێژ جولی ئەندوز خوی بەوەوە گرتوە دەبێت هەموجار بەرلەوەی گۆرانی بڵێ پارچەیەك نانی وشك بخوات ، ئەگەر دەستی نەکەوێت گۆرانی بۆ ناوترێ ، نیتر خوەو هەر کەسە خوو شتێکەوە دەگرێ .

دوای پەنجاساڵ

بەر لە پەنجا ساڵو بە تەواوی ساڵی ١٩٣٢ شانۆگەری گاڵتە جاری « خۆکوژ »لە سەر شانۆی مۆسکۆ قەدەغەکرا .

کەچی لە تەموزی ئەمساڵدا واتە دوای پەنجا ساڵ شانۆگەریەکە لە مۆسکو پێشکەش کراو دوای ئەوەی ١٢ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی نووسەرەکەیدا نیکولای ئاردماندا رابوورد :

● ئەو دەورەی حمزی لێ دەکات

گۆرانی بێژ دیانا رۆس خەو بەوە دەبێنێ رۆژێ لە فلیمێکدا دەوری گۆرانی بێژی رەش جوزفین بێکر ببینێ ، بەڵام دەرهێنەرو بەرهەم ــ هینەرەکان دەڵێن خەوێکی گران دەبینێ چونکە شێوەی زۆر لە جوزفین دوورە .

چیرۆك بۆ منداڵان

فرۆکەوانە

فرۆکەی فرۆکەوانێکی عیراقی ، لە کاتێکدا بە ئاسمانی سنووری عیراقدادەفڕی ، بوو بە ئامانجی موشەکێکی دوژمنو پێکرا، فرۆکەوانەکە هەستی کرد نەك هەر فرۆکەکەی پێکراوە بەڵکوو خۆیشی پێکراوە .

هەستی کرد خوێن لە ژێر خوودەکەیەوە دەتکێت بۆیە دەبوو زوو بە زوو کارێکی ئەوتۆ بکات پێش ئەوەی فرۆکەکە بتەقێتەوە، پەنجەی بە دوگمەی دابەزیندا ناو بە شێوەیەکی توند لە فرۆکەکە دەرپەڕیە دەرەوە ، زۆری پێ نەچوو لەسەر خاکی نیشتمان پێی لە زەوی نا .

لەوێدا چەند منداڵێکی عیراقی بەرەو ڕووی هاتن ، دەرمانیان پێ بوو بۆ ئەوبان هێنابوو ، زۆر پێخۆشحاڵ بوون ئەویان لە ڕیزی خۆیاندا دەدی ، دەرمانەکەیان بۆ پێشکەش کرد . بەڵام فرۆکەوانەکە بە سوورربوونەوە داوای لێبوردنی لێ کردنو ووتی :

ــ تکاتان لێدەکەم ، وازم لێبهێنن ناتوانم ئەم دەرمانە بخەمە سەر برینەکەم .

فرۆکەوانەکە ترسی ئەوەی لێ نیشت هاوڕێکانی لە بنکە بەوەی بزانن کە برینداربووە ئەنجا لە فرین و جەنگینی بۆ ماوەیەك بێبەشی بکەن . بەڵام منداڵەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا کە خوێن بە دەمو چاوی فرۆکەوانەکەدا دەهاتە خواری ، لە هۆی ئەم لێبوردنەی تێنەدەگەیشتن . تا لێرەدا فرۆکەوانەکە دەستی بۆ زەوی بردو مشتێك خاکی هەڵگرتو ئەنجا حستیە سەر برینەکەیو بە منداڵەکانی ووت :

ــ بچووکەکانم لە بیرتان نەچێت کە خاکی نیشتمان باشترین دەرمانە .

منداڵەکانیش هەر یەکەو مشتێك خاکیان لە لەپ پڕ کردو وەك چۆن فرۆکەوانەکە ماچی کرد ئەوانیش ماچیان کرد .

مکرم رشید تاڵەبانی
لە عەرەبییەوە
کردوویەتی بە کوردی

هیواو .. ئاوات

منداڵە نازدارەکان

وا پشوی هاوین بەرەو کۆتایی دەچێتو ئۆش لە گەڕانەوەت بۆ سەر کورسی خوێندنو قوتابخانە نزیك

گۆشەی جیهانی منداڵان پیرۆزباییت لێ دەکات هیواداره ئەم وڵاتە ئازیزەماندا لەعیراق کاروانی بەرەوپێشکەوتن زیاتر بەردەوام بێ تا ئەوەی نوێ لە سایەی دەستکەوتو پێشکەوتنە بەردەوامەکاندا بە ئاسوودەیی بژی ساڵی داهاتووی خوێندنتان ساڵی هیواو سەرکەوتنی زیاتر بێو بۆ پێشەوە .

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد/ شەقامی الخلفاء/ مەیدانی خەلانی

تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی

بەپێوەبەری گشتی وسەرنووسەر

مصلح مصطفی جەلالی

هاوکاری

التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

٨ لاپەڕە ٥٠ فلسە

پێنج شەممە ١٩٨٢/٩/٢ ژمارە ٦٥٢

الخميس ١٩٨٢/٩/٢ العدد ٦٥٢

لەم ژمارەیەدا

- پێشوازی جەنگاوەرانی سووپای میللی لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك ل٢
- هەڵبژاردە لە ئەدەبی جەنگ ل٣
- دەنگی قوتابیان ، ئافرەت و خێزان ل٤

موهیب ڕوکن صدام حسین سەرداڵیای ئازایەتی بەدەستەیەکی ترلە پاڵەوانە ئازاکانمان دەبەخشێ

بەڕێز سەرەکی فەرماندە مهیب ڕوکن صدام حسین سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی ١٩٨٢/٨/٣١ مەدالیای ئازایەتی بە کۆمەڵێکی نوێی جەنگاوەرە دلێرەکان بەخشی بەرامبەر ئەو ئازایەتییە مەردانەی دژی ئێرانی دوژمن و داخڵەدڵ بە بەرگری کردنیان لە شەرەف و کەرامەتی نەتەوە نویاندوویانە .

ئەمەش دەقی مەرسومە کۆماریەکەیە کە تایبەتە بە بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە جەنگاوەرە دلێرەکان .

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

مەرسومی کۆماری

بەرامبەر بەو هەڵوێستە پاڵەوانیەی دلێریە مەردانەیەی کە ئەم جەنگاوەرانەی ناویان لە خوارەوەیە دژی فارسی ڕەگەزپەرست و دوژمن بۆ بەرگری کردن لە شەرەف و کەرامەت و عزەتی نەتەوە نویاندوویانەو پشت بە ئەحکامی هەردوو بەندی دووەم و سێیەمی یاسای مەدالیای ئازایەتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٨١ بریاری ئەمەی لای خوارەوەمان‌دا ..

بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بەم جەنگاوەرانەی ناویان لەخوارەوە نووسراوە ..

١ ـ مازن احمد محمد ـ مقدم رکن
٢ ـ بشار محمود ایوب ـ رائد رکن
٣ ـ ضیاء ماهر عبداللطیف ـ رائد رکن
٤ ـ مجید صلاح عبود ـ رائد
٥ ـ عامر شیاع عبدالله ـ نقیب
٦ ـ صباح حسین عبدالله ـ نقیب
٧ ـ سالم حمید رزیق ـ نقیب
٨ ـ گرجی حسن علوان ـ نقیب

* بڕوانە ل ٧ *

خۆراگرتنی شۆڕشی فەلەستین بەڕووی پیلانەکانی زایۆنیدا

مصلح جەلالی

گەلی عەرەبی فەلەستین کە لە نیشتمانەکەی خۆی دەرکراو وڵاتەکەی کرایە گەورەترین بنکەی سووپایی و سیاسی دژی گەلی عەرەب و گەلانی ئازادیخوازو هەموو هێزێکی پێشکەوتنخوازی ناوچەکە هەرچەند لە سەرەتاوە تا ماوەیەك کاسی ئەم دەستڵێوەشاندنە جەرگبڕە بوو بەڵام ئەویش وەك هەموو گەلێکی ژێردەستەو دەربەدەرکراو هات بیری لە چارەنووسی خۆی کردەوە .. ئەم بیرکردنەوەیە وای لێکرد کە پشت بە دەوڵەتێکی عەرەبی ببەستێ بۆ ئەوەی یارمەتی گەڕاندنەوەی بۆ ناو خاکی زەوتکراوی خۆی بدات .. بەڵام ئەو دەوڵەتە عەرەبییە دەستنەکەوت .. چونکە کاربەدەستانی هەموو ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی کە هەبوون پیاوو نۆکەری ئەو ئیمپریالیزمە بوون کە گەلی فەلەستینی لە خاکی خۆی دەرکردوو نیشتمانەکەشی کردە بنکەی پیلان و هەڕەشە کردن لە دژی میللەتی عەرەب و گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە .

باشە ئەم گەلە کە ئەم ڕاستییە بزانێت دەبی چی بکات ؟ دیارە پێش هەموو شتێك دەبێت پشت بە خۆی ببەستێ و سەرکردایەتییەکی سیاسی هەبێ و لەباڵ تێکۆشانی سیاسیدا خەباتی دلێرانەی چەکدارانە بکات .. بەم جۆرە لە ساڵی ١٩٦٥دا ڕێکخراوی سیاسی و سووپای ئازادیخوازی فەلەستین پەیدابوو توانی شوێنی خۆی لە خواروی ڕۆژئاوای لوبناندا بکاتەوەو لە نێو سیاسەتی عەرەب و دەوڵەتاندا دباربێ و شوێن و پایەی هەبێ .

گومان لەوەدا نیە زایۆنیزم بە پشتی ئیمپریالیزمی ئاغای کە دەربەست ئەوە نەبێ بەدەیان گەلی ئاوا پەرەوازە بێ و خوێن لە هەموو وڵاتێکدا لاشە بەرێت و هەموو شارێك بکاتە کەلاوەو هەرچی پێشکەوتن و زانینە لەناوی بەرێت لە کەمترین هێز دەترسێت کە بەرامبەری ڕابوەستێ نەخوازەڵا گەلێکی دلێری نەبەزی وەك گەلی فەلەستین کە بۆتە هێزێکی سیاسی سووپایی و گەلان و دەوڵەتانی جیهان هەموو دەیناسن و دانیان بە بوونیدا ناوە .

جا کە ئیمپریالیزم باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەم گەلە نامرێ و ڕۆژێك لەڕۆژان خۆی کۆدەکاتەوەو دەبێتە هێزێك .. بەرامبەر بەم گەلە چی‌دەکات ؟ سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاوی لە ساڵی ١٩٦٧ـەوە بۆلێدانی ئەو گەلە هێنایە کایەوە کە یەکێ لەو سیاسەتەش پیلانی دیقیدە .

ئەمڕۆش ئیمپریالیزم توانی وابکات هەندێ دەوڵەتی عەرەبی ئاو بەدەستیا بکەن و شانی بتەکێنن .. ئەبێ ئیتر بۆچی ڕێگە بدات هێزێك لە بن دەستی زایۆنیزمی نۆکەری‌یەوە ببێت و هەڕەشەی لێبکات ؟ دیارە ناهێڵێ و بواری نادات .. کەواتە دەربەست نیە ئەگەر هەموو گەلی لوبنانیش لەناوببات بۆ لەناوبردنی ئەو هێزەی کە لەخاك و نیشتمانی خۆی دەرکراوەو ئەمڕۆ لە لوبناندا جێگیربووەو مەترسی لێدەکرێت .

لە وتارێکدا لە یادی چواردە ساڵەی شۆڕشدا سەرەك صدام حسین وتی « دەست درێژی‌یەکەی زایۆنیزم .. وەنەبێ حاڵەتێکی تازەبێت .. ئەم حاڵەتە دەیەها ساڵە هەیەو بەردەوامەو جارناجارێ دووبارە دەبێتەوەو روخساری تازەو جۆراو جۆر وەردەگرێت .. بەڵام ئەو شێوەیەی کە ئەم دەستدرێژی‌یە زایونی‌یەی بۆ سەر لوبنان و گەلی فەلەستین و جووڵانەوەی بەرگری فەلەستین کرا ، حاڵەتی بارو دۆخی ڕۆچووی ئەمڕۆی مەیدانی عەرەبی . بەڵە هەموو ئیعتبارێکی تر ئاوەژوو دەکاتەوە ... »

میللەتی عیراقی خۆشەویستمان پاش ئەم پیلانە گەورەیەی دژی گەلی فەلەستین لە لوبناندا سازدرا باوەشی بۆ جەنگاوەرە دلێرەکانی سووپای ئازادیخوازی فەلەستین کردەوەو .. ئەو پیلانی هەنگاو بەهەنگاوەی دوژمنانی ڕوونکردەوە کە ڕەگەزپەرستانی ئێران دژی عیراقی خۆشەویستمان بەشەر سەپاندن بەسەرماندا دەیکەن .. تاوەکو حکومەتی شۆڕش نەتوانێ یارمەتی گەلی فەلەستین بدات و هەر بە شەرەوە خەریکبێ .

هەروەها هۆی دواخستنی هێرشی دڕندانەی زایۆنیزم لەبەر ئەمەبوو کە سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە وتاری ناوبراودا ڕوونی کردەوە « قەوارەی

* بڕوانە ل ٧ *

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابووردوو

عمان :

هێزە داگیر کارەکانی زایونی دوژمن شەش لاوی عەرەبی لە شاری نابلس بە گوناهی ئەوە گرتوە کە یاساوڵەکانی سەر سنووریان بەردە باران کردوە .

جەزائیر :

سەرەکی مۆریتانی محمد خونە ولد هیداله گەیشتە جەزائیر بە سەردانێك کە چەند ڕۆژێ دەخایەنێ و گفتوگو لەگەڵ سەرەکی جەزائیر شاذلی بن جدید دەکات .

ریاض :

ڕێکەوتنێ لە نێوان سعودیەو ژاپۆندا مۆر کراوە کە بەو پێیە ژاپۆن دە فرۆکەی عەمودی بۆ مەبەستی بەرگری مەدەنی دەدات بە سعودیە .

سدنی :

زیاتر لە سێ هەزار کەس لە شاری سدنی گەورەترین خۆپیشاندانیان ساز کردوە ، دژی داگیرکاری نارەوای زایونیەکان لە لوبنان و کاروباری دڕندانەیان دژی گەلی عەرەبی فەلەستین و لوبنان .

کاسترۆ : وڵاتانی بێلایەن ستایشی هەڵوێستی عیراق دەکەن

هاڤانا ـ ٣١ ـ فیدل کاسترو سەرەکی دەوڵەتی کوباو سەرەکی وڵاتانی بێلایەن دووپاتی کردەوە کە ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتەکان پەنجەیان بۆ ئەو تەفەللاو هەڵوێستە بەجێیە ڕاکێشا کە عیراق هەیبوو دەوڵەتەکان بریاری ئەوەیاندا کە کۆنگرەی هەشتەم لە بەغدا بگیرێ .

* بڕوانە ل ٧ *

قەزافی سەرکردەکانی (خۆراگرتن و بەرەنگاربوونەوە) تاوانبار دەکات !!

تەرابلس ـ ٣٠ ـ ئا.د.ع. سەرەکی ڕژێمی لیبیا معمر قەزافی بەهۆی ئەوەوە سەرەکەکانی دەوڵەتانی (خۆراگرتوو بەرەنگاربوونەوە) ئیستا بەشداری کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب

* بڕوانە ل ٧ *

بڕۆژەی بریارێکی عیراق لەبەردەم کۆنگرەی بەرزدا

کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب بریاری‌دا ئەو پڕۆژەی بریارەی عیراق تایبەت دەربارەی شەری عیراق و ئێران ئامادەی کردوە بیخاتە بەرچاو کۆنگرەی دوانزە هەمەی بەرزی عەرەب .

پڕۆژەی بریارەکە ئیلتزامی وڵاتە عەرەبەکان دووپات دەکاتەوە بۆ بەرگری لە خاکی عەرەب کە وای دادەنێ هەر دەستدرێژیەك بکرێتە سەر هەروڵاتێ دەستدرێژیە بۆ سەر نەتەوەی عەرەب .

دیسان پڕۆژەکە ئامادەیی وڵاتە عەرەبەکانی تیایە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەرامبەر بە عیراق بەپێی پەیمانی جامعەی عەرەب و پەیمانی بەرگری هاوبەشی عەرەب لە کاتێکدا کە ئێران وەڵامی دەفەکانی بریارەکە نەداتەوەو بەردەوامبێ لە دەستدرێژی و شەڕ دژی عیراق و هەوڵدانی بۆ هاتنە خاکی عیراق .

واشنتون پۆست : ڕژێمی سوریاو زایۆنی دوژمن و سوودی دەکەن یەکتر

ڕۆژنامەی واشنتون پۆست لەو ژمارەیەیدا کە ڕۆژی ٢٩ـ٨ـ١٩٨٢ دەرچوو بە پینوسی (جوزیف کرافت) کە ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوەو دەزانرێ کە چەند پەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی ئەمەریکادا هەیەو نووسیویتی دەڵێ :

سوریاو ئیسرائیل لەو کشانەوەیەی کە بەرەبەرە

* بڕوانە ل ٧ *

فرۆکەکانی لەنێزی ئاسمانیمان دوژمنی هێناوەتە لەرزە

لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابووردوەوە هەتا ئەمڕۆ فرۆکەکانی هێزی ئاسمانی دلێرمان دووجار هێرشیان بردۆتە سەر بنکەو کومپانیا کانی ڕژێمی ئێرانی دوژمن لە دورگەی خرج بۆبەرپەچدانەوەی بەردەوامی دەستدرێژیە نارەواکانی ئەورژێمە ڕەگەزپەرستە کە دەیکاتە سەر شارو گوندەکانمان لەسەر سنوور .

قسەکەرێکی سەربازی لە سەرکردایەتی گشتی هێزد چەکدارەکان ڕای‌گەیاند کە هەردوو جارەکە هێرشە ئازایانەکانی فرۆکەکانمان سەرکەوتوو بوون و بە تەواوی نیشانەیان پێکاوەو هەمووشیان بە ساغ و سەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانیان .

لە ماوەی هەفتەی ڕابووردودا کە لە بەیاننامەی ٨٢١وە تا ٨٢٧ لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانمانەوە دەرچوون، ئەوە دووپات کراوەتەوە ، کە جەنگاوەرانی سوپای عیراقی مەرد سوورن لەسەر ئەوەی بە توندی و جەرگ بڕانە لێدان ئاراستەی سەرسەری هێزە چاو چنۆکەکانی دوژمنی ڕەگەزپەرست و قین لە دل بکەن و نەیەڵن بە هیچ جۆری خەونە چەپەڵەکانیان بێتە دی .

لە ماوەی هەفتەی ڕابووردودا بەرامبەر هەر جوڵانەوەیەکی نامەردانەی دوژمن بەرپەچدانەوەی مەردانە لە هێزەکانمانەوە ڕووبەڕووی بۆتەوەو بەسەدان لە هێزەکانیان کوژراو برینداربوون کراون سەرەڕای زیان دانی گەورە لە ئالەتی شەڕی دوژمن .

دیسان هەر لە هەفتەی ڕابووردوداو بۆ چاوشکاندنی

* بڕوانە ل ٧ *

کوژرانی سەرکردەی پاسدارانی خومەینی لە کوردستان

دۆزینەوەی بنکەیەکی چەك و تەقەمەنی

لە تارانەوە ڕاگەیەنرا کە ناصر کاظمی سەرکردەی پاسدارەکانی خومەینی لە هەریمی کوردستانی ئێران کوژراوە .

ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی بڵاوی کردەوە کە سەرکردەی پاسداران لە هەریمی کوردستان لە دەرەوەی شاری « پیران شەهر » بە دەستی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێران کوژراوە .

لە شەرێکدا کە ژمارەیەك لە سوپای نیزامی و پاسداران تیایدا بەشداربوون ناوبراو کوژراوە ، تەنیا ئەمەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێم باسی زیانەکانی تری هێزەکانی خۆیان لەو شەڕەدا نەکردوە .

دیسان لە تارانەوە بڵاو کرایەوە کە بنکەیەکی چەك و تەقەمەنی نهینی هێزیکی بەرهەڵستکاری لە هەریمی

* بڕوانە ل ٧ *

ڕەفسنجانی هێرش دەباتە سەر زانایانی موسڵمان !

ڕەفسنجانی سەرەکی ناوبراو بە ئەنجومەنی شواری ئێرانی هێرشی بردۆتە سەرزانایانی موسڵمانی و بە بێدەنگ بوون بەرامبەر ڕووداوەکانی لوبنان گوناهباری کردوون ، ڕەفسنجانی زانایانی ئەزهەر و زانایانی عیراقی گوناهبار کردوە کە لەئاست ڕووداوەکانی لوبناندا بێدەنگ بوون ، وادیارە ئەم کابرایە کە باسی ڕووداوەکانی لوبنان دەکات و باسی ئەو زانا موسڵمانانەدەکات کە دەنگیان بەرز بڵند کرد بۆ گوناهبار کردنی داگیرکاریەکە ، ئەو پەیوەندیە گەورەیەی لە بیر دەچێ ڕژێمی تاران و تەل‌ئەبیب و دەوری دوژمنایەتی کارانەیانی بەیەکەوە بەستوەو هەردوو ڕژێم دژی نەتەوەی عەرەب کاردەکەن و ئەوەی لەبیر دەچی چ پەیوەندیەکی هاوکاری و چەك پێدان لە نێوانیاندا هەیە .

هاوریٚ طه یاسین رمضان دووپاتی دەکاتەوەکە رۆڵەکانی گەلی کوردمان نموونەی تەواوی یەکێتی میللەتەکەمان دەسەلمێنی

هاوریٚ طه یاسین رمضان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرکردەی گشتی سووپای میللی دووپاتی کردەوە کە جەنگی سەرکەوتووی قادسیەی صدام یەکێتی میللەتەکەمان‌و ئامادەیی هەمیشەیی بۆ قوربانی‌دان‌و خۆبەختکردنی نیشاندا بۆ بەرگری کردن لەخاك‌و سەربەستی نیشتمان .

لەکاتی بەریٚکردنی جەنگاوەرانی کەرتی ١١ی ئاداری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بۆ ریزەکانی پێشەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێرانی دوژمن وتی رۆڵەکانی گەلی کوردمان لەگەڵ هاوریٚکانیاندا جەنگاوەرانی سووپای میللی‌و هێزە چەکدارە دلێرەکانمان بۆ لوت شکاندنی دەستدریٚژی‌یەکانی ئێرانی نەزان بەڕاستی نموونەیەکی تەواوی یەکێتی میللەتەکەمان‌و بەرگری‌کردن بوون لەسەربەستی نیشتمان .

هەروەها هاوریٚ سەرکردەی گشتی سووپای میللی وتی دوژمنەکانی میللەت‌و نەتەوەمان کەوتنە ئەو گێژاوەوە کە گوایە ئەو جەنگە دوژمنایەتی‌یەی دژی وڵاتە تێکۆشەرەکەمان دەیکەن دەیێتە هۆی پارچە پارچە کردنی یەکێتی میللەتەکەمان‌و کەلێن خستنە ناوی‌یەوە بۆ ئەوەی لێوەی بێنە ژوریٚ‌و لە دەسکەوتەکان‌و وەدیهاتووەکانی شۆڕش بدەن بەڵام وەڵامدانەوەیان لە لایەن میللەتە خەباتکارەکەمانەوە زیاتر ئەو یەکێتی‌یە شۆڕشگێڕی‌یەی دەربڕی کە ریٚگەی هەڵی لە دوژمن گرت تاوەکو نیازە چەپەڵەکانیان بەدی نەهێنن .

قسەی بۆ جەنگاوەرکان کردوو وتی ئێو ئەی رۆڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە سەرەتای شەڕە رەواکەماندا هێزێکی زیادەبوون شانی بەشانی براکانتان جا ئایا لە مەیدانەکانی مەشق کردندا بووبێت یاخود بە بەشداری کردنتان بووبێت لەجەنگی شەرەف‌و کەرامەتداو بەوەش قولایی ئەو پەیوەندی‌یەتان دەربڕی کە بە میللەت‌و نیشتمانەکە‌تانەوە هەتانەو بۆ دوژمنتان دووپات کردەوە ئەو تەقەللایانەی دەیدەن بۆ لێکدابڕانی یەکێتی میللەتی عیراق سەرناگرن‌و پووچەڵن چونکە ئەو تەقەللایانە مەبەستیان کوسپ خستنە ریٚگای رەوتی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی شۆڕشی هەموو میللەتە کە ئێوە بەشێکن لیٚی .

هاوریٚ طه یاسین رمضان دووپاتی کردەوە کە زایۆنی‌و ئیمپریالیزم‌و رژێمی تەڵەکەبازی ئێران ویستیان لە شۆڕش‌و لە میللەتەکەمان بدەن چونکە بەو دەورە دەرکەوتووەی عیراقیان زانی کە لە بزووتنەوەی شۆڕشی عەرەبدا هەیەتی‌و کە چۆن بڵێیەیەکی گەشە لەو شۆڕشەداو بەم شەرەیان کە لەلایەن ناپاکانی نەتەوەی عەرەبەوە وەکو اسدو قەزافی پشتی دەگیریٚ ویستیان لە دەسکەوتەکانی شۆڕشەکەمان بدەن بەڵام میللەتە یەکگرتووەکەمان بەسەرکردایەتی بەریٚز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بووە یەك‌گیان‌و یەك لەش بۆ بەرگری‌کردن لە شۆڕشەکەی‌و بۆ دوژمنی دووپات کردەوە کە نەخشەو پیلانەکانی دژمان دەیکەن لە پوچەڵ کردنەوەو نووچدان زیاتر هیچیان دەستناکەوێت چونکە هەرچۆنێك بێ ناتوانن لەبەر تواناو بەخشینی شۆڕش‌و میللەتدا خۆیان پێ راگیر ناکرێت .

هاوریٚ سەرکردەی گشتی سووپای میللی پەنجەی بۆ ئەو گیانە بەرزەی جەنگاوەرانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کێشا کە هەیانە ئەوانەی کە لە دەستگرتنیاندا بە بەرنامەکانی مەشقەوە لە سووپاگەکاندا دووپاتیان کردەوە کە بەشێکن لە تاقی‌کردنەوەی ئەو سووپای میللی‌یەی کە رۆژ لە دوای رۆژ سەرکەوتنی خۆی دەرخستووەو پەنجەشی بۆ ئەوە کێشا ئەوەی کە بەشداری کردنیان لە جەنگی قادسیەی نەمری صدام‌دا وەدیان هێناوە ئەیێتە هۆی وەدیهێنانی سەرکەوتنی نویٚ دژی دەستدریٚژی کردنی ئێرانی نەزان‌و توانای میللەتەکەمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەمیشەیی‌و کۆتایی پێ‌هێنانی هەموو نەخشە چەپەڵەکانی بۆ دوژمن دەردەخات .

هاوریٚ طه یاسین رمضان روونی کردەوە میللەتەکەمان کە باوەڕ لە سەرکردەی بێ‌هاوتا بەریٚز سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین‌ەوە وەردەگریٚ پاڵەوانانەو بەتواناو نزیکەی دوو ساڵ بەرەنگاری دەستدریٚژی ئێران بووەوەو بۆ جیهانی دەرخست کە میللەتێکە کۆڵی پێنادریٚ‌و توانای بەرەو پیرچوونی دەستدریٚژی هەیەو هەرچەندە ئەو جەنگە بخایەنێ سووربوونی بۆ بەردەوام بوونی خەبات‌و شەرکردنی بۆ وەرگرتنی مافی رەوامان زیاد دەکات .

لە کۆتایی وشەکەیدا هاوریٚ سەرکردەی گشتی سۆوپای میللی سڵاوی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و بەریٚز سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین‌ی پێشکەش بە جەنگاوەرەکان کردوو سەرکەوتن‌و بەرزی بۆ خواستن .

جەنگاوەرەکان لە هاوارو ئاوازەکانیاندا خۆشەویستی‌و شانازی خۆیان بەرامبەر بەسەرکردایەتی بێ‌هاوتای بەریٚز سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەربڕی دووپاتیان کردەوە کە بۆ پاراستنی وەدیهاتوو دەسکەوتەکانی شۆڕش‌و جەماوەر خەبات بکەن‌و بۆ بەرگری کردن لە خاکی بەنرخی نیشتمان هەمیشە ئامادەبن قوربانی بدەن‌و خۆیان بەخت بکەن .

لە بەریٚکردنەکەدا هاوریٚ سمیر محمد عبدالوهاب ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و عەمید روکن سەرەکی ئەرکانی سەرکردایەتی گشتی سووپای میللی‌و ژمارەیەك لە لیٚپرسراوانی سەرکردایەتی گشتی سووپای میللی ئامادەبوون .

هاوریٚ سعدی مهدی صالح دەستی ریٚز دەنێت لە دەورەی جەنگاوەرانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی دەیگێڕێت

ئامیرو یاریدەرەکانی کەرتی سووپای میللی لە پارێزگای سلیمانی ئامادەییان پیشان داوە بۆ قوربانی دان‌و بەخشش لە پێناوی عیراق‌و سەربەستی‌و ئابڕویدا ، لەو کۆبوونەوەیەدا کە هاوری سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ئەمین‌سڕی نووسینگەی ریٚکخراوی باکوور تیایدا ئامادە بوو یەك ریز وەستانیان دووپات کردەوە لە پشت سەرکردایەتی بەریٚز سەرەکی تێکوشەر صدام حسین‌و بەهێز کردنی بەرەکانی جەنگ بە خوێنی نوی بۆ پتەو کردنی سەرکەوتنەکانمان بە سەر دوژمنی ئێرانی چەپەڵدا .

هاوری سعدی مهدی صالح لە ووتەیەکدا لەو کۆبوونەوەیە کە هاوریٚ ئەمین‌سری سەرکردایەتی لقی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست فەرماندەی سوپای میللی ناوچەی سلیمانی ئیسا ئامادەبوو ، دەستی ریٚزی نا لە دەوری دیاری چەنگاوەرەکانی سوپای میللی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنومی لە بەرەکانی جەنگداو بەشداری جەماوەری ناوچەکە لە جەنگداو پتەو کردنی گیانی سەرکەوتن‌و پشتیوانی هیزە چەکدارە ئازاکانمان .

هەروەها وتی : چەنگاوەرانی سوپای میللی لە ریزی رۆڵەکانی گەلی کوردمان هە لە دەستپێ‌کردنی دەستدریٚژی نارەوای ئێرانیەکانەوە بۆ سەر نیشتمانەکەمان دووپانیان کردەوە کە رۆڵەی کارامەو بە جەرگن لە راپراندنی ئەرکی جەنگین‌دا لە پەرەکانی جەنگ‌و سەلماندنی پێکەوە بەستراوەی ریٚی تێکوشانی هەموو جەماوەری وڵاتەکەمان‌و کۆبوونەوەیان لە دەوری سەرکردەی کاروانی سەرفرازمان بەریٚز سەرەکی تێکوشەر صدام حسین .

لە سەرەتادا هاوریٚ فەرماندەی سوپای میللی ناوچەی سلیمانی بە ناوی جەنگاوەرانی سوپای میللی‌یەوە لە ناوچەکە بە وەفایی‌و دلسۆزی بۆ شورش‌و پاراستنی دەستکەوتە مەزنەکانی دووپات کردەوە .

لەو کوبوونەوەیەدا باسی نەخشەی مەشق‌و بەرەپێدانی توانای جەنگاوەرەکان‌و بەشداریان لە جەنگی شەرەفمەندی قادسیەی صدام‌دا کرا .

جەنگاوەرەکان دلسۆزی‌و خۆشەویستی قولی خویان بۆ سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەربری لەگەڵ شانازیان بە بەشداربوونیان لە جەنگی رەوامانداا بۆ بەرگری لەسەربەستی‌و سەربەرزی نیشتمانی .

لە هەولێر وسلێمانی ودهۆك

پێشوازی گەرمی ئەوجەنگاوارانەی بە رەکانی جەنگ گەراونەتەوە

لە ماوەی هەفتەی رابوورددودا ، هەرسێ پارێزگاکەی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنومی ، بە شانازیەوە پێشوازی چەندان دەستەی جەنگاوەرانی سوپای میلیان کرد کە لەبەرەکانی جەنگ گەڕانەوە ، دوای ئەوەی شەرەفی بەشداریان لە جەنگی رەوامانداا دژی چاوبرسیەتی دوژمنی ئێرانی وەرگرت .

● **هەولیر :**

جەماوەری هەولێر پێشوازی دەستەیەکی نویٚی ئەو جەنگاوەرانەی کرد کە لە خەتی پێشەوەی روو بەرووبوونی ئێرانی دوژمن گەڕانەوە .

لە پێشەوەی پێشوازی‌کەران بەریٚز جمال حاجی شەریف سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان‌و ژمارەیەك لە بەریٚزان ئەمبندارەکانی ناوچەکەو جێگری پارێزگاری هەولیرو هاوریٚ علی حسون جواد فەرماندەی سوپای میللی ناوچەی هەولێرو هاوریٚیان ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیاش لە هەولیرو جەماوەریٚکی زۆر ئامادەبوون .

* بڕوانە ل ٧ *

بەدەو رووناکی

قادسیەی صدام و لایەنی ئابوری

هەروەك چۆن لە شەڕدا دووربینی‌یەکی سوپایی گەلێ گرنگە بۆ وەدەس هێنانی سەرکەوتن بە سەر دوژمن‌دا ... واتە دەوری چەك‌و ئامادە کردنی هەموو پێویستیەکانی شەڕ کە یەکسەر یان بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە کوڕی جەنگدا بەکار دەهێزێت‌و دوژمن تەفروتونا دەکات ..

دیسان لایەنێکی تری گرنگ هەیە بەلکو دەتوانین بڵێین هەرگیز نرخی لە چەك‌و کەرەستەکانی تر کەمتر نین بە پێچەوانەوە زۆرجار هەروەك لە شەڕە جیهانیەکان‌و شەڕەکانی تری نێو وولاتاندا دەرکەوتووە لایەنی ئابوری زیاتر دەوری خۆی بینیوە‌و بوەتە هۆی وەدی‌هێنانی سەرکەوتنی گەورەو نایاب .. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی ئەگەر ئەو شەڕە ماوەیەکی دوورو درێژ بخایەنێت‌و مەودایەکی فراوان بگرێتە بەر ...

چونکە لایەنی ئابوری نەك تەنها لە ڕادەی کرینی چەك‌و ئازوخەو ئامادە کردنی پێویستیەکانی تری شەڕدا ڕادەوەستێت .. بەڵکو لەمانە تێپەڕ دەکات‌و کار دەکاتە سەر لایەنی دەروونی خەلق‌و شەڕکەران‌و لە مەعنەویاتیان بەزر دەکاتەوەو دەبێتە هۆی ئارام گرتن‌و هێمنی ناوەوەی وولات .. دەوری لایەنی مادی دەچەسپێنێت ..

لە مێژووی نویٚ‌و دێرینی وولاتاندا .. لایەنی ئابوری گەلێ جار یەکەم دەوری خۆی بینیوە بۆ وەدی‌هێنانی سەرکەوتنی بە سەر دوژمناندا ... ئەمە ئەبێتە شتێکی مەسیری بە تایبەتی بۆ وولاتە تازە پێگەیشتوەکان یان ئەو وولاتانەی کە لایەنی ئابوریان تازە دەبوژێتەوەو نەشەونما دەکات ...

ئا لێرەدا ئامادە کردنی پێویستیەکانی ئابوری لە شەڕەکەماندا دژی دوژمنی میللەکەکەمان خومەینی‌و تاقمە بۆگەنەکەی عونسرێکی بنەڕەتیە لە سەرکەوتنەکەماندا .. هەروەها هۆیەکی گرنگیشە بۆ پەك کەوتنی دوژمن‌و نەمانی بڕوا بە خۆ کردنی‌و بەرانبەر بە هێزو شکۆو مەعنەویاتی بەرزی سوپای دلێرمان .

ئابوری..دەوری بالای خۆی بینی لە شەڕەکەماندا بووە هۆی یەکێ لە هۆیە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنمان ... دیسان دەوری کاریگەرانەی خۆی لە بەهێز کردنی بەرەی ناوەوەو خولقاندنی هێمنی‌و ئارامی بە چەشنێك هەموو هێزەکانی گەل ڕوویان کردە مەیدانی شەڕو بەبێ من‌وتۆی لولەی تفەنگەکانیان ئاراستە بە سنگی دوژمن کردو سەرکەوتنی گەورەو نایابی وەدی‌هێنا .. ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ گەلێ هۆ :

عێراق لە ماوەی چوارده ساڵەی ڕابوردوویدا توانی زەمینەیەکی پتەوی بەهێزی ئابوری بخولقێنێ بە تایبەتی دوای خۆماڵی کردنی نەوتی‌و وەدەست‌کردن بەکارهێنانی دانانی پلانی ئابوری ووردو دانانی هەزارەها پرۆژەی ئابوری جۆراجۆر بە چەشنێك عێراقی شۆڕش گەیشتە ڕادەیەکی بەرز بۆ ماوەی ئەم چەند ساڵە سەرکەوتنێکی نایابی وەدی هێنا بەتایبەتی لە لایەنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری بگرە لایەنی بە هێزکردنی سوپایەکی خاوەن بڕوای لە یاد نەکردوو بۆ ئەوەی بتوانێت دوژمنانی عێراق ببەزێنێت‌و دەم‌کوتیان بکات‌و هەرگیز ئەتوانن بۆ هەتاهەتا خۆیان بخەنە توخنی عێراقەوە ...

شۆڕش لە عێراقیە بە سەرۆکایەتی بەریٚز صدام حسین توانی کاروانی خۆی تاو بنێت‌و رۆژ دوای زیاتر بڕوای میللەت پتەو بکات‌و کۆسپ‌و پیلانەکانی دوژمن گۆڕبەگۆڕ بکات ... ئەوەتە ئێستا ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستانی هانی خومینی‌و تاقمەکەی داو ئەم شەڕە دوورو درێژەیان بەرپا کرد ، بۆ ئەوەی عێراق شۆڕش لە ڕەوڕەوە مێژوویەکەیدا ڕابوەستێنن‌و دەست بخەنە ناو کاروباری ناوەوەی عێراق‌و ئامانجی ناپاکی خۆیان وەدی‌بهێنن ... بەڵام هەروەك بۆمان دەرکەوت ئەمانە هیچ بە هیچ ناکەن‌و هەرگیز خەونی خۆیان ناهێننە دی ... عێراق‌هەر بە سەربەرزی دەژیت‌و بەردەوام سەردەکەوێت‌و زیاتر ئیدەکۆشێ بۆ وەدی هێنانی ئامانجە پیروزەکانی میللەتە تێکۆشەرەکەی .

● **فؤاد حسین احمد** ●

پیاوانی ئایینی‌و ئەرکی هوشیار کردنەوەی جەماوەر

خوێنەری بەریز :

بەهوی هەندێ هەڵەی تەکنیکی‌و هەڵەی چاپ‌و کەمی کادیر ، هەندێ جار گیروگرفت لە بڵاوکردنەوەی هەندێ نووسراودا لە رۆژنامەکەمان روو دەدەن ، بێگومان ئێمە لە کاتێکدا ئەوە دووپات دەکەینەوە دەمانەوێت هەمیشە ((هاوکاری)) رۆژنامەیەکی پێشکەوتو بێ ، بەڵام کار بەبێ هەڵە هەندێ زەحمەتە ، کەسێ هەڵە دەکات ، کە کار دەکات بەم بۆنەیەوە ئەم گفتوگویەی لەگەڵ بەریز بەریوەبەری ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی لەپارێزگەی هەولێر کرا بوو کە لە ژمارە ٦٤٩دا بڵاوکرایەوە لە بەرئەو هویانەی سەرەوە بە هەندێ هەڵەوە بڵاو بوبوەوە ئێمە لەکاتێکدا داوای لێبوردن لە هەموو لایەك دەکەین وا دووبارە دەقی گفتوگوکە بڵاو دەکەینەوە .

● **هاوکاری** ●

هاوکاری سەردانێکی لە بەریوەبەرایتی ئەوقاف لە هەولیر کردو ئەم گفتوگویەی لەگەڵ بەریوەبەرو چەند پیاویکی ئایینی کە لە بەریوەبەرایتی‌یەکە ئامادە بوون کرد .

لە وەڵامی پرسیارێك کە دەربارەی جموجۆڵی‌و چالاکی بەریوەبەراتی‌یەکە بوو مامۆستا رؤوف محمد صالح بەریوەبەر وەڵامی داینەوە ووتی :

بەریوەبەرایتی ئەوقاف لە هەولیر لەم ماوەیەی دواییدا بۆ دروست کردنی چەندەها مزگەوتی قەشەنگ‌و ریك‌وپیك‌و ئاوەدان کردنەوەی چەندەها تەکیە‌و خانقاەو دروست کردنی چەندەها کوشکی نیشتەچی کردن‌و ئوتێلی سیاحی‌و کردنەوەی دەورەی فیرکردنی قورئانی پیروزو گێڕانی ئاهەنگ بە هۆ ئایتی‌یەکانەوە هەلساوە .

ئیستاش هەوڵ‌و کوششمان تەرخان کردوە بۆ کردنەوەی پیشانگای قورئانی پیروز کە تیاییدا جەندە جور لە قورئان پیشان هاووڵاتیان دەدری‌و بویان هەیە کە بیشی‌کڕن .

ئەمەو لە چالاکیەکانی ساڵی ڕابوردوو یەك دوو قورئان خوینمان چوونە دەرەوەی وولات بە مەبەستی کورد بە خەلکی ناسین‌و چەند بە تەنگ موسلمانانەوە هەن‌و چۆن پەیڕەوی ئایینی پاك‌و پیروزی ئیسلام ئەکەن نوینەرەکان بۆ بۆتان ، تورکیا ، صۆماڵ ، جیبۆتی‌و یەمەنی شمالی وە هەروەها یەکیك لە قورئان خوێنەکان لە هەولێر ساڵی پار نێردرا بۆ (تایلاند) بۆ خویندنی قورئانی پیروز بە هۆی‌مانگی رەمەزانی پیروزەوە ئەم ساڵیش یەکیك دەنیرین بۆ کوماری (مالدیف) بۆ هەمان مەبەست ئەوەی شیاوی باسە کە بەریوەبەرێتی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی سەرپەرشتی حەج کردن ئەکات لە پارێزگاکەو سەرپەرشتی مزگەوت‌و خانقاو تەکیە دەکات‌و پیویستیان جێ‌بەجی ئەکات لە کەل‌وپەل‌و هەموشتیکیان بۆ ئامادە ئەکات .

ـ بۆ روڵی ژانا ئایینی‌و پیاوە ئایینەکان‌و بەریوەبەرایتی‌یەکە هەرکەس لە شوینی خویان‌دا چیان کردوە بۆ دەربڕینی مافی رەوامان لە جەنگی سەپێنراودا بە سەر وولاتە خۆشەویستەکە ماندا .

وەڵام ئەمە بوو .

بەریوەبەرایتی ئەوقاف لە هەولیر هەر لە سەرەتای ئەم جەنگە ناڵەبارەی کە رژیمی ئیران سەپاندی بە سەر وولاتماندا بە چەند چالاکیەك هەلستا بۆ ڕوون کردنەوەی دەوری خیانەتکاری کە رژیمی خومەینی جادووگەر دەیگێڕێ دژ بە ئیسلام‌و هەمو لایەکی خێرخواز لە ناوچەکەمان‌داو لە ئیران .

ئنجا بو بەرپەچ دانەوەی ئەم دەورە ناراستە چالاکانە زانایانی ئایینی ناوچەی کوردستان هەلستان بە دەوری خویان تا وانەکانی خومەینی‌یان دەرخست بۆ دانبشتوانی ناوچەکە بەهوی ووتاری ڕۆژانی هەیٚنی‌و چەندە لیٚدوان لە سەر تەلفزیون‌و ئیستگەو تاوانە گەورەکانیان دژ بە نەتەوەی کوردی ئیران . وە زور گورجوگۆڵانە دەوری خویان بینی بە گیڕانی چەندەها کۆڕی ئایینی لە شارو دیهاتەکان‌داو بۆ ئەم مەبەستە لیژنەی هوشیار کردنەوەی هەولیٚر دەوری گرنگی هەبوو .

نووسینگەی هەولیر
نەجات ئامادەی کردوە

هەڵبژاردە لە ئەدەبی جەنگ

ئالا

ئاگری توپخانەکەمان ، دەستی بە بۆردمان کردنی ئەو سەربازانەی دوژمن کرد کەخۆیان لە مەخفەری (ڕزگاری)دا شاردبوویەوە .. ئاگرەکانیان کوژایەوەو دەنگی تەقەکردنیان نەما .. هێمنی باڵی بە سەر مەخفەرەکەدا کێشا .. وا دیار بوو هەموو شتێك ئێستا کۆتایی پێ هات .

ئەفسەرەکە رووی کردە جەنگاوەر (عەدنان عەلی)و .. ئالا خۆشەویستەکەی خۆمانی دایە دەستو .. ئەنجا پێی ووت :

ـ (عەدنان) .. تۆم بۆ ئەم کارە هەڵبژارد بۆ ئەوەی سەربەرزی بەرز ـ کردنەوەی ئالا بە سەر مەخفەرەکەدا وەربگریت .. دەزانم تۆ بەجەرگو وەرزشەوانێکی بێ هاوتایت .. سا خێراکە بڕۆ !

(عەدنان) ئالاکەی لە ئامێز گرتو .. تۆزێك چووە پاشەوەو .. سەلاوی کردو ووتی :

ـ گەورەم .. وا من دەڕۆم .

دووبارە سەلاوی بۆ کرد ، خێرا بەرەو مەخفەرەکە کەوتە ڕێ .. مەخفەرەکەلەو بەرانبەرەیە .. گەیشتن بە مەخفەرەکە ئاسان نیە .. چونکە شێوو گۆماوی وەستاوو درك و داڵی چڕ دەورەیان داوە .. بەڵام گرنگ نیە . هەموو شتێك لە پێناوی نیشتمانداو ، بەرزکردنەوەی ئالاخۆشەویستەکەی بە ئاسمان دا کە بشەکێتەوە ، ئاسان دەبێت .

(عەدنان) بەرەو مەخفەرەکە دەچوو .. جارێك هەڕای دەکرد .. جارێکی تر بە سکەخشکێو .. بە پیاهەڵگزان .. مەسافەیەکی چاکی بڕی !!

((بەڵام ئەمە چیە ؟ ئەمەشبۆیێکی پانوپۆڕە .. پانایی لە سێ مەتر زیاترەو .. پڕی لە ئاوەو .. بۆنەکەی پیاو کاس دەکاتو ، ئەم پووشەدرێژانەیش نایەڵن بۆ پێشەوەبڕۆم ، ئەگەر بە مەلێ کردن لەشبۆوەکە بپەڕمەوە .. چی بکەم ؟

دەبێت ئەم ئالایە زووبەسەر مەخفەرەکەدابشەکێتەوە ..))

بە ئامێزیەوە نووساند .. لە کانگای دڵەوە هەستی بەخۆش ویستنی کردو ، دەستی کەوتە سەر دارەکەی ، ئەم دارەی زۆر توندوبەهێزە ، وەك هێزی جەنگاوەرەکانمان ..

بیرێکی بۆ هات ، ئەمداری ئالایە بیرێکی بۆ هێنایە گۆڕێ ! (عەدنان) خێراهەڵسا .. کەتیك گەڕایەوە پاشەوە ، ئەنجا بۆ پێشەوەتێی تەقاندو .. داری ئالاکەی لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا چەقاندو .. بە بازدانێکی وەرزشەوانانەی بێ هاوتا ، جەنگاوەر (عەدنان) لەو کەناری شێوەکەوەڕاوەستا !

هۆشی پێداهاتەوە ! ئەومەشقە وەرزشەوانانەی کە لە قوتابخانەدا ئەنجامی دەدان ، چەند سوودبەخش بوون !

بە هەورازەکەدا هەڵزنی ، تا بگاتە مەخفەرەکە .. ئەنجام گەیشتە مەخفەرەکە .. ئەوەتا داری ئالاکە دەچەسپێنێت .. ئەوە ئالاخۆشەویستەکەمانەدەشەکێتەوە .. لە بەردەمیدا ڕاوەستا .. سلاوی بۆ سەکەوە .. کاتی گەڕانەوە هات .. بەڵام ئەوەچیە دەیبیسێت ؟

لە پشتی دیوارەکەدا خۆی حەشار داو ، گوێی شل کرد .. چەند دەنگێك بە فارسی هاتە بەر گوێی .. کەواتە هێشتاکە چەند سەربازێکی دوژمن ، لە مەخفەرەکەدا ماون !

ئەی (عەدنان)ی بەجەرگ ، ددان بە خۆتدابگرە ! دەستی لە تفەنگەکەی خۆی دا ، ئەنجا بە ئەسپایی پێی هەڵهێناو ، لە پەنجەرەکەوە تەماشای کرد .. ئا ئەوانە سەربازەکانی دوژمنن ، لە ناو مەخفەرەکەدا! خۆیان شاردووەتەوە .

دەستی بە تفەنگەکەیداهێناو .. بە ئەسپایی ڕێی کرد .. تفەنگەکەی بردەبەر کار ، پاش ئەوەی لە بەردەمی دەرگاکەدا ڕاوەستا .. لەقەیەکی لە دەرگاکە دا .. ئەنجا وەك شێرنەڕاندی :

ـ ڕاوەستن ! دەستتان بەرزبکەنەوە .

فارسەکان واقیان وورما .. دەستیان بەرزکردەوە .. تا جەنگاوەرە بەجەرگەکەمان گەیاندینە پەلای ئەفسەرەکەی ئەوان هەر دەستیان بەرز ـ کردبووەوە .

بۆ ئەم ڕۆژەکەی دی ، کەیەکەمین بەیاننامەخۆینرایەوە تێیدا ڕاگەیەنراکە دوازدە سەربازی فارسەکان دەستگیر کراون .. ئەوانەیش ئەو فارسانە بوون کە جەنگاوەر (عەدنان عەلی)دەستگیری کردن .

مکرم رشید تاڵەبانی
کردوویەتی بە کوردی

نووسینی : ناسکە جلال حمدی

ئەی ئەو کەسەی ژیانی خەڵك تۆمار دەکەی ،
عومری منو خواپێداوان ،
بەرامبەر یەك تۆمار مەکە ..
بەزەییت بێ ، ئەو چەند ڕۆژەی ژینم ماوە ،
لە لام بە زەهری مار مەکە ..

ڕێگەی ژیان

لە خانەی دواوەی پاسێکی بیست و یەك نەفەریدا ، من و ئەوو پیرەژەنێك بووین .. ڕێکەوت یەکی خستبووین .. ڕێی نێوان بەغدادو هەولێریش بەو گەرمایە ، هەروا بە ئاسانی نایەتە کوتا . بۆیەکە پرسیارم لێ کرد ، ئاوا وەڵامی دامەوە :

ـ ناوم نەریمانە .. نەریمان عەلی .. نەریمانی عەلە هەللاج .. ئەگەر بڵێی شانزە ساڵی ڕەبەقە دەمم بەر ئارەق نەکەوتووە .. ڕەنگە ببمە مایەی سەغڵەت کردنتان خاتوون .. بەو گۆرانیەیش ڕازی نیم کە کاکی شوفێر دەیهاوێتە سەر دیکۆر دەرەکەی ، بۆیە من لێرەوە بە ئارەزووی خۆم .. ئەگەر پێشتان ناخۆشە بێدەنگی دەکەم .

ـ نانا ، چ قەبدی .. سەربەستی لە خۆت تێك مەدە .. ئاسایی یە ..

ـ چۆن ؟ .. گوایە بەلاتەوە ئاسایی یە زەلامێکی نەناسی وەك من لە پاڵتا بخواتەوەو شریت لێبدا ؟! دیارە دنیا گۆڕاوە ؟! داوای لێبوردن دەکەم خاتوون ..

ـ وتم خۆت سەغڵەت مەکە ، هەر ئەوەندە شوفێرەکە پێ نەزانێ بۆ مەسەلەی خواردنەوەکە ئیتر قەیدی نیە ..

ـ هێندەی نەماوە .. هاکا تەواوم کرد ..

دوا قومی لێداو بێ ئەوەی ڕێبوارەکان پێبزانن بە زەرفە کاغەزەکەوە ، لە پەنجەرەی ئۆتۆمۆبیلەکەوە ئاوای کرد .. پیرەژنەکەی تەنیشتم چرچەی لە خۆی بڕیبوو .. ئەوەندە نەبێ تەزبیحە دەنك ڕەشە درێژەکەی لە ناو لەپیدا دەهێناو دەبرد ، لەبەر خۆیەوە دووعای دەخوێند ..

دوای نەختێ ، نەریمان بە لاچاو سەرنجێکی دامو گوتی :

ـ ئەی تۆ خاتوون بە خێرێ ناوت چیە ؟ چ کارەیت ؟

ـ شلێر .. شلێر عومەر .. قوتابی کۆلیجی ئەدەبیاتم ..

سەرێکی ڕەزامەندی لەقاندو زیاتر رووی بەلامدا وەرچەرخاند .. ڕەنگی مەیلەو سوور هەڵگەڕابوو .. دەماری قنچکەی چاوی سوور هەڵسا بوو .. ڕێژنەیە با لەگەڵ بۆنی ئارەقدا بەسەرما ڕژا .. سەرنجمدا ، سەری ماشو برنج ، تازەکی تاشیبووی .. لە زۆر لاوە شوێنی شکاوی پیوە دیار بوو .. لەوە دەچوو کاتی خۆی منداڵێکی چەتوون بووبێ .. دەیوەیست زیاد لە پێویست خۆی ئارام نیشان بدات .. لەسەر خۆ ووتی :

ـ شلێر خان ، ئەگەر بە لاتەوە ئەرك نیە ، باسەرگروشتەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە .. ووتت چی ؟

گورج ئەوەم بە بیردا هات کە ئەوانەی لە ژێر خەمێکی گرنگدا دەناڵن حەز دەکەن ئاشناو ڕۆشنایەك ، هەر کەسێك بێ ، گرێی دڵێ لە لا بکەنەوە .. بە مەش کەمێك سوکنایی یان دەبێ .. کوڵێ دڵیان دەنیشێتەوە .. باری خەمیان سووکتر دەبێ .. بۆیە یەکسەر پێم ووت :

ـ زۆر چاکە .. گەلێکم پێخۆشە .. خەریك بوو دەست پێشخەری بکەمو ڕووت لێ بنێم .. ئەم ڕێگەیەش دوورو درێژە ..

فەرموو خاڵە نەریمان .

ڕێگەکە کومبارێکی هێجگار درێژە ، ئۆتۆمۆبیلەکە لە پەستیدا لوولی دەکاتو ئەو هەر دوایی نایەت .. لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە هەستم بە گەرمی قیرەکە دەکرد .. دارتەلەکان ، وەك لە پێشوازی پیاوێکی گەورەدا وەستابن وەها بوون .

بێ ئەوەی بە خۆم بزانم ماسولکەکانم خاو بوونەوە .. پاڵم لێدایەوەو گوێم شل کرد .. ئەویش جگارەیەکی ئاگردا ، ریکۆر دەرەکەی بێ دەنگ کردو دەستی پێ کرد :

ـ ئەو شەوە دۆڕاندبووم .. کەوتبوومە ساجی عەلی .. بەڵام قومار شتێکی خۆشە .. ئەگەر وانەبوایە ، خەڵکی شەویان بە دیارەوە ڕۆژ نەدەکردەوە .. هەموو شتێ تاوێ خۆشە ، کەچی قومار بە پێچەوانەوە .. براوە بی ، دەتەوێ لێی زیاد بکەی .. دۆڕاو بی ، دەتەوێ بێیتەوە مایە .. من ئەم پیشە خۆشە ناڵەبارە ، لە بابمەوە فێربووم .. دایکم هەر زوو بوو بە ژێر باری خەمەوە .. خەمی پیاوێکی قومارچیو سەرخۆش .! دایکم زۆر جوان بوو هێشتا خونچە بوو تەمەنی هەڵوەری ..

کەم ڕێدەکەوێ بێ کەسو بێ لانەو بانە ، ڕاستە ڕێبگرێ .. هەردەبێ بکەوێتە زەلکاوەکەوە .. بەڵام شلێر خان ، لە بەندیخانە زۆر شت فێر بووم .. ئێستا خوێندەوارم .. بەڵام داخی داخانم . هەر شتێك لە کیس بچێ پەیدا دەکرێتەوە تەمەن نەبێ .. هەتا بە دوایدا بگەڕێی هی ترت لە کیس دەچێ ..

لەگەڵ شیرین ـ ی خێزانمدا لە ژوورێکدا دەژیاین .

لەگەڵ خاوەن ماڵەکەماندا پێکەوە .. هەر حەوت مانگ دەبوو گواستبوومەوە .. ئەگەر بڵێی بۆنی گشت کەسم نابوو بەوەوە . بەڵام چی لەگەڵ چارەنووس دەکەی ؟ .. لەوە دەچێ گەردوون چۆن تاپۆی مرۆڤێك دەنەخشێنێ ، گۆشەی لووتی ، ڕەنگی پێستی .. گڕیو ناسکی دەنگی .. بەژنو باڵای .. پلەی زیرەکی .. هەر بەو لەونە لەگەڵ بوونیدا چارەنووسیشی دیاری کردبێ .. شیرین ، مەنگ بوو .. خرپن ، چاو بەڵەك ، کەزی درێژ ..

مژێکی قووڵی لە جفارەکەیدا .. بێدەنگ بوو .. یادگارەکانی شی دەکردەوە .. چاوەکانی بچووك دەبوونەوە .. بیلبیلەی هێندەی دەنکە نیسکێکی مابۆوە .. خەمێکی قووڵو ژیانی بەندی ڕەنگی سپی هەڵگێڕا بوو .. ڕۆژگار چرچو لۆچی بەسەر رویدا پەخش کردبوو .. پەنجەکانی ناسك وەك هی ئافرەتی دەست سپی ، پاکو خاوێن .. لەو هەناسانەدا کە قسەی بۆ دەکردم تەنیا بە لەش لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا بوو . ئەگینا ئەو لەگەڵ کەسانی ناو رووداوەکەیدا دەژیاو گەرا بۆوە بۆ ڕۆژانی بەر لە بەندی .. لەگەڵ دووکەلێ جفارەکەیدا بۆنی ساباونی عوتوور دەهاتە بەر لووتم ، دیاربوو دوای بەربوونی خۆی پێ شتبوو ، لەگەڵ بۆنی عەرەق

تێکەڵ دەبوون ، کەپرۆکەمان لەسەر سەرم بەستبوو .. بەڵام پێی فارس مەشروبم .. وەکو کەسێکی ناو بەسەرهاتەکانی خاڵە نەریمان بم وەهابوو .. تەواو چووبوومە ناو قسەکانیەوە .. پێم ووت :

ـ خاڵە نەریمان بۆ بێ دەنگ بووی ؟

سەرێکی خوراندو مژێکی تری لە جفارەکەی داو دەستی پێکردەوە :

ـ وەك چۆن کەسێ چەند ساڵ بە خوێنو ئارەقە ماڵی پێکێوە ناوە بە پاڵێك دەیڕووخێنێو دێتەوە سەر سفر ... یاخود ئافرەتێکی خاوێنو فریشتە ، لە پرێکدا دەکەوێو نوقمی زەلکاو دەبێ ئاوهام لێ بەسەرهات .. تەواو بێ تاقەت بووم .. دۆڕاندبووم .. لە دەرگام داو گوێم لە دەنگی سۆلەکانی بوو هاتە دەنگمەوە ... دەرگاکەی لێ کردمەوەو بە زمانە شیرینەکەی خۆی ووتی :

((چی بوو ؟ زۆرت پێچوو نەریمان ؟ حەیفە بە تەنیاو لە ژوورێکی ڕەقو تەقدا منت بیرچۆتەوە ؟!)) .

لەو قالبەدا نەمام ... هەموو ئەو ڕۆژگارە خۆشانەم بیرچۆوە .. چی فریشتە بوو لە دەورم ڕەوبنەوە .. شەیتانم بینی هەزار شاخی لێ رووا بوو بە دەوری سەرما دەهاتو دەچوو .. چاوم پەڕیە پشتی سەرم .. بووم بە دڕندەیەکی کێوی و لە بەرگی نەریمان چوومە دەرەوە ..

شیرین ، هەروا سەرنجی دەدامو سەری سووڕ دەما .. بە دەنگێکی لەرزۆکو ڕەنگێکی هەڵبزڕکاوەوە پێی ووتم :

((بۆ وا تێك چووی ؟ خۆ من خرایم نەوت .. یان خوانەخواستە لە دەرەوە تووشی چورتمێ هاتووی ؟!)) .

پەنجەم لێ بەرز کردەوەو بەسەریا شیڕاندم :

((تۆیش لاقرتیم پێدەکەی .. هەی بێشەرم ؟)) .

مێزەکەی یاریم لەسەر دەکرد ، هاوڕێکانی سەر مێزەکە .. هەموویان بە بەردەممدا دەهاتنو دەچوون .. شاخیان لێ رووا بوو .. هەریەکەو بەقەدەر تووڕی حەمامێك دووکەڵ بە کەپوویاندا سەری دەکرد .. لە دەمیانەوە بڵێسەی ئاگر دەهاتە دەرێ .. زمانیان لێ دەردەکێشامو قاقا پێم پێدەکەنین .. دەکەوتن بە پشتا . منیش هەردوو دەستم توند نووساند بە سینگمەوە . سینگی پێم لە زەوی دالانەکە گیرکرد .. تا توانیم پاڵێکم پێوە نان .. مێزەکە هاڕەی کردو ئەوانیش هاواریان لێ بەرزبۆوە !.. لینگەو قووچ قڵپ بوونەوە ..

هەردوو باسکم تا ئانیشك هەڵکرد تاکو پەلاماریان بدەمو بیان ترشێنم بەسەریەکدا .. بەڵام دیمەنەکە وردە وردە دیمەنی شیرین سەرکەوت .. دالانەکەی پڕکرد .. بەدەم ئازارو هاوارەوە دەتلایەوە .. چنگی لە زەویەکە گیر دەکردو لێوی خۆی دەکرۆشت .. خاوەن ماڵو دراوسێ بەسەرماندا دابارین .. بە هەرحاڵێ بوو بەو ناوەختە گەیاندمانە خەستەخانە ..

تووشی خوێن بەربوون بوو .. لەگەڵ منداڵەکەی سکیا ، هێشتا شەوی مابوو مرد !. شیرین مردو منیش لەو ساوە بەندم .. بڵێی گۆڕەکەی بدۆزمەوە ؟. کێڵ بە کێك گۆڕستانەکە دەگەڕێم .. ئەگەر دۆزیمەوە پێی دەڵێم « من نەمکوشتی » .

دەگەڕێمەوە شارەکەم ... تەنها ئەو یادگارەمی تیدایە ئازیز بێ .. ئەویش لە ژێر خاکدایەو منیش ئەوا تەمەنێکە لەسەر ئەو زیندانیم ..

لیرەدا نەریمان بێدەنگ بوو .. دوو دڵۆپ فرمێسك بە قنچکەی چاوەکانیەوە لەنگەریان گرتبوو ... لەو دەمەدا خۆمان کرد بە کۆپریدا .. زێ لەبەر پێی شاردا ڕاکشابوو کش و بێدەنگ بە هەردوو بەردا زەویو مرۆڤی ئاو دەداو ژیانی دەبەخشی .. سەبەتەو پووشینی سەر دووکانەکان دەستو. پەنجەی ناسکی کچانی ئەو شارەی دەهێنایە پێش چاو .. جەنجاڵی خەڵکەکەو ، درەختە باڵا بەرزەکانو ، ڕەوتە ئەزەلیەکەی زێی باشوور ، جارێکی تر ژیانی بە بەرجەستەیی لەبەر دەممدا قوتکردەوە .. دوای پشوویەکی کورت سواری ئوتوموبیلەکەمان بووینەوە .. بەڵام لەگەڵ برایەکی ڕێبواردا جێگۆڕکێمان کرد ..

ئەو بەوەی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە باری لەشی سووکتر بوو . بەڵام هی منی قورسنر کرد . دوای ئەوەی پشتمان کردە زێو ماڵ گاوایمان لێ کرد .. خاڵە نەریمان بە هێمنی شریتەکەی خستەوە سەر ریکۆر دەرەکە ..

سلێمانی تەمموز ١٩٨٢

گوڵا من

کارلینێ جاجان
عبدالکریم فندی ژ بیتێت
روسی گریە کوردی

بهار ئەبویە سەر دنێ
بێنا گوولا وێ خوەش تێ ،
ل من بویە زڤستان
نا بشکفیت گول روحان .

* * *

ئاخ بهاری کەنگێ بێ ،
کەنگێ سەر من سایبە ،
کەنگێ گولێ بشکفن ،
و دلێ من خوەش شاکن .

* * *

بهار ئەبویە سەر دنێ
هەر گولەکێ بێهنەك تێ ،
کانێ چرا ئەنا بە ،
بوی لدنێ دهار بە .

* * *

ئاخ گولا من باشقە یە
بن ـ بوخسا وێ زێدە یە ،
من ڕا مراز ئەمرە ،
هن مەکانە ، هن سەبرە .

* * *

ئاخ دە بشکف گولا من
ل من ئەبە خوەش بهار ،
تە حەمێزکم بینبکم ،
کوبار دنێ مێزەکم .

* * *

سەرەکی یەکیتی قوتابیانی کوردستان لقی هەولێر بۆ «دەنگی قوتابیان» دەدوێ

لەبارەگای یەکیتی قووتابیانی کوردستانەوە لقی هەولێر ، چاومان بەهەفال «بدر مصطفی عباس» سەرەکی دەستەی لقی هەولێر کەوت .

پ : بەڕێزتان چ دەبێژن دەربارەی قووتابیانی کورد لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا تا ئێستا چ هەوڵو خەباتێکیان داوە لەپێناوی سەرکەوتنی ئەم جەنگە پیرۆزە ؟

لە یەکەم رۆژی بەرپابوونی ئەم جەنگە پیرۆزە لەگەڵ فارسەکان قووتابیانی کورد بەهەڵوێستێکی مەردانەو بە ئاوڕدانەوەیەکی دڵسۆزانە بەشداریان لەم جەنگە پیرۆزەدا کردو چ بەمال ، چ بەگیان ، چ بەخوێن بێ‌گومان گومانی لێ بەدی ناکرێت قووتابیان لەیەکەم رۆژی بەرپابوونی ئەم جەنگە بەشداریان لە « بەرگری میلی » دفاع المدنی .. کردو بەڕێوبەرایەتی بەرگری میللی چەند دەوریەکی بۆ قووتابیە بەشداربووەکان کردەوە ، قووتابیان بەدەوری خۆیان لە بنکەکانەدا هەستانو شەوو رۆژ لەبنکەکەیان خزمەتی هاووولاتەکانیان دەکردو خەڵکیان ئاگادار دەکردەوە لەشداریان لەم جەنگە پیرۆزەدا وی فرۆکەی دوژمن، خاڵە گرنگەکانیان روون دەکردەوە بۆ هاونیشتمانەکان بێ‌گومان ئەمەش دیاردەیەکی گەورەبوو لەپێناوی سەرکەوتنی ئەم جەنگە پیرۆزەداو هیواو ئاواتێکی ترمان تەنیا سەرکەوتنی ئەم جەنگەیە .

پ : ئەی چالاکیەکانی ئەم دواییەتان چی بوونو دەوری قووتابیان لە چ ئاستێکدەنگی لێوە دەهات ؟

بروانە (ل) ٧

«دەنگی قوتابیان» و قادسیەی صدامی پیرۆز

کەمانی ووشەی ئازادی بە رژێمە بۆگەنەکەی قەمو تەهران رابکەێنین ئەو خەونەی دەتانەوێ ببینن زۆر زەحمەتە شەوێ لەشەوان میواندارتان بکات زۆر زەحمەتە شەوێ لەشەوان داستانی هیواتان بۆ بگێڕێتەوە ، چونکە ئێمە لەسەر هەقینو چاومان لەخاکی ئێوە نی‌یە ئێمە تەنیا مافو کەرامەتی ئەم سنوورە دەپارێزین لەچاوی دوژمنان چونکە ئێمە شەڕ بەئێوە نافرۆشین ، ئێمە ئاشتی خوازین تامەزرۆی ئاشتین سەرکردایەتی شۆرش بانگەوازی بڵاوکردەوەو چەندەها جار دووپاتی کردەوە ئێمە شەڕ رادەگرین وە بۆ هەموو وولاتانی جیهانی دووپات کردەوە ، بەڵام ئەوان لەسەر کەلەرەقی خۆیان نەهاتنە خوارێ ، خواش پشتی هەقانەو ناهەقانەش لەبەر دەرگای خوواوەند نەعلەتو رووەشی لێ بەدی دەکرێت ، کاتێ قووتابیانو کرێکارانو فەرمانبەران گوێیان لە چرپەی ئەم ووشانە دەبێت کە سەرکردایەتی شۆرش دووپاتیان دەکاتەوە ، لەبەر ئەمە گەلی عێراقی ئازادیخواز سوورە لەسەر ئەوەی کە گیانی خۆی بەخت بکات ، گیانی فیداکاری بخاتە ناو لەرزەی مەیدانی جەنگ ، جەنگاوەرانی قادسیەی صدام رۆژ بەدوای رۆژ دەسکەوتنی مەزن لەمەیدانی ئازایەتیو پاڵەوانیەتی بەدەست دەهێنن ،گیانی سەرکەوتنیش لەناو مەشخەڵی سەرکەوتندا تربسکەی شادمانی دەدات بەگەلی عێراقی ئازادیخواز ، ئەمریو شانازی پێش‌کەش بە سەربازانی وولاتەکەمان . گومان لە چ بەدی ناکرێتو ئەوەی روونو ئاشکرایە قووتابیان لەسەرانسەری نیشتمانی عێراقی خۆشەویستمان بەدە ستێك قەڵەم هەڵدەگرنو بەدەستەکەی تریش چەك هەڵدەگرن بەرەو مەیدانی جەنگا دەڕۆن ، سنووری خاکی خۆشەویستمان لەشاراوی دوژمن دەپارێزن ، مافو کەرامەتی خاکی دێرینمان لەشاراووی فارس دەپارێزن . قووتابیان بەردی بناغەی بزووتنەوەی ئەم گەلەن کە لەئازاری ژانی ئازادیدا خەونی ناسۆر دەخەنە سەرتەرمی بووکی ئازادی با هەموو پێکەوە بەیەك دەنگ گۆرانیو سروودی قووتابیان بخەینە سەرتەلی

ئافرەت و خێزان

ئافرەت و ئەدەب و رۆشنبیری

لچە مەلا شاعیرێکی نەناسراوم

جیهانی ئافرەت دنیایەکی‌سەیرو ڕەنگاو ڕەنگو ئەفسووناوی‌یە ، پڕە لەزەردەخەنەو فرمێسك‌و خەمو پەژارەو پێکەنینو گریان . ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ، خاوەنی سۆزو هەستوهیواو خۆزگەو تێکۆشانو هەوڵدانو خەونی خۆیەتی وهیچی لە پیاو کەمتر نی‌یە .

خۆ حەپسەخانی نەقیبومیناخانی هاوسەری قازی موحەمەدی نەمر هیچدرێغیان نەکردووە لە پێناوی خزمەتکردنی گەلەکەیان‌ئەوەی شایانی باسە جێی سەر سوڕمانی گەڕیدەنەورووپایی‌یەکان بووەو زۆریانیش بە شانوبازووی ئەم دوو ئافرەتەداو ئافرەتی کورد هەڵداوە .

جا ڕەنگە ئافرەتی وامان‌تێدا هەڵکەوتووبێ لە شیمرو ئەدەبدا پلەی یەکەمیان‌بەدەست هێنابێ ، کێ دەڵێ ئەگەر ئاشکرا هاتبانە ڕوی‌مەیدانەوە بێ ترس‌و لەرز شان بەشانی پیاو کاریان‌بکردابە ئێستا ئەدەبی ئێمەی کورد ڕەنگو تامو بۆیەکی‌تایبەتی تری نەدەبوو ؟

جا ئافرەتو پیاو گەر بۆبزوتنەوەی ئەدەبو زمانەکەی خۆمان بسوتێین‌و نووکی‌خامەمان لە کاردا بێت هەر یەکە لە دەروونی خۆیەوەدەربڕێت ، دەبێ چ ئەدەبێکی پرشنگدارو نەمرو بڵێسەدارمان‌نینە کایەوە ؟ کە هەتا هەتایە گڕی ئەو ئەدەبە دانەمرکێتەوە .

ئەوەی گومانی تێدا نی‌یەئافرەتیش وەکو پیاو ئارەزوو بە دەربڕینی نوسین‌وگفتوگۆ دەکات ئەویش لە ڕێبازێك دەگەڕێ کە ڕازونیازی دەروونی خۆی پێ‌هەڵڕێژێت .

ڕۆژانە چی بەر چاودەکەوێت بەگوێرەی سۆزو هەستی خۆی بیخاتە سەرپەڕەی کاغەز . وا بۆ نموونە چەند پارچە شیعرێ لەبەرهەڵمی ئافرەتێکی نەناسراوی کوردەواریتان‌ئاراستە دەکەین کەوا لە زاری پیرە پیاوێکی دەشتی‌گەرمیان وەرمان گردووە .

ئەم شاعیرە بە ناوی« کچی مەلا »وە هۆنراوەی دڵداریو خۆشەویستی‌هۆنیوەتەوە ، با بزانین چۆن سۆزو هەستی پڕ بە تینی‌دەروونی بەرامبەر خۆشەویستەکەی خۆی‌دەردەبڕێ ، چۆن بە گەرمی‌یەوە خۆزگەدەخوازێ بۆ ئەوەی بگاتە دڵدارەکەی تاکو بە ئاوات‌وهیوای خۆی بگات ، ئێمەیش دەڵێین خۆزگە ئەوەمان بزانیبا ئایا بە ئاواتی خۆی گەیشت یا نەء .. ؟ ئایا لەگەڵ ئازیزەکەی زەماوەندیان کردووسەریان لەسەر یەك سەرین ناو بوونە هاوژین . ؟ خۆزگەشتێکمان بزانیبا لەسەر گوزەشتەو ژیانی ئەم کچەدڵ گەرمە . ؟ داخۆ ئەم هونەرمەندە کێ بێ وەلە چ سەردەمێك ژیاوەو خەڵکی کام ناوچەی وڵاتەڕەنگینەکەمانە . ؟ خۆزگە ئەوەمان بزانیبا پلەوئەندازەی زانیاری ئەم ئافرەتە کوردە تا چ ڕادەیەك بووە .؟خۆزگە بەرهەمی ئەم ئافرەتە قارەمانە لە چنگی مەرگ‌ڕزگاری دەبوو ، سال بە سال دەکەوتە سەر پەڕەی‌کاغەز تا دەگەیشتە چاپو لە ناو بڕبڕەی نامەخانەکانی‌گشتی‌نا جێگەی خۆی دەکردەوەو بکەوتایە بەردەستی هەموو خوێندەوارانی نەتەوەکەمان .

جا ئەو کاتە بیروهەستی ئەم ئافرەتەمان بەراورد دەکرد لەگەڵ بیروهەستی پیاودا بەباشی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبووەوەکەوا ئافرەتیش خاوەنی هەستو سۆزی خۆیەتی‌ولەگەڵ پیاودا هیچ جیاوازی‌یەکیان نی‌یە .

جا دەبا هەموومان پێکەوەنێرومێ بە جووتە فۆڵێ لێ‌هەڵماڵین‌و دەمارو خوێنی‌دڵمان بکەین بە یەك‌و بۆ ئەوەی ئەدەبێکی گەشتروپاشە ڕۆژێکی ڕوناکتر بێنینە کایەوە بۆ ئەوەی‌داهاتوومان ..

«١»

ئیدمەن ڕچا جەئەڵلای جەبار
وەرجە کۆتایی فەصل ئەی وەهار

وێم‌وەینی بدیا سەر بەتۆی تورمە
دیدەم بڕەشتا بەسیا سورمە
چمنی کناچەی ناوایی یەکسەر
خنەبگێرۆن نە دەستو نە سەر
بدیایەم پۆل پۆل چەکناچەو ژمن
هەڵپەڕێ کەران های دهۆل بزمن
چەپڵەو هەڵپەڵە واچان بە دەنگ بەرز
بلمی پەی زاما وەتەرتیب خۆش تەرز
سەر چەیەك بالیف چەنی زامادا
بشیم بە جفتە تا مەڵلا بانگدا
یەڕاز نیهانشمن کناچەی مەڵلا
دوعاش موستەجاب چە دەرگای نەڵلا

«٢»

زولفی ڕەیحانم دوو دیدەی سیام
قوربان بالات بان پە قوربانت وام
گۆنای قرمزیم هەردۆ هەرمێکەم
دل جەڕەگەوە خێش‌و قەومەکەم
سەوزە خاڵانم وردو درشتش
بە قوربانت بان هەرچیم هەن گشتش
دەخیل ئەشعارم گەریاوا بە دەس
نام دۆست وێت نەواچی بە کەس
ئەگەر بوواچی من مەکەران قەدەس
پرچم مەقاچان وەکاردو مقەس
ئینە خەیچەن کناچەی مەڵلا
مەوانۆ نامت وەمەدحو سەنا

«٣»

چە عیشقت وەڵلا هەر ئێدکارمەن
شەوان تا بە ڕۆ شینو زارمەن
داخۆ تۆیش وەك من ئیمان هەردەنی
وەك من دل سوچیا جەبین زەردەنی
کناچەی مەڵلا یە ئەشعارشمن
نە قرچەی دەروون ئۆفو ناخشمن

هەردەوێل کاکەیی

ته‌ندروستی ئافره‌ت

بۆ ئەوەی لەشی مرۆڤدوای ماندوونێکی زۆرو کاری رۆژانە بحەوێتەوەو بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا رۆژی جارێك دەبێ خۆی‌بشوات ...

بەڵام ئافرەت‌خۆشتنەکەی دەبێ بەپێی ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوەبێت .

● **پێش خۆشتنەکەت‌ئەم پێویستیانە رەچاو بکە :**

شامپۆ ، صابوون ، کۆلونیا ، شانە ، بۆدرە ، بەردی حمام ، بەشتەمال

چونکە بۆ ئەوەی پارێزگاری نینۆکەکانت بکەیت پێش خۆت بشۆی نینۆکەکانت بۆیە بکەو ئەم بۆیەکردنە لە شکاندن دەپانپارێزێ ئەگەر وبستت لە بانیۆدا خۆت بشۆیت باشتر وایە نیوە یاخود کەمێ لە نیوەی ئاوی زیاتر تێدابێ‌و هەندێ شامپۆ تێکەڵی ئاوەکە بکەیت .

بەم جۆرە دەتوانی حەواندنەوەت دەستکەوێ‌و یەکەم جاریش پێش هەموو شت قژت دەشۆیت‌و دوای بە لفکە لەشت دەشۆی‌و ئەم کارەشت رێکەی ئەوە دەدات خوێن گورچ‌وگوڵ بێتەوەو بەهێز بێ .

خۆ ئەگەر وبستیشت لەشت تەنیا بشۆیت‌و سەرت نەشۆیت پارچەیەکی نایلۆن بەجاکی لەسەرت بنالێنەو مەهێڵە شیواری قژت تێك بچێ .

بەڵام دەبیت ئاگاداری ئەوە بیت کە رۆژانی هاوین ئەو ئاوەی خۆتی پێ‌دەشۆیت سارد نەبێ‌و ئاوەکە شلەتێن بێ باشترەو لەشت هیچ وشك مەکەرەوە .. ئینجا کۆلونیاکە بەکار بهێنەو ئەوسا هەندێ کریم دەستو دەمو چاو پاژنەی پێ‌یەکانت چەورکە . ئەمەش دوای ئەوەی کە پاژنە پێ‌یەکانت بە بەردەکە باش پاك کردۆتەوە .. ئەگەر وبستیشت پێش ئەوەی بچیتە سەر کارەکەت خۆت بشۆی دوای‌خۆشتنەکە هەندێ بۆدرە لە نێوان پەنجەی پێ‌یەکانت بدە تا وەکو رۆیشتنەکەت ئازارت نەدات .

بەڵام ئەبێ ئەوە لە یاد نەکەیت پێش ئەوەی بکەوێتە سەر کار شیوار بۆ داهێنانی‌و رێکخستنی قژت بەکاربهێنەو ئەو بۆیەیەشر بدە لە نینۆکەکانت کە بەدڵی خۆتە .

تەندروستی منداڵ

ئەوەی ئاشکرایەوبەشێوەیەکی گشتی منداڵان هەمیشە تووشی چەندنەخۆشیەك دەبن ، لەبەر ئەوە پێویستە بەردەوام بین لەپارێزگار کردنیان لەو جۆرە نەخۆشیانە .

نەخۆشی زگ‌چوون یەکێکە لەو جۆرە نەخۆشیانەی کە زۆربەی منداڵان تووشی دەبن .

زانایانی گەورە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە هۆیەکی لە ناوچوونی کتوپڕی منداڵان دەگەڕێتەوە سەر نەخۆشی زگ‌چوون .

هەروەها زۆربەی دایکەکان لەسەر ئەو رایەن لە کاتی زگ‌چوونی منداڵەکانیاندا خواردیان نادەنێ .

بەڵام ئەمە شتێکی راست نییە .

ئەوەی لەم سەردەمەدا باوە شیری قووتو بوەتە خواردنێکی سەرەکی بۆ منداڵانو لە عەینی کاتیشدا یەکەم هۆیە بۆ زگ‌چوونیان .

بۆچی زۆربەی منداڵانی ئەم سەردەمە دەبێت شیری قووتو بخۆن ؟

ئەتوانین بڵێین چەند هۆیەك هەیە لەوانەیە منداڵەکەی تێر نەکات یان دایکەکە کرێکارە بە رۆژە لە دەرەوە دەبێت .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشا پزیشکەکان هەمیشە ئامۆژگاری دایکەکان دەکەن بۆ ئەوەی شیری خۆیان بە منداڵەکانیان بدەن .

هەتاکو ئەگەر کەمیش بوو ، چونکە شیری دایك پاك‌و خاوێنەو منداڵ لە نەخۆشیا دەپارێزێت بێجگە لە ئەمەش لەلایەنی ئابوری‌یەوە دایکەکە لە دایکەکە شیری کەم بێت‌و قورسی کرینی‌و دروست کردنی شیرەکە رزگاری دەبێت‌و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی نێوان دایك‌و کۆرپەکە توندو بەهێز دەکات .

سەرەرای ئەم شتانە هەموو جۆرە مەوادو ڤیتامینی تیدایە کە منداڵ بەتەواوی سوودی لێ‌وەردەگرێت‌و لە هەندێ نەخۆشی دووری دەخاتەوە .

پێجگە لەوەی کە جۆرە شتێکی تیدایە دەبنە هۆی سەرەکی بۆ کوشتنی چەند جۆرە میکروبەیەك لە لەشی منداڵە .

ئامادە کردنی
زینب حسین

*** تەسریحەی مار ***

تۆ بڵێ ئەم خاتوو جوانەکۆمەڵە مارێك گەمارۆی سەریان دابێت ، لە راستیداوا نی‌یە بەڵکو سیشواری تازەیە بۆ قژ کە لەم‌دوایی‌یەدا لە پێش برکێ نیودەوڵەتان بۆ تەسریحەی‌ئافرەتان لە پاریدا پیشان دراوە .

لەو پێش برکێ‌یەدا (٤٠)دەوڵەت بەشداریان کردووە لەمانە هونەرمەندەبەناوبانگەکان لە بواری داهێنان‌و دەقدانی قژدا ، جومهوریش زۆری پێ‌خۆش بووەو پتر لە (١٠٠) هەزارکەس ئامادە بوو بوون بۆ ئەوەی لە شتی تازەو سەیرئاگادار بن .

● دایکی ئازیز ●

با نوێنی منداڵەکەت لە قوماشی رەنگاورەنگ‌و نەرم بێت‌و تا دەتوانی بایەخ بدە بە رێکوپێکی‌و خاوێنی‌نوێنەکەی بۆ ئەوەی بە هێمنی خەوی لێ‌بکەوێت .

— جل‌و بەرگ —

دەستەی ئامادەکردنی جل‌وبەرگ لە گۆڤاری « المراة »ی یەکیتی ئافرەتانی عیراق ئەم نموونە جوانانەی جل‌و بەرگ پێشکەش دەکات کە نموونەی جوانی رابوووردو لەگەڵ ئەمرۆی روونا‌ك دەنوێنێ .

کۆڕی جەماوەری بۆ ڕووبەڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی بڕیارەکانی میژووییەکانی سەرکردایەتی شۆڕش لە سوودی گەلی کوردستان

بڕوای پتەو بە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش

لە چوارچێوەی سەردانەکەی بەڕێز بکرمحمود ڕەسول وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بۆپارێزگای سلێمانی هاوبەشی کردنی بوو لەو کۆڕە فراوانەدا کە ئەنجومەنی گەل لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی سازی کردو تیایدا بەڕێزان بهاء الدین أحمدجێگری سەرەکی ئەنجومەنی نیشتمانی لەگەڵ مامۆستا سیروان عبدالله الجاف سەرەکی لیژنەی راسپێراوی ڕوونکردنەوەی چمکەکانی بڕیاری لێبوردنی گشتی ناوچەی کوردستانو ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانیو یاسادانانی ناوچەی کوردستانو هاوڕێ دکتۆر نجم عبدالله العراقی ئەمینداری نهێنی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لە سلێمانیو بەڕێز جێگری پارێزگاری سلێمانی سەرۆکی ئەنجومەنی گەل ئامادە بوون .

لەم کۆڕەدا کە ماوەی چوار سەعاتی خایاندو تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبانو هونەرمەندانو ڕۆشنبیرانی سلێمانی ئامادە بوون بەڕێز بکر محمود رسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وتارێکی خوێندەوەو سەرەتا ئەوەی دووپات کردەوە کە چاوپێکەوتنی بەڕێزیان لەگەڵ جەماوەرانی پارێزگای سلێمانیدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە هەرچی تەنگەو چەڵەمەو کۆسپ هەیە ڕاستەوخۆ دەست نیشان بکرێتو بەو پەڕی دڵسۆزیەوە بخرێتە بەرچاوی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو بە تایبەتی بەرچاوی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین .

لەم ڕوانگەیەشەوە دیسانەوە ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە لەم دەرفەتەدا دەروازەی ڕاست گوێیو دڵسۆزی زیاتر بخرێتە سەر پشت تاوەکو بڕوای جەماوەرانو سەرکردایەتی حزبو شۆڕش زیاتر پێپتەو بکرێتو لەم دەروازەیەشەوە دەستنیشانی چارەسەر کردنی ئەو گیروگرفتانە بکرێت کە پیلان گێران دەیخەنە بەردەمی کاروانی پێشکەوتنی ولاتەکەمان ...

پاشان دەستنیشانی ئەو لایەنە گرنگەی کردەوە کە پێویستە هەموو عێراقییەک بەوپەڕی شانازییەوە هەمیشە بیلێتەوە ئەویش خۆشەویستیو دڵسۆزی سەرەکی بەڕێز (صدام حسین)ە بەرامبەر بە میللەتی کوردو بەڵگەی ئەمەش دەرکردنی ئەو یاسا گرنگەی لێبوردنی گشتی ناوچەی کوردستانە کە لەم دۆخە ناسکەی ئێستای ولاتەکەماندا هاتوەتە کایەوە .

هەروەها لە لایەن بەڕێز کاک سیروان جاف سەرەکی لیژنەی ناوبراوەوە وتارێک خوێنرایەوە لە سەرەتایدا وتی حەز دەکەم کە ئەوەتان بۆ ئاشکرا بکەم کە بە فەرمانی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین لیژنەیەک پێک هێنرا بە سەرۆکایەتی بەڕێز طە محیی الدین معروف جێگری سەرەک کۆمارو چەند ئەندامێکی تر لەوانە مامۆستا بکر محمود رسول لەگەڵ مامۆستا بهاء الدین احمدو چەند ئەندامێکی تر .. لەم لیژنەیەشەوە سێ لیژنە دروست کرا یەکێکیان بۆ پارێزگای سلێمانی کە مەبەستیش لەمە ئەمەیە ڕاستەوخۆ لەناو جەماوەراندا جمگەکانی ئەو یاسای لێبوردنی گشتییەی ناوچەی کوردستانە ڕوون بکاتەوە و دەستنیشانی ئەو داخوازیانە بکات کە جەماوەران دەیەوێ بیکەیەنێتە جێگای تایبەتی خۆی ... بۆیە داوای لە ئامادە بوان کرد کە بەسنگێکی فراوانەوە پێشنیازو داواکاری شاری سلێمانی دەستنیشان بکەن تاوەکو بتوانن بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ببخەنە پێش چاوی سەرۆکی فەرمانده ..

ئەو سەرەکی فەرماندەیەی کە لە هەمو دۆخو بارو زروفێکی گشتیو تایبەتیدا میللەتی کوردی لە پێش چاو بووەو لەم ڕوانگەیەشەوە بەراوردێکی خێرای نێوان گەلی کوردی عێراق و ئێران کردو ئەوەی دووپات کردەوە کە میللەتی کورد لە عێراقدا نەبێ لە هیچ جێگایەکی تری ئەم جیهانەدا ناتوانێ هەستی خۆی بە زمانی خۆی دەربڕێ کەچی لێرەش کورد خاوەنی ئۆتۆنۆمییە کە هەرچەندە لە کەمو کورتی بەدەرنییە بەڵام بۆ لابردنی ئەو کەمو کورتیانە پێویستە جەماوەران هاریکاریەکی گەورە بکەن .

هەروەها لەم کۆڕەدا هاوڕێ دکتۆر نجم العراقی لێپرسراوی حزب لە سلێمانی بە وتارێک هاوبەشی کردو تیایدا وتی ئەو حزبەی کە ئێستا بەناوی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە فەرمانڕەوایی ولات دەکات ئەو حزبەیە کە لە پێناوی چینەکانی گەلی عێراقدا پاش خەباتێکی تاڵو خوێناوی توانی ڕەگی خۆی دابکوتێو ئەوە بۆ چواردە ساڵ دەچێ بەردەوام خزمەتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای عێراقی دەکات لەبەر ئەوە ئێوەش پێویستە وەک کوردێکو وەک مرۆڤێکی عێراقی بڕواتنە هەڵوێستی ئەم حزبەو بەوپەڕی دڵسۆزیو لە خۆ بوردنەوە کەمو کورتیەکانی دەست نیشان بکەن تاوەکو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی کار بەدەستان بە دڵسۆزییەوە هەوڵی ڕاپەراندنی ئیش و کاری جەماوەرانی شارەکەیان داوەو بۆیە لەمڕۆ بەدواوە پێویستە ئەو کەمو کورتیانەی کە هەن لەو ڕوانگەیەوە دەستنیشان بکرێن چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە نەک باری ناوچەکە زیاتر گران بکات .. یاشان لەوتارەکەیدا بە ناوی ئەنجومەنی گەلەوە چەند داخوازییەکی گرنگی دەستنیشان کردو تکای وابوو کە بەپێی دەرفەت جێبەجێ بکرێن .

شایانی باسە لە کۆتای کۆڕەکەدا لە لایەن ئامادە بوانەوە باری سەرنج بە شێوەیەکی گشتیو تایبەتی خرایە ڕوو کە زوربەی زۆریان پەیوەندی بە باری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو ئەدەبیو هونەریو لایەنەکانی ترەوە هەبوو .

نوسینگەی سلێمانی

مەڵبەندی هونەری نەوجوانان لە سلێمانی

دەزگای هونەری سەر بەڕێکخراوی نەوجەوانانی یەکێتی گشتی لاوانی عێراق لقی سلێمانی یەکێکی لەو مەڵبەندانەی کە لەپێناوی پەرەپێدانی بەشەکانی هونەر دا هاتوەتە کایەوە .

لە بەسەرکردنەوەیەکی خێرایی‌دا کاک فؤاد کریم محمد لێپرسراوی ڕاستەوخۆی ئەم مەڵبەندە وتی سەرەتای دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ١٥-٧-١٩٧٩ ... ئەمەش بۆ خۆی بریتییە لە چەند بەشێک ئەوانە :

١ - بەشی مۆسیقا .
٢ - بەشی درومانو نەخش‌کردن .
٣ - بەشی هونەری تەشکیلی .
٤ - بەشی رستن .
٥ - بەشی شانۆ .
٦ - بەشی سەمای میللی .
٧ - بەشی کتێبخانە .

شایانی باسیشە وەک بۆ خۆی دیارو ئاشکرایە مەبەستی ئەم دەزگایەمان بەرەو پیرچوونو وەرگرتنی ئەم نەوجەوانانەن کە بەهرەی هونەریان تیادا ڕەچاو دەکرێو لەم ڕێگەیەشەوە پەرەیان پێدەدرێت .. ، ئەمەش لە نێوان ئەو دەورە جۆر بەجۆرانەی کە دەزگاکەمان بۆیانی دەکاتەوە کە بۆ هەر یەکێکیش لەم دەورانە کە سەر بە بەشێکی تایبەتی دەزگا کەمانە مامۆستایەکی هونەری شارەزای خۆی هەیە کە بە پێی پرۆگرامێکی دروستی خۆی مەشقیان پێ دەکات ..

لەلایەکی تریشە دەزگاکەمان خۆی هەڵدەسێت بە پێشکەش کردنو سازکردنی چەندەها چالاکی جۆر بەجۆر بەتایبەتی لە کاتی یادکردنەوەی جەژنە نیشتمانیەکانماندا وەک کردنەوەی پێشانگەی هونەریو سازکردنی بازاری خەبریو هاوبەشی کردنیشمان لە ڤیستیڤاڵەکانی قوتریو ناوخۆدا ...

شایانی باسە دەزگاکەمان جێگای شانازی خۆیەتی ئەمەش بە هۆی ئەو پلە تایبەتیانەی لەناو پارێزگاکانی ولاتدا وەدەستی دەهێنێ بۆ نمونە لە ساڵی ڕابوردودا توانی پلەی یەکەم بۆ خۆی وەربگرێتو لە مەودواش هیوادارین کە بتوانین زیاتر پەرەی پێبدەین .

● **پاشان کاک حسین علی قەرەداغی لێپرسراوی بەشە هونەریەکانی ڕێکخراوی نەوجەوانان وتی** بە پێی ئەو بایەخ پێدانەی سەبارەت بەم مەڵبەندە ڕەچاو دەکرێ چاوەروانی دوارۆژێکی ڕوناکی لێدەکەین لەم ڕوەشەوە تاقی‌کردنەوە باشترین بەڵگەیە بەوەی کە سلێمانی پلەی یەکەمی هێناوەو لە هەموو ئەو پێشاتگە کاریکاتێرو زەیتیو بابەتەکانی تری هونەری تەشکیلی‌دا کە هاوبەش پێ کردون بەلای کەمەوە چەندەها خەڵاتی ڕێز گرتنو هاندانی پێ‌گەیشتوە ...

شایانی باسە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی تەمەنی دەزگاکەمان‌دا توانیویەتی کۆمەڵێ لاو پێ بگەیەنێتو بەرەو ئاسۆی دوا ڕۆژی خۆبانی بەرێ بکات یە تایبەتی لە بەشی شانۆدا کە ژمارەیەکی ئەو تویان لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەرگیراون .

● **دوا بەدوای ئەمیش کاکی هونەرمەند ابراهیم محمد غریب کە یەکێکە لەو قوتابیانەی لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە پێ‌گەیشتووە وتی** ماوەیەکی زۆرە لێرەمو سەرەتام وەک مۆسیقا ژەنێک بوە بەڵام ئێستا بومەتە مامۆستای هونەری مۆسیقا لەم مەڵبەندەدا هەروەها وتی لەڕاستی‌دا تا ئێستا کەڵێکی گەورەمان لەم دەزگایە وەرگرتوە بۆیە هیوا دارم کە ئەوانەی لێرە وەردەگبرێن بەشێکی زۆریان لێرە بمێننەوە بۆ ئەوەی تیپێکی دامەزراویان لێ پێک بهێنرێو بتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام خزمەتی هونەری نەتەوەکەیان پێ بکەن .

● **دوا جار خوشکە ڕوناک محمد صالح کە ئەندامێکی کەی ئەم دەزگایە یە وتی** نزیکەی دوو ساڵە لێرەم بەشێوەیەکی بەردەوام خەریکی مەشق‌کردنی ئامێری ئۆکۆردوێنم .. ئەوەش وای لێ کردم کە ڕوو بکەمە ئەم مەڵبەندە هونەریە ئەوە بو کە هەر لە منداڵیمەوە ئارەزوی مۆسیقام دەکردو پاشان بۆم دەرکەوت کە لێرە بایەخ بە هونەری مۆسیقا دەدرێت بۆیە ڕووم کردە ئێرە بەو هیوایەی کە بتوانم پاشە ڕۆژێکی هونەری بۆ خۆم دابین بکەم .. پاشان سەبارەت بە ڕای خۆی بەرامبەر ئەم دەزگایە وتی مەڵبەندێکی هونەری هەڵکەوتوە بۆ پێگەیاندنی ئەو منداڵانەی کە ئارەزو و هەستی مۆسیقایان تیا ڕەچاو دەکرێ ئەمەش سەرباری ئەو پرۆگرامە هونەریو زانستیانەی کە لێرە بەهرەیان لێوەر دەکرێ کە ئەمەش دەبێتە مایەی پێ گەیاندنی چەندەها بەهرە وەری کوڕو کچ کە بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی لە ڕێگای ئەم مەڵبەندەوە لە سەرەتاوە وەک مۆسیقا ژەنێکی بەهرەوەر ئێستا بووم بە مامۆستای ئەم مەڵبەندە .

فریا
نوسینگەی سلێمانی

دوێنێ و ئەمڕۆ

نووسینی : عثمان حمد احمد

دوێنێ ... ئیمڕۆ ...

دوێنێ .. پەژارەو وێڵو سەرگەردان بووین .
ئیمڕۆ .. سەر بەرزو دڵخوشو سەرفرازین .
دوێنێ .. دەردی کوێرەوەریو بێ‌گوزەرانی ڕووی داپۆشتبووین .
ئیمڕۆ .. زەردەخەنەی شادومانیو بەختەوەری لە ڕوومانەوە دیارە .
دوێنێ .. نەخۆشیو نەزانینو بێچارەیی هەموو ڕێگەیەکی لێ‌گرتبووین .
ئیمڕۆ .. زانستو معرفەت وەکو خووان لەبەر دەستی هەموو کەسێک‌دایە .
دوێنێ .. دەردی نەخوێندەواریو پەژارەیی کۆمەڵی ڕەش پووش کرد بوو .
ئیمڕۆ .. خوێندنو نووسین بەرگی تازەی لەبەر هەموومانە پۆشیوە .
دوێنێ .. زمان بڕاو بووم ... نەمدەتوانی ووشەیەک بدرکێنم .
ئیمڕۆ .. ئازاد زبانم .. بە ئازادی بە سەربەستی ووشەی ڕاستی .. ووشەی بەختەوەری .. ووشەی کوردی بەسەر زبانم دێتو دەچێ .
دوێنێ .. ڕێگام لێ گیرا بوو نەمدەتوانی بە هیچ لایەکا هەنگاو بنێم ..
ئیمڕۆ .. لە ڕۆیشتندا سەربەستم گەر بمەوێ لە هەر کاتا لە هەر ساتا بۆ هەر شوێنێ .
دوێنێ .. بەش‌خوراو زمان لاڵ بووم .
ئیمڕۆ .. ها بە شەکەت بگرە زیاتر لە هەقەکەت .
دوێنێ .. کارگەو پیشەسازیو فەبریقەکان لە هەر شوێنا بۆ مرۆڤی ڕەنجبەرو هەژار دەرگا مۆر کرابوو .
ئیمڕۆ .. بە هەزاران کارگەو پرۆژەی پەرەپێدان لە وولاتە لە هەر شوێنێیك تۆ دەتەوێ بڕۆ ئیشکە ڕامەوەستە خۆت بەختەوەرکە .
دوێنێ .. کرێکارو جوتیار ناوی ڕەش بوو ناوی بەد بوو ... ناوی کەساسی سەر زاران بوو .
ئیمڕۆ .. ناوی پاکەو دەستی خێرە .. لە پێشکەوتن پیشەوایە .. لە کاروانی ڕاستیدا دروشم ناوە .
دوێنێ .. قەڵەم نەبوو .. قەڵەم بەد بوو نەیدەتوانی ڕوو لە قاقەزکا .. نەیدەتوانی دۆستایەتی قاقەز بکا .
ئیمڕۆ .. قەڵەم ئازادە .. لە هەر کاتو وەختا با بنووسی ڕانەوەستێ .
دوێنێ .. نەمدەتوانی لە شارو دێ بەسەربەستی دۆستو خزمان سەردان بکەم .
ئیمڕۆ .. تۆ ئازادی .. من ئازادم بۆ هەر شوێنێ لە وولاتا فەرموو .. بڕۆ تۆ ئازادی .

ئالیوت ژیان و به‌رهه‌م

د. بدرخان سندي

راسته توری انگلیزی ب‌شه‌کسبیری هاته ناسین و به‌لاڤ‌کرن لجیهانێ لێ ئه‌ڤه‌ناگه‌هینت هندێ کو تورێ انگلیزی ژبلی شه‌کسبیری که‌سێ‌خو نینه .. هنده تورڤانێن مه‌زن وهوزانڤانێن به‌رکه‌تی به‌رهه‌مێ‌خۆ پێش کێشی‌ژیانا مروڤاتی‌ێ کرن ، به‌لێ بهراپتر ژ ره‌شه‌ن‌بیرانه‌خاسمه لناڤ ره‌وشه‌ن بیرێن‌مه ێن کورد نزانن کودته‌زمانێ انگلیزی‌دا تورڤانێن پایه‌بلند هه‌نه ژبل‌شه‌کسبیری ، وه‌کی میلتون والیوتی ، وهنده‌کێ‌دی .

ئه‌ز دبێژم ناڤ به‌لاڤ‌بونا شه‌کسبیری دناڤ مه‌دا پتر ژ تورڤانێن‌دی ژ دو تشتان تێت ئێك بهرا پتر ژ هنده‌ك ژ ژیان و به‌رهه‌مێن ره‌وشه‌ن بیرا ل مه‌کته‌بێ ڤی تورڤانی خواندن ، ئو دوو به‌رهه‌می شه‌کسبیری ره‌نگێ شانووی دگرت له‌و بوگه‌له‌ك ته‌زمانێن جیهانی هاته وه‌رگیران ئو له‌سه‌ر ته‌ختێ شانووی هاته پێش‌کێش‌کرن ئو نیشان‌دان .. ، هه‌ر جه‌ند ره‌وشه‌ن‌بیریا کوردی ژ ڤی ئالی‌ڤه ئالی وه‌رگیرانا به‌هه‌مێ جیهانی بو ته‌زمانێ کوردی به‌لنگازه ، لێ به‌رهه‌مێ شه‌کسبیری به‌رهه‌مه‌کێ ناسکریه هه‌که‌ر هاته به‌ر هنگارکرن دگه‌ل به‌رهه‌مێن تورڤانێن دی ین جیهانێ بکشتی ، ئو هومێده‌وارین کو دده‌لیڤین بێن‌دا تشته‌کێ کورت بابه‌ت شه‌کسبیری پێش‌کێش بکه‌ین .

لڤێ ده‌لیڤی .. دا ، ئه‌م ده‌ئانا توری‌دا ژی هه‌بی ئو دهنده به‌رهه‌مادا یابسه‌رکه‌تی‌بی نه‌مازه شعراوێ یا شانووی له‌سه‌ر پیروزی (قدیس) سوفونا رولای ڤه‌هاندی .

ل ده‌مێ تولازی‌ێ الیوتی ل اکادیمیا میلتون ل نیو انگلتد خواند ، ئوپشتی هینگێ چو زانستگه‌ها هارفاردی ، لوێرێ توماس الیوتی وه‌کی شاگرده‌کێ گه‌ش‌دار وبه‌رکه‌تی هاته ناس‌کرن .. و هاته‌پێش .. ئو ئێك ژ سه‌یداێن وی فه‌یلسوفێ بناڤ‌ودەنگ بیرت‌راندرسل‌بی ، ته‌ڤی فه‌یلسوفی دوه‌ختی‌دا کو به‌حسێ شاگردێ خو الیوتی کری گوت : الیوت ئێکه ژ باشترین وگه‌شترین شاگردین‌منن ..

پشتی زانستگه‌ها هارفاردی الیوت چو پاریسێ ئو ل زانستگه‌ها سوربون خواند ، ئو پشتی هینگێ ژ چو هنده زانستگه‌هێن جیرمه‌نی ئو ل دویماهی‌ێ ژی چو کولی‌یا (میرتون) ل اکسفوردێ ئو لوێری ژی خواند ، هینگێ سالا ١٩١٤ێ بی .. لوێرێ ده‌ست بده‌رس گوتناکر ، ئه‌ڤه ژیانا الیوتی‌یا اکادیمی‌بی ، اتکو ئه‌و جهێن وی ده‌رس‌لێ خواندین وگوتین ، ئو ژیانا وی ل کار کرنی ، بکورتی وی ژبلی ده‌رس‌گوتنا لهنده زانستگه‌هان ، ل بانقه‌کێ کارکر ، ئو پشتی هینگی ل به‌لاڤ‌خانا کتیبا کارکر .. پشتی هینگێ بی ئێك ژ پشك‌دارێن وێ به‌لاڤ‌خانێ .

دێ به‌حسێ هوزانڤانێن مه‌زن ژ هوزانڤانێن ته‌زمانێ انگلیزی‌کین ئه‌و ژی الیوت ه .

الیوت ... ناڤێ وی بدورستی توماس ستیرنز الیوت بی .. ئو ئه‌ڤ مروڤێ‌هه ئێکه ژ مه‌زنترین هوزانڤانێن جه‌رخی بیستێ‌یه . ل ٢٦ێ ژ هه‌یفا نه‌هێ ژ سالا ١٨٨٨ێ هاته سه‌ر دونیایێ ل باژێرێ سانت لویس ل امریکایی . ناڤێ بابێرێ ڤی هوزانڤانی تشارلز الیوت بی ، ژ باژێری بوسطن مشه‌خت بی .. چو واشنتنێ .. ئو وی لوێرێ زانستگه‌ها واشنتنێ دامزراند ، ئو سه‌روکاتی‌یا وێ زانستگه‌هێ کر .. ده‌یکا ڤی هوزانڤانی ئێك بی ژ سه‌روکێن راپه‌رینێن ژنا ، ئو هه‌ر وه‌سا وێ بزاڤا چاك‌کرنا ژیانا کومه‌لایه‌تی‌ێ دکر .. هه‌ر وه‌سا وێ ده‌ست الیوت مروڤه‌کێ شه‌رمین و یێ حه‌ژخو کری‌بی ، ئو هند حه‌ژ تیکه‌ل‌بونا کومه‌لی نه‌دکر .

ل سالا ١٩١٥ێ الیوتی ژن هینات ئو ناڤێ ژناوی فیڤان های‌بی ئو سالا ١٩٤٧ێ ژناوێ ئه‌مرێ خودێ‌کر .

الیوتی ژبلی ئه‌زمانێ خو یێ انگلیزی لاتینی‌یه‌ك باش دزانی ئو وی گه‌له‌ك کتیبێن لاتینی دخواند ، هه‌ر وه‌سا ئه‌و دهنده ئه‌زمانێن که‌ڤن‌دا یێ ره‌هه‌وان‌بی ، وی گه‌له‌ك جارا په‌یڤێن لاتینی دنڤیسینێ‌دا وهه‌روه‌سا دئاخفتنێ‌دا بکار دهینات .

الیوت ئه‌ڤینداری په‌یڤا جوان‌بی ، وی گه‌له‌ك ب په‌واشی دنڤیسی ، ب‌به‌واشی په‌یف و گوتنێن نڤیسینێ‌خو ژێ دگرت ، وی به‌حسێ ژێ‌گرتنا ڤه‌سه‌و په‌یڤادکر دگوت : ئه‌ز شه‌رێ خو دگه‌ل په‌یڤا دکم هه‌تا ئه‌ز په‌یڤێن دورست ژێ دگرم .

الیوت هه‌ڤ چاخێ سه‌نگڤانێ ئه‌ده‌بی یێ مه‌زنا جون هیواردبی .

الیوت ، گه‌هشتبی پایه‌ك مه‌زنا ژ توره‌ڤانی‌ی وبه‌رهه‌مێ چاك ، ئو دگه‌ل هندێ دا ژی وی نڤیسین بو بچیکا ژبیر نه‌کربی ، وی گه‌له‌ك حه‌ژ ڤی ره‌نگی ژ توری دکر ئو یێ به‌ردوام بی لسه‌ر ڤه‌هاندنا هوزانا بو زاروان هه‌ر وه‌سا نڤیسینا چیروکێن زاروان ته‌ڤ تورڤانێ هنده مه‌زن وبناڤ ده‌نگ گه‌له‌ك حه‌ز ستران گوتنا دگه‌ل زاروا دکر نه‌خاسمه سروودان .. هه‌ر چه‌ند ده‌نگێ وی ده‌نگه‌کێ نه‌خوش‌بی به‌لێ بجیك‌ومه‌زنا بچاڤه‌کێ پربها یه‌رێ‌خو ددان ڤی هوزانڤانێ مه‌زن ده‌مێ کو سروود دگه‌ل بچیکا دخواند .. وی دگه‌ل زاروان ژبو ژیانه‌یا خوشتر وفره‌هتر وجوانتر دخواند ودبستری . براستی ژیانا الیوتی کاره‌ك مه‌زن ل ره‌نگێ به‌رهه‌می الیوتی وناڤروکا وی به‌رهه‌می ژی کر چونکی الیوت ژینه‌ماله‌کێ ئول‌خوازبی ده‌یك وبابێن‌وی خودێ ناس بین ، هه‌ر وه‌سا خواندنا الیوتی ل زانستگه‌هێن پایه‌بلند ولوك‌به‌رز وه‌کی زانستگه‌ها هارفرد وسوربون واکسفوردێ ژی کاره‌ك دویر ل به‌رهه‌مێ وهزرا الیوتی کر . هه‌ر وه‌سا وه‌کی مه‌گوتی کو ده‌یکا الیوتی بخو ده‌ست د بازارێ توره‌ڤانی‌ێ‌دا هه‌بی ، ئو یێ گومان ره‌وشه‌ن بیری‌یا ده‌یکێ کاره‌ك مه‌زن ل که‌سینی‌یا وپاشه روژا مروڤی دکر . ل پشکا بێت ژڤی گوتاری ته‌م دی به‌حسێ وان هوزانڤاناکین ئه‌وێن به‌رهه‌مێ وانا کار له‌سه‌ر ژیانا الیوتی یا ئه‌ده‌بی کرین .

(مایه)

.ژ ده ره‌ین ڤی گوتاری :

1- The Ensyclopeadia Bretania,
2- American famous Artists.
3- The complete poems and plays of T. S. Eleot.

کورته چیرۆك له ئه‌ده‌بی گه‌لان

زه‌وی

نووسینی
جورج . هـ . فریڤاك
ئامانج مسته‌فا
کردوویه به کوردی

به‌یانی یه‌کیان پێش ئه‌وه‌ی دنیا ته‌واو روونـاك بێته‌وه باوکم ڕاست بۆوه کلاوه‌که‌ی له سه‌ر ناو پاڵتۆیه‌که‌ی له‌به‌ر کرد . باران وه‌ك گۆزه‌ی سه‌ره‌و ژێر ده‌هاته خواری . هه‌موومان ده‌مانزانی که ئه‌و رۆژه له‌م ماله‌مان بار ده‌که‌ین ، به‌لام خۆ هێشتا ده‌ره‌وه تاریکه‌و کرێکاره‌کانی گواستنه‌وه هه‌تا نزیك نیوه‌ڕۆ نایێن ، ده‌نگه ده‌نگی ڕاست بونه‌وه‌ی باوکم له سه‌ر قه‌ره‌وێله‌که‌ی ئێمه‌شی به ئاگا هێنا ، هه‌موومان من‌و دایکم‌و براکه‌م له به‌ر ده‌رگا ڕاوه‌ستاین ، دیمان باوکم دۆڵابی قاپ‌و قاچاخی کرده‌وه شووشه‌یێکی ده‌رهێناو سه‌رقاپێکی لێ قایم کرد .

شووشه‌که‌ی بردو رۆیی زۆری پێ چوو ، کاتێ ئه‌و هاته‌وه ئێمه ئه‌وه‌نده سه‌رمان قاڵ بوو لێمان نه‌پرسی چوو چی بکا ؟ هه‌موومان خه‌ریکی شت‌و مه‌ك پێچانه‌وه بووین ، لای نیوه‌ڕۆ کرێکاره‌کان به لۆریه‌کی گه‌وره‌و به گرمه گرم په‌یدا بوون . به ڕێگاوه ماڵاوایمان له زه‌ویه‌که مان کرد ، ئه‌و زه‌ویه‌ی دوو وه‌رزی هاوینی یه‌ك له دوای یه‌کا شتێکی وای لێ به‌رهه‌م نه‌هاتبوو ، باوکم سڵاوی بۆ زه‌ویه ئه‌ستێوره رووته‌که کردو هه‌موومان گوتمان : به دوعا زه‌ویه‌که ، به دوعا گه‌وره‌که ، به دوعا ماڵه‌که‌و ئاسمانه‌که .

پێمان ناخۆش بوو زه‌ویه‌که‌مان به جێ دێڵین ، ئه‌گه‌ر چی هیچی واشمان به‌جێ نه هێشتوه . هاتینه شارو چوینه خانوێکه‌وه ، هه‌ر که جێی خۆمانمان گرت باوکم به ئه‌سپایی شووشه قه‌پاخ قایم کراوه‌که‌ی له گیرفانی ده‌رهێنا که که‌مێك له گڵی زه‌ویه‌که‌مانی تێدا بوو ، من‌و براکه‌م بمه دزیه‌وه پێکه‌نین ، دایکم هیچی نه‌گوت ، به‌لام باوکم پێش ئه‌وه‌ی ده‌ست بکا به دانان‌و ڕێکخستنی که‌لوپه‌له‌کان لووتی خسته ناو شووشه‌که‌وه هه‌تا توانی بۆنی گڵی زه‌ویه‌که‌ی کرد ، پاشان سه‌ره‌که‌ی نایه‌وه‌و شووشه گڵه‌که‌ی برده ژێر زه‌مینه‌که .

له باوکم به‌و لاوه نه‌ده‌بوایه که‌س ده‌ست له‌و شووشه‌یه بدا ، ئه‌وه به ته‌نیا هی خۆی بوو ، کاتێ ئێواران له ئیش ده‌هاته‌وه ئه‌و شووشه‌یه بوژینه‌ره‌وه‌ی بوو ، وه‌کو حه‌سانه‌وه‌ی سه‌ر چیا ، پێش ئه‌وه‌ی هیچ بکاو پێش ئه‌وه‌ی ڕۆژ باشمان لێ بکا ده‌چوو بۆنی ده‌کرد .

باوکم هه‌موو ئێواره‌یه‌کو جارجاره به‌یانیانیش لووتی پێوه ده‌نا . به‌یانی‌یه‌کیان ، پێنج ساڵ پاش زه‌وی به‌جێ هێشتنه‌که‌مان باوکم چوبوه ژێر زه‌مینه‌که ئاگر بکاته‌وه ، له پێش هه‌موو شتێکدا ده‌ستی دایه شووشه‌که‌و هاواری لێ هه‌ستا « دروێنه ! دروێنه ! » ئێمه‌یش هه‌موومان له نێو جێگا ڕاپه‌ڕیین . هه‌موومان ڕامانکرده خواره‌وه بۆ لای ئاگردانه‌که .

باوکم شووشه‌که‌ی به هه‌ردوو ده‌ست گرتبوو قیژاندی : « بڕوانن ! بڕوانن ! » ته‌ماشامان کرد چوزه‌ره گه‌نمێك له گڵه‌که سه‌ری ده‌ر هێناوه ، درێژایی له دوو گرێ که‌متره به‌لام سه‌وزو به خۆوه‌یه . باوکم شووشه‌که‌ی برده به‌ر روناکی و ماوه‌یێکی باش تێی ڕاما ، ئێمه‌یش ڕاوه‌ستابووین ورته‌مان لێوه نه ده‌هات . ده‌مزانی باوکم بیر له چی ده‌کاته‌وه ، پێش وه‌خت زه‌ویه‌که‌مان به‌جێ هێشت ، ده‌رفه‌تی ته‌واومان به زه‌ویه‌که‌مان نه‌دا به‌جێمان هێشت .....

کورته چیرۆك

ناسۆر

سمایل له‌پێشی قه‌مه‌ره‌ی هاوڕێکه‌یدا کش‌و مات چاوانی بڕیبووه ڕێگا که هێلێکی ڕه‌شی بێ‌کۆتا وه‌کو مار به‌ناو ده‌شت‌و ته‌پۆلکایی ووشك‌و ره‌نگ‌زه‌ردا کشابوو . هاوڕێکه‌ی رادیۆی کرده‌وه . سمایلیش هه‌ر ده‌ست‌به‌جێ کوژاندی‌یه‌وه که به‌وه هاوڕێکه‌ی بێزار بوو :

● ئه‌رێ ، ئه‌رێ کابرا تۆ چیته ، پێم ناڵێی ؟

که وه‌لامی لێ نه بیست به‌وریایی‌یه‌وه لای لێ کرده‌وه :

● پێم بڵێ شتێکی خراپت لێ قه‌وماوه ؟ نه‌خۆشی ، چیته ؟ بابه ئه‌گه‌ر له‌وه دڵت گه‌ردی لێ نیشتبێ که دوێنێ شه‌و له‌و ماله ناسیاوه‌مدا مامه‌وه‌و ئه‌م به‌یانی‌یه‌ش دره‌نگ هاتمه‌وه به‌شوینتدا ، داوای لێ‌بووردن ده‌که‌م .

سمایل هه‌ر ده‌نگی نه‌کرد . هاوڕێکه‌ی هاواری لێ کرد :

● ده قسه‌یه بکه مردووت بمرێ !

— قسه‌ی چی بکه‌م ؟

سمایل له‌سه‌رخۆ قسه‌ی ده‌گێڕایه‌وه :

— ئه‌رێ به‌ڕاست تۆ پێم ناڵێی به چ ئه‌قڵێکه‌وه من دووات که‌وتم ؟

● خۆت هاتوویت . گوایه به‌زۆر هێناومیت ؟

به‌سه‌رسامی‌یه‌وه لای لێ کرده‌وه :

● کوڕه ناشێ به‌دیمانه‌ی شادبووبی ؟

گه‌رمتر لێی پرسیی :

● به‌شه‌ره‌فم هه‌بێ‌و نه‌بێ هه‌ر واشه ! کۆنه برینت کولاوه‌ته‌وه ! توشه‌ره‌فت وانی‌یه ؟ یه‌کترتان دی ؟

سمایل به هه‌ناسه هه‌لکێشان‌و سه‌رله‌قانی ساردەوه وه‌لامی دایه‌وه :

— به‌لێ قوربان ، هات‌و دیم !

● ئیته ، چاوو دڵت ڕوون‌و ئیتر ئه‌م په‌ستی‌یه چی‌یه ؟

ملی درێژ کردو به‌فیزه‌وه به‌گوێیدا چرپاندی :

● چۆنم بۆت ؟

سمایل به‌چاوێکی بزه‌وه لای لێ کرده‌وه‌و به‌ساردی‌یه‌وه لێی پرسیی :

— گاڵته‌م پێ ده‌که‌ی ؟

● ده‌وه‌ره پیاو کاری خێر بکا ! باشه بابه ، په‌شیمانم

باشه ؟ به‌لام سمایل ، ئه‌ها ، توسه‌ری ڤیانی کچت پێم بڵێ چیتان کرد به‌چی ؟؟ ده‌ستتان کرده ملی یه‌کتری ؟

سمایل به‌ڕوویدا ته‌قی‌یه‌وه :

— ئاماقوولێی مه‌که ، پیاوبه !

● باشه باشه ، توورە مه‌به ؟

— چۆن توورە نابم ؟ پێم گوتی ئه‌و کچه عه‌شقی ئه‌ووه‌ڵ‌و ئاخیرم بوو که هه‌رگیز له‌دڵم به‌کۆشێ مناله‌وه ؟

● ده‌رناچێ ؟

— کوڕه به‌هه‌زاریشه‌وه !

هاوڕێکه‌ی به‌پێکه‌نینێکی به‌رزه‌وه هاواری کرد :

● هه‌ڵلاه هه‌ڵلاه .. هه ها ها ، هه‌ڵلاه ، خه‌یامه ؟

— پێ‌بکه‌نه‌،چی له‌تۆیه؟

له‌ه‌رخۆ زیاتر گوتی :

— ئاهه‌قیشت ناگرم چونکه ئێوه هه‌ر تامی داوێن‌پیسی ده‌زانن نه‌ك‌تامی عه‌شقێکی پاك !

● کوڕه هه‌ی ئاخر شه‌ڕ ، عه‌شقی چی ؟ عه‌شق ! هه‌مووی مه‌سله‌حه‌ته ، پیس بێ یان پاك ! بێجگه له‌وه عه‌یبیشه بۆ تۆ ...

— عه‌یب بۆ ئێوه‌یه ! ئێوه که به‌چاوی ماددەوه ته‌ماشای هه‌موو شتێ ده‌که‌ن ! تۆو هاوتای تۆ ، باوکیشم له پێشتانه‌وه .

هاوڕێکه‌ی له‌تاو پێکه‌نین سوکانی ئوتوموبیله‌که‌ی پێ ڕاگیر نه‌ده‌کرا . سمایلیش که‌مێ ترسی ! نیشت‌و به‌بێزاری‌یه‌وه پێی گوت :

— تۆزێ پیاوبه ، ئاگات له خۆت‌بێ !

● مه‌ترسه ، مه‌ترسه باوکی پێنج منال !

— چی ده‌ڵێی بیلێ !

● باته هیچ ناڵێم‌و که‌یفی خۆته ، به‌لام ، ئه‌ها توسه‌ری ڤیان ، هه‌ر حه‌ز ده‌که‌م بزانم دیده‌نی‌یه‌که‌تان تامی چۆن‌بوو ؟ هه‌لبه‌ت دیاره زۆر خۆش‌بوو ، وانی‌یه ؟

— هه‌ڕچۆنێك بووبێ ده‌خڵی به‌خۆمه‌وه هه‌یه !

● کوڕی باش‌به ، سوێندم دایت !

— ده‌ڵێم تکات لێ ناکه‌م‌و سه‌ر مه‌که‌ره سه‌رم !

● یه‌عنی هه‌ر بۆم ناگێڕێته‌وه ؟

له‌و هه‌له‌دا سمایل دیمه‌نی سه‌رپلیکانه‌کانی هاته‌وه به‌رچاوو له‌به‌ر خۆیشی‌یه‌وه وه‌لامی دایه‌وه :

— نه‌خێر !

● سا به‌شه‌ره‌فم بۆ دایکی ڤیانی ده‌گێڕمه‌وه ! دیمه‌نی سه‌ر پلیکانه‌کان‌و توورەیی دایکی ڤیانی تێکه‌ڵ کرد که خۆیشی باسی رابردووی بۆ ده‌گێڕایه‌وه‌و له‌سه‌ر خۆ به‌دایکی ڤیانی ده‌گوت :

— کچێ خۆت بێ ئه‌قڵ مه‌که ! من ، تازه به‌ته‌مای چی بم ؟ من ، تێم بگه ، من ده‌مویست

— بڕوانه ل ٧ —

شیعرێ وه‌رگێڕاو ....

شیعرێك له پۆلیڤیا

نووسینی : خایمه‌ساینس
حسین احمد جاف
له عه‌ربیه‌وه وه‌رگێڕاوه

ویستم برۆم‌و
له تۆ دوور بکه‌ومه‌وه
له ژیانیش دوور بکه‌ومه‌وه
بۆ ئه‌وێ
بۆ تاریکی ئه‌و شارانه‌ی له بیر چوونه‌ته‌وه
هه‌ر له کاتێکی ... دوورەوه
بۆ ئه‌وه‌ی
ترسی‌و نهێنی‌و گۆشه‌گیری
له لات بدۆزمه‌وه
بۆ ئه‌وه‌ی ... دوور له تۆ
هه‌ناسه‌یه‌ك بدەم
هه‌ر له دوورێشه‌وه جارێکی دی
سه‌یرێکت بکه‌م
به چاوه گه‌وره‌کانی بێ‌ده‌نگی
بۆ ئه‌وه‌ی
لێت هه‌ڵبێم‌و
خه‌ونه هه‌میشه‌یی‌یه‌که‌م
له کیس نه‌چێ

* * *

ده‌مویست له‌گه‌ڵ خۆما بۆ ئه‌وێ بتبه‌م
بۆ شاره‌کانی بێ‌ده‌نگی
ده‌مویست پێکه‌وه
به زه‌ریادا کۆچ‌که‌ین
بۆ ئه‌وه‌ی قووڵایی‌یه‌کانی
تاقی بکه‌ینه‌وه
بۆ ئه‌وه‌ی بیرێك
له شته هه‌ره مه‌زنه‌کان بکه‌ینه‌وه
بۆ ئه‌وه‌ی بنچینه‌کان ڕوون بکه‌ینه‌وه‌و
هۆیه‌کانی نائومێدی بدۆزینه‌وه
بۆ ئه‌وه‌ی بزانم بۆچ تۆ یاری منی‌و
ئه‌مه‌وێ بزانم بۆچ ته‌نیا به گریانه‌وه
تۆم خۆشی ده‌وێ

* * *

وه‌لامم بده‌ره‌وه
دیێت له گه‌ڵما بۆ ئه‌وێ ؟
بۆ شاره‌کانی بێ‌ده‌نگی
ده‌ته‌وێ
له‌گه‌ڵ خه‌مه گه‌وره‌کان پێکه‌وه
له سنووری فرمێسکی بێگه‌ردا
له تافگه‌و ... ماڵ ئاوایی .. نزیك بینه‌وه !

هه‌ڵسه‌نگاندن

● **کاك سه‌تار ئه‌حمه‌د** ..زانکۆی ته‌کنۆلۆجیای به‌غدا .. نووسینه‌که‌ت پێویستی‌ی‌به هه‌ندێ ده‌ستکاری هه‌یه ، هیوادارین له‌مه‌ودوا به‌رهه‌می‌چاکترمان بۆ بنێری .. سوپاس .

● **کاك نوزاد عه‌لی‌حه‌سه‌ن** .. ئه‌و شیعره‌ی که بۆمانت ناردووه هه‌ندێ که‌م‌وکۆڕی تێدایه ، ئه‌بێ لێمان ببوریت .

● **کاك ئیسماعیل‌مه‌حموود شوانی** .. سوپاسی به‌شداری کردنت ئه‌که‌ین‌وچاوه‌ڕوانی ـنووسینی باشت لێ ده‌که‌ین .

● **خوشکه شلێر حمه‌ره‌شید** .. تکایه که نووسینمان بۆ ده‌نێریت یه‌کدیوی لاپه‌ڕه‌که به‌کار بهێنه .

● **کاك کامه‌ران ئاواره**..ئه‌م ره‌ش‌بینینه بۆ .. جگه له‌مه‌ش پێویسته شیعره‌که‌ت‌له سه‌ر یه‌ك دیوی کاغه‌زه‌که بێت ..

● **کاك فاروق عوسمان**..پێویستیت به خوێندنه‌وه‌ی شیعرو شێوه‌ی شیعرنووسین هه‌یه .

● **کاك خالید کۆچه‌ر** ..که شت ده‌نووسیت ئه‌بێ بیر له شێوه‌ی دارشتن ووشه‌وچونیه‌تی به‌کار هێنانی بۆ خزمه‌تی ناوه‌ڕۆك بکه‌ینه‌وه .

● **برایان** حه‌سه‌ن‌مه‌حموودو دلێر عوسمان‌و لقمان قادر رواندوزی‌وعبدالواحد احمد قادرو عبدالله محمود شوانی‌و عارف‌رشدی‌و ده‌ربه‌ده‌رو سالم حه‌سه‌ن‌و ...

سوپاس بۆ ئه‌و بابه‌تانه‌ی که ناردوتانه هیوادارین له‌مه‌ودوا شتی باشتربنووسن .. ژیان هه‌وڵ‌و ته‌قه‌لایه‌و مرۆڤ له‌وڕێکه‌یه‌وه ئه‌توانێ ببێته نووسه‌رو شت بنووسێ ...سوپاس .

هه‌لبژارده

● هۆ کاکه‌ی شوان‌شوانی کۆساران
ئه‌ی بلوێر ژه‌نی خاکی‌نیشتمان
به‌هاره دونیا جوان‌ورازاوه
هه‌لاله‌و به‌بوون سه‌ریان‌لێکناوه

- سه‌باح ره‌نجده‌ر -

● **ئازیزه‌که‌م**
له ده‌نگی هازه‌ی‌هه‌لچووی
ئه‌و شه‌پۆلانه وه‌ره‌س‌مه‌به
که کۆرپه خه‌مه‌کانی ناخت‌رائه‌ژێنن
ئه‌وه هه‌مووی عه‌شق‌وخۆشه‌ویستی گیانه‌که‌ی منه
ئه‌یانه‌وێ عه‌شقی بالای‌ته‌مه‌نت
له رووباری هه‌تاوابشۆنه‌وه ..

- دلژان زه‌ندی -

خاوەن شکۆ مەلیك حسین بە سەردانێکی یەك ڕۆژی سەری لە بەغدادا

پێری خاوەن شکۆمەلیك حسین کوڕی طلال مەلیکی ولاتی ئوردن بەسەردانێکی ڕەسمی کورت گەیشتە بەغداو لە لایەن بەڕێز سەرەك صدام حسینەوە پێشوازی لێ کرا .

هەروەها لە پێشوازیەکەدا بەڕێزان طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران و طارق عزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران ئامادە بوون .

بە گەیشتنی میوانی بەڕێز کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بەستو لە ماوەی ئەو کۆبوونەوەیەدا باسی باری ئیستای عەرەبو بەتایبەت شەڕی نێوان عیراق و ئێران کرا .

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێزان طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران و طارق عزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران و دوکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەڕێزان خالد عبدالمنعم رشید سەرەکی دیوانی سەرەکایەتی کۆمار . ئەمین سری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە وەکالەتو لە لای ئوردن بەڕێزان مضر بدران سەرەك وەزیرانی ئوردنو احمد اللوزی سەرەکی دیوانی مەلەکیو بالۆێزی ئەردن لە بەغدا ئامادە بوون .

دوای ئەو گفتوگویە لە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژدا خاوەن شکومەلیك حسین کوڕی طلالو ئەو وەفدەی لەگەڵیا بوو بەغدایان بەجێ هێشتوو بەرەو جدە کەوتنەڕێو لە لایەن بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسینەوە بە گەرمی بەڕێ کرا .

لە ئەنجامی هێرشەکانی عیراقدا بۆ سەر دووڕگەی خەرج ئاریانە دەرەوەی نەوتی ئێران هاتۆتە نیوە..

گۆڤاری (میدل ئیست ئیکونومیك) :

منامە - ٣٠ - ئا.د.ع. گۆڤاری میدل ئیست ئیکونومیك سیرفی - دووپاتی کردەوە کە ئەنجامی بۆردوومان کردنی دووڕگەکەو لەلایەن عیراق ئاگادارکردنی نەوت گۆیزەرەوەکان کە عیراق ئاگاداری کردبوون نزیك ناوچەکە نەکەونەوە ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران لە نیوە کەمترە .

ڕۆژنامە بازرگانیەیە هەفتانەکە ئەوەشی وتووە کە سەرجەمی ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران ڕۆژانە بۆ ٩٠٠ هەزار بەرمیل دابەزیوە کە ڕۆژانە لە تەموزی ڕابوردوودا گەیشتبووە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت .

گۆڤارەکە وتی ئاگادارکردنەوەکەی عیراقو ئەو بۆردومان کردنەی فڕۆکەکانی عیراق دەیکەن بوونە هۆی دوورکەوتنەوەی زۆری نەوت گوێزەرەوەکانو بووشنە هۆی بەرزکردنەوەیەکی باڵای نەوت بارکردنو مسۆگەرکردن گۆڤارەکە ڕوونی کردۆتەوە خەرجی بارکردنو مسۆگەرکردن بەلایەن نەوتی ئێرانەوە گەیشتە ٣٫٦٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك واتە بە پێی نەوتی ولاتانی کەنداوی عەرەب (٨٠) سنت دەکات .

هەروەها ئەوەشی وتووە هێرشێکی عیراق کە ڕۆژی ١٨ی تەموزی ڕابوردوو کردیە سەر ئێران کاری بەتەواوی لەبەندەرێ کە دەکەوێتە دورگەکەوەو لەگەڵ گوێزەرەوەکانی نەوت دەکاتو کە بارەکەی ٣٠٠ هەزار تەنە ئەم هێرشەی عیراق کاری لەو بەندەرەدا بەتەواوی ڕاگرتو زیانێکی ئەوتۆ گەورەی پێ گەیاندووە ماوەیەکی زۆری دەوێ چاك بکرێ .

جەنگاوەرانی فەلەستین شاری بەیروتیان بەجێ هێشت

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا بلاوی کردەوە کە نۆ هەزارو ٤٠٢ جەنگاوەری فەلەستینیو ٣٧٠٠ سەربازی سوریا تا ١١ی مانگی ئاب بەیروتی ڕۆژئاوایان بەجێ هێشتوە .

لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی - النهار - ی لوبنانی لە سەرچاوەیەکی عەسکەریەوە زانیۆیەتی کە « ئیسرائیل » داوای کردوە چەکە قورسەکانی فەلەستینیەکان بدرێ بە سوپای لوبنانو دەبێت ئەم کارەش تا کۆتایی هەفتەی داهاتوو تەواو بێ ئەگینا خۆی دەست بەسەر ئەو چەکانەدا دەگرێ .

ڕۆژنامەکە وتویە ، گوایە « ئیسرائیل » وتویەتی جەنگاوەرەکانی لوبنان چەکە قورسە کۆنەکان نەبێ لە کاتێکدا چەکە تازەو باشەکانیان داوە بە حزبو ڕێکخراوە نیشتمانیەکانی لوبنانی « بە تایبەتی بزوتنەوەی - المرابطین - » .

لەم بارەیەوە ، پرۆژەکەی فیلیب حبیب لە مادەی دەیەمدا دەڵێ دەبێ فیداکارەکانی فەلەستین چەکە قورسەکانیان بدەن بە سوپای لوبنانو مادەی یانزەهەمی دەڵی لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی هەر بەندێ لە بەندەکانی ئەو پرۆژەیە ئەرکی هیزە دەوڵەتیەکان لە لوبنان بە کوتایی هاتوو دادەنرێ .

بەڵام تا ئیستا هیچ وەڵامی نە لە سوپای لوبنانو نە لە حزبە نیشتمانیەکانەوە دەرنەچوە بەڵام ابراهیم قلیلات پێشەوای «المرابطین» ئەوەی دووپات کردەوە کە بزوتنەوەکەی چەك دانانێ تا یەك سەربازی زایۆنی لەسەر ئەرزی لوبنان مابێ

کاسترۆ پاشماوە

کاسترۆ لە نامەیەکدا کە ناردوویەتی بۆ سەرەکەکانی بزوتنەوەکە ئاشکرای کردووە لە سەر پێشنیاری عیراق کۆنگرەی باڵای حەوتەم لە هندستان دەبەسترێ .

وتی کۆنگرەی باڵا بەم زوانە کەی دوستیدا لە نیودەلیی دەگیرێ ئەو دەمەی کە حکومەتی ئەندێرا غاندی پێویستیەکانی بەستنی کۆنگرەکە ئامادە دەکات .

واشنتۆن پۆست پاشماوە

ڕەکرێ قازانجیان هەیەو بەهاتنی ڕفعة اسد کە برای حافظ اسدە پەیوەندی پەرەی سەندو کە ئیستا دەچی بەسەردانێکی تایبەتی سەر لەواشنتۆن دەدات و لەوێ کۆبوونەوە بەکاربەدەستانی بنتاگۆن دەکاتو وەزیری دەرەوەی «ئیسرائیل» شارون کە ڕۆژی ٢٧ی-٨-١٩٨٢ گەیشتە واشنتون لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا دەری خست کە ئیسرائیل نایەوێ هێرش بباتە سەر سوریاو هیوای وایە کە ئەمەریکایەکان ئەم قسەیەی بە رفعة اسد بڵێن .

کرافت دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەم قسەیەی شارون قسەی حکومەتی ئیسرائیلە .

فەزافی پاشماوە

لە مەغریب دەنەن هێرشی بردۆتە سەر سەرەکی ئەم دەوڵەتانە .

ئاژانسی دەنگوباسی ڕەسمی لیبیا وتویە قەزافی بروسکەیەکی داوە بەسەرەکەکانی ئەم دوڵەتانەو ئارەزایی خۆی بەرامبەر بە بەشداری کردنیان لە کۆنگرەکە دەربڕیوە .

ئێران - پاشماوە

ئازربایجانی ڕۆژئاوای ئێران دۆزراوەتەوە ، ڕۆژنامەی کیهان بلاوی کردەوە ئەم بنکەیە بەسەرپێری لە هێرشێکی سوپایدا بۆ ناوچەکە دۆزراوەتەوەو بریتیبوە لە سەد پارچە چەکو کەرەستەیەکی زۆری تەقەمەنیو ١٧ کەسیش لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە گیراونو ژمارەیەك کوژراون بەبێ ئەوەی باسی زیانەکانی حکومەت بکەن .

لە لایەکی ترەوە سێ ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدی خەلق گوللەباران کراوان ، ڕۆژنامەی اطلاعات کە ئەم هەواڵەی ڕاگەیاندوە دەڵی ئەو سێ کەسە بەوە تۆماهبار کراون چەکیان دژی حکومەت هەلگرتوە .

ئەوەبوو سەرەتای ئەم هەفتەیە ڕێکخراوی موجاهیدی لە پارسیەوە بلاوی کردەوە کە چەکدارەکانی توانیویانە پێنج کاربەدەستی ڕژێم بکوژی

دەنگی قوتابیان پاشماوە

چالاکی بزووتنەوەی ئەم جارەمان کە لەمانگی ڕابردوو یەکێتی یەکەمان سازی کردو پشتگیریو هەلەتێکبوو بۆ زیادبوونی بەرهەم ، پتر لە ١٥٠ قووتابی کچو کوڕ بەشداریان لەکارگەی چنینو خوری هەولێر کرد بۆ زیادکردنی بەرهەمی قوماش وە هەروەها پتر لە ١٥٠ قووتابی کوڕو کچ بەشداریان لە کارگەی جگەرەی هەولێر کردو بۆ زیادبوونی بەرهەم بێ گومان ئەمەش دەورێکی سەرەکییە بۆ زیادکردنی بەرهەم ، هەروەها حەفتا « کچ »ی قووتابی بەشداری لە کارگەی مافوورکردو لە پێناوی زیادبوونی بەرهەمو لەپێناوی سەرکەوتنی جەنگی پیرۆزی شەرەفمەندیمان ..

پ : سەردانی قووتابیان بۆ بەرەکانی جەنگ چ دەورێکی گێرا ؟

لەکاتی خۆیدا نوێنەری یەکێتی یەکەمانو لەگەڵ نوێنەرەکانی ڕێکخراوەکان سەری لەبەرەی جەنگ داو چەند جارێك بێ گومان ئەمەش دووبارە کرایتەوە هەروەها چەندەها قووتابیو بەسەدەها سەریان لەبەرەکانی جەنگ داوە بەسەرپەرشتی لقی یەکێتی یەکەمانو بەهاوکاری سەرکردایەتی هۆبەی هەولێر .

فرۆکەکانی - پاشماوە

دوژمنی قین لە دڵ فرۆکە ئازاکانمان ترسو لەرزێکی گەورەیان خستە دڵی ڕژێمی ڕەگەزپەرستە شەڕ فرۆشەکانی ئێرانو فرۆکەکانمان بەسەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانیان .

بەم جۆرە ، سوپای عیراقی ئازا بە رابەری سەرکردەی هەلکەوتوی گەل صدام حسین ڕۆژ بە ڕۆژ دەرسی دوژمن دەوات و تا ناچاری دەکات بە ملکەچ کردنو وازهێنانی لە هەلویستی دوژمنایەتی کاری و دەست نەخستنە کاروباری ناوخۆمان .

موهیب روکن صدام حسین - پاشماوە

٩ - یاس خضر بلال - نقیب
١٠- ارحیم جاسم نایف - نقیب
١١- علي زیدان مخلف - نقیب
١٢- منیر یاسین مخلف - ملازم اول
١٣- مزاحم سلیمان الطیف - ملازم اول
١٤- موفق علوان جاسم - ملازم اول
١٥- فاروق فخری عباس - ملازم اول
١٦- هیلان حسین حمد - ملازم اول
١٧- حمزه علي خضر - ملازم
١٨- مهند ضامن محمد - ملازم
١٩- محمود حسن رومی - ملازم
٢٠- جاسم محمد حمد - ملازم
٢١- یاسر عبید موسی - ملازم
٢٢- خالد عباس علی - ملازم
٢٣- صابر حمید احمد - ملازم
٢٤- حمید رشید فهد - نائب ضابط
٢٥- محمد مجبر حسین - نائب ضابط
٢٦- وکاع علي حمد - نائب ضابط
٢٧- عاصی زعلان عبود - نائب ضابط
٢٨- صلاح گاطع هلیل - نائب ضابط
٢٩- کاظم طعمه عواجه - نائب ضابط
٣٠- احمد جاسم حسین - نائب ضابط
٣١- احمد عبد صالح - نائب ضابط
٣٢- طه درویش عبدالله - نائب ضابط
٣٣- عبد محمد خلف - نائب ضابط
٣٤- عاید حمد نعمه - نائب ضابط
٣٥- عبدالله ابراهیم حسون - نائب ضابط
٣٦- جاسم محمد سلوم - نائب ضابط
٣٧- علي حسن محمد - نائب ضابط
٣٨- حاتم عباس موسی - نائب ضابط
٣٩- عزیز علاوی زراك - نائب ضابط
٤٠- کاظم حنیحن سهر - نائب ضابط
٤١- عزران شلای فارس - نائب ضابط
٤٢- کامل عبد علي یوسف - نائب ضابط
٤٣- علاوي جسام حمادی - نائب ضابط
٤٤- ظافر ناصر علي - نائب ضابط
٤٥- فالح عبدالحسین جبیر - نائب ضابط
٤٦- حسین عطیه حسن - نائب ضابط
٤٧- عفیف لفته جیاد - نائب ضابط
٤٨- سعد نایف مشحن - نائب ضابط

لەسەر وەزیری بەرگری پێویستە ئەم مەرسومە ڕاپەڕێنی

صدام حسین
سەرەك کۆمار

هەروەها بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین نیشانەی ڕافدینی بە ڕائد مجید صلال عبود بەخشیو ئەم نیشانەیەش لە پلەی سێیەمدایەو سەربازیەو ئەمەش بەرامبەر بەو ئازایەتییە مەردانەیەی دژی ئێران بۆ بەرگری لە شەرەفو کەرامەتی نەتەوە نوویاندوویەتیو ئەمەش دەقی مرسومی کۆماریەکەیە .

بەرامبەر بەو هەڵوێستە پاڵەوانیەی ڕائد مجید صلال عبود دژی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن بۆ بەرگری کردن لە شەرەفو کەرامەتو عزەتی نەتەوە نواندوویەتیو پشت بە ئەحکامی بڕگەی - ز - ی بەندی ٥٨ی دەستووری کاتیو بەندی ذووەمی یاسای نیشانەی ڕافدین ژمارە (٧٨) ساڵی ١٩٥٩ی گۆڕراو بریاری ئەمەی خوارەوەمان دا ..

بەخشینی نیشانەی ڕافدین نیشانەی پلەی سێیەمو جۆری سەربازی بە ڕائد مجید صلال عبود

لەسەر وەزیری بەرگری پێویستە ئەم مەرسومە ڕاپەڕێنێ .

صدام حسین
سەرەك کۆمار

ژمارەیەك لە جەنگاوەرە پاڵەوانەکان لایەنی پاڵەوانێتیو دلێریو قوربانیدانی جەنگاوەرەکانیان گێڕایەوە کە کردوویانە بۆ بەرگری کردن لەشەرەفی نەتەوەو بنیاتنانی دوا ڕۆژە ڕووناکەکەی .

لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتییەکانو نیشانەکەدا بەڕێز عزت ابراهیم جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو فریق اول رکن عدنان خیرالله جێگری سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانو وەزیری بەرگریو بەڕێز خالد عبدالمنعم رشید سەرەکی دیوانی سەرکردایەتی کۆماری ڕازگری نهێنی گشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەوەکالەت ئامادە بوون .

خۆڕاگرتنی - پاشماوە

زایۆنی دەستدرێژیبەکەی کەمێ دواخستو چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو جەنگەی دەکرد کە هاوسوێندەکانی لە حوکمگێڕانی تاران دژی عیراق بەڕپایان کرد .. زایۆنی دوژمن وایدەزانی حوکمگێڕانی تاران دەتوانن عیراق خاپوور بکەن » .

میللەتی عیراق بەسەرکردایەتی سەرەکی فەرمانده صدام حسین هەڵوێستی ڕووناکی خۆی بەرامبەر بە خەباتی ڕەوای گەلی فەلەستین هەبوو .. ئەم هەڵوێستەش ئەوپەڕی یارمەتیدانی ئەو گەلەبوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی .. هەر ئەم هەڵوێستە پیرۆزەی عیراقیش بوو وای لە زایۆنی کرد بەیارمەتی ڕەگەزپەرستانی ئێران لە ڕێکخراوە ئۆتۆمبیلەکەی عیراق بدات .

بەڵێ گەلی کوردمان لە عیراقی ئازبزماندا کە لە سایەی ڕژێمێکی ئازادو پێشکەوتوودایەو لەبەر ئەوەی کە ئەو ڕژێمە بەسەرکردایەتی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین بەوپەڕی تواناوە یارمەتی گەلی عەرەبی فەلەستین بۆ ڕزگاربوون دەداتو هەر لە بۆچوونی سەرکردایەتی شۆڕشەوە کە بەرامبەر بە گەلی فەلەستینو گەلانی جیهانو بزوتنەوەی ئازادیخوازی جیهان هەیەتی .. دەستدرێژی کردنی ئەم جارەی زایۆنی بۆ سەر سووپای ئازادیخوازی فەلەستینو گەلی لوبنان بە گەورەترین پیلان بۆ سەر خۆی دەزانێ کە ئیستا کە ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستی ئێرانی دۆستی زایۆنیزم دژی میللەتو خاکی عیراقمان پێی هەڵدەستنو بەڵگەشمان بۆ ئەم ڕاستییە ئەو چەکانەبوو کە زایۆنییەکان لە جەنگاوەرانی سووپای ئازادیخوازی فەلەستینیان سەندو بەخشیان بە ڕژێمی گەندەڵی ئێران .

هەروەها سەرگرتنی ئەم پیلانەی کە دژی گەلی فەلەستین کرا پیلانێکە بۆ سەر هەموو ناوچەکەو .. دەوڵەتە گەورەکان بیانەوێو نەیانەوێ یارمەتیدەرێکی گەورەیو پاڵپشتێکی تەواوی سەرگرتنی ئەو پیلانە سامناکەن .

کەوابێت ئەوەی لە عیراقماندا دەکەوێتە ئەستۆی میللەتی عیراق بەگشتیو گەلی کوردمان بەتایبەتی زیاتر بەهێزکردنی برایەتیو کۆبوونەوەیانە لەدەوری سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو سەرەکی فەرمانده صدام حسین بۆ پاراستنی ئەو گەشە سەندنو پێشکەوتنەی لەهەموو بوارێکدا وەدیان هێناوەو بۆ لوت شکاندنو گۆڕکردنی هەموو پیلانێك کە دژیان دەکرێو لەسەر هەموو لایەنێکی پێشکەوتنخوازی ناوچەکەش پێویستە زیاتر بەك بگرنو زیاتر وریابن بۆ ئەوەی بتوانن بەرەنگاری هەموو پیلانێك گەورەبێ یاخود بچووك ڕابوستنو پەلەی دەستدرێژیو تاوانو دەربەدەرکردنی گەلی فەلەستین بدەن بەناوچەوانی ئیمپریالیزمو زایۆنیو نۆکەرانیاندا کە دەیانەوێ میللەتی عیراقی پێشکەوتنخوازو دلێر بگەڕێننەوە سەردەمی ژێردەستیو دواکەوتنو گەلی فەلەستینیش پەرەوازە بکەنو گەلانی ناوچەکەش وردە وردە بچەوسێننەوە .

بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە میللەتی عیراق لە خۆیو سەرکردایەتییەیە مەزنەکەی گەیشتو ئەم پێشکەوتنەی بەخۆیەوە بینیو گەلی فەلەستین توانی ببێتە هێزێکی کاریگەرو ترس بخاتە دڵی ئیمپریالیزمو زایۆنییەوە .. سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانەو مردنو ڕووڕەشیش بۆ هێزی داگیرکەرو ڕەگەزپەرستو شەرفڕۆشە .

ئیستاش کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران نەخشەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم بە دووقۆلی لەگەڵ زایۆنیزمو بەهاوکێیو یارمەتیدانی هەندێ ڕژێمی عەرەبی دژی وڵاتەکەمان دەسازێنن .. میللەتی عیراق بەو سەرکەوتنە مەزنانەی کە لە بەرەکانی مجەنگدا وەدیهێناونو بەو یەکگرتنو دلسۆزییەی هەیانەو بەو گیانە خۆبەختکاریەی لە ڕێی پێشکەوتنو بەختیاری میللەتو خاکی عیراقدا هەیانە وەك وەڵامی ڕەگەز پەرستی ئێرانیان داوەتەوە .. هەمیشە سەرکەوتوانە وەڵامی دەدەنەوە .. کە مردنو ڕووڕەشیو تێکشکان بۆ ئەوانەو سەربەستیو برایەتیو پاشەڕۆژی ڕووناك بۆ میللەتو خاکی خۆشەوبستمانە .

ناسۆر پاشماوە

باشترە !

— ئاوی سارد بخۆرەوە !

● دەسا بۆم ڕاوەستە !

هاوڕێکەی بەپەستییەوە ڕادیۆکەی کردەوەو دەنگی زیاد کردو لەدڵی خۆیشیدا بڕیاری دا کە باسەکە بۆ دایکی ڤیان بگێڕێتەوە .

سمایلیش ، دیاریش بوو گۆرانییەکەی پێ خۆشبوو چاوانی نوقاندو خۆیشی فڕێدایە باوەشی ناسۆرەوە !

١٩٧٣
سلێمانیی

جەماوەری پاشماوە

● **سلیمانی :**

هەروەها لە شاری سلیمانی ، جەماوەر بە شانازیەوە پێشوازی ئەو جەنگاوەرانەی کرد کە لە پارێزگاکەوە چووبوون بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان دژی چاوبرسیەتی ئێرانی دوژمن .

لە پێشوازی جەنگاوەرەکاندا کە لەبەردەم بارەگای ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستدا کرا بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلیمانیو هاوڕێ ئەندامی نووسینگەی حزب لقی باکورو فەرماندەی سوپای میللی لە پارێزگای سلیمانیو هاوڕێیان ئەندامانی لقو جێگری پارێزگارو ژمارە یەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانو خێزانەکانی جەنگاوەرەکانی ئامادەبوون .

● **دهوك :**

دیسان لە شاری دهوك کەرتیك لە جەنگاوەرانی سوپای میللی لە بەرەی جەنگ گەڕانەوەو ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری شارەکە بەشانازیەوە پێشوازی ئەو ڕۆڵە کوردانەیان کرد کە لە جەنگی شەرەفمەندیو بەرگری لەسەربەستی وڵات بەشداربوون .

نووسینگەی هەولێر
ناظم دلبەند

دلشاد محمد سعیدو تیپی مۆسیقای دهۆك

هونەرمەندان لە فیستقالی هونەرو رۆشنبیری کوردیدا ١٩٨٢

● هاتنەکایەودامەزراندنی تیپێکی مۆسیقای وەك « تیپی‌مۆسیقای دهۆك » پێویستی بەوە هەیە کە هەمیشەستایشی بکرێو هەستی خۆشەویستانەی بۆهەڵبڕێژرێو خەڵکی کوردستان لە باوەشی‌بگرێ ، چونکە لە دەرفەتێکی زۆر کەمدا هونەرمەندانی ئەم‌تیپە توانی‌یان بوونی خۆیان بچەسپێنن‌و جێگای خۆیان‌لەنێو دڵو دەروون بکەنەوە ...

لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئەم‌تیپە وەك دەستپێ‌کردنێکی یەکەم جاری لەدایك‌بوو ، لەسەر دەستی کاکە دڵشاد ، کۆمەڵێك کوڕوکچی لەتۆی‌خوێکی مۆسیقادا کۆکردەوەو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەم‌تیپە نازدارەی ئەمڕۆی دهۆك هاتەکایەوە ، کە هەموو لایەك‌باسی لێوە دەکەین ..

● بەبۆنەی بەستنی فیستیڤاڵی هونەرو رۆشنبیری کوردی کە دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی لە پارێزگای هەولێر سازی کرد ... بە دیداری هونەرمەندی لاو « دڵشاد محمد سعید » سەرەکی تیپی مۆسیقای دهۆك شادبووین.. قسەی بۆکردین دەربارەی تیپەکەیانو وتی :ـ

مەسەلەی دامەزراندنی تیپێکی مۆسیقا لە دهۆك ئاواتو موعاناتی گەورەی من بوو ، کە گەڕامەوە لە تەواوکردنی خوێندن لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی بەغدا ... بینیم توانا هەیە گەنجەکان هەست بەم ئێشە سەختە دەکەن‌و حەزیش بەوە دەکەن ببنە مۆسیقاژەن بۆ زیندووکردنەوەی ئاوازی کوردیمان لەبادینان ، هەرچۆنێك بێت سەرەڕای هەموو ئێش‌و ئازارێك ، بەڵام تیپی مۆسیقای دهۆك سەری هەڵداو چاوی هەڵهێنا لە جیهانی مۆسیقای پیرۆزی کوردی شان بەشانی تیپە مۆسیقاکانی تری کوردستان .. بەرهەمی پێش‌کەش‌کردو بەردەوامیشە لەوەدەست هێنانی بەرهەمی‌تر

دەستە یەك بۆلێکۆڵینەوەی بارەی رۆشنبیری و راگەیاندن لە سلێمانی

لە پارێزگای سلێمانی‌دەزگایەکی راوێژکاری راگەیاندن بە سەرەکایەتی‌بەرێز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانی‌پێك هاتووە کە بریتی‌یە لە نوێنەرانی سەرکردایەتی‌لقی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست‌وبەریوەبەریتی ئەوقاف‌و کاروباری ئایینی‌ورێکخراوەکانی کریکاران‌و جوتیاران‌و لاوان‌و ئافرەتان‌لە پارێزگاکەو بەریوەبەریتی رۆشنبیری جەماوەرو دەزگای‌نیشتمانی دابەشکردن‌و راگەیاندن‌و ئاسان‌و چالاکی‌هونەری لەبەریوەبەریتی پەروەردەی پارێزگاکە .

دەزگاکە ئەرکی‌لێکۆڵینەوەی باری رۆشنبیری‌و راگەیاندن‌وهونەری پارێزگاکەو ئەورێ‌و شوێنانەی دەبنە هۆی‌پەرەپێدانی لە ئەستۆیە ، بێجگە لە دانانی بەرنامەیەی‌کاری ساڵی داهاتوو .

(٤٠) کیژۆڵەو گەنجی‌پارێزگای دهۆك ئێستاکە ئەندامی تیپن .... وەك‌بەبیربشم بێ یەکەمین بەرهەم کە کەوتە بەردەمی خەڵکی‌کوردستان بریتی‌بوون لە کۆڕاڵی (نارین – دومیهن).ئینجا « نێرگس ... لێ‌لێ‌وەسۆو .. گەلۆ ئەزکچێ کوردانم ... هتد » .

● ئەی بەشداریتان بۆفیستیڤاڵی ئەم جارە ... ؟

ـــ وەك هەموو تیپەهونەری‌یەکانی کوردستان بەشداریمان کرد لە فستیڤاڵەکە بە چەند بەرهەمێك کە جێگەی‌سەرسوڕمانی هەموو خەڵك‌بوو ، بینبوبینینەوەمان‌لەبەردەمی جەماوەرانی پارێزگای هەولێر شتێکی‌زۆر پیرۆز بوو بەلای ئێمەوە ... گرنگ‌میهرەجانەکە سەرکەوتوو بوو ، چاوەڕێی ئەوەدەکەین‌کە هەموو ساڵێك ئەم خۆپێشاندانە هونەری‌یەدووبارە بکرێتەوە ، ئەگەر لەساڵی داهاتوو لە دهۆك‌بێت زۆر چاکترە ...

دەستەیەك لەسەرکردەو لێپرسراوی لیژنەکانی رێکخراوی پێشەنگەکانی سەر بەیەکێتی لاوانی عیراق لقی هەولێر ، لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا ئوردوگای سەرکەوتنیان بۆ پێشەنگەکان کردەوەو ئوردوگاکە لە شوێنی ئوردوگای هەمیشەیی لاوانە .

ئوردووگای سەرکەوتن بۆلاوانی هەولێر

بەشدارەکان لە ٣٢ لیژنەوە لە پارێزگاکەدا هاتوون بۆ ماوەی یەك هەفتە مەشق لە سەر چەکی سووك‌و هەندی چالاکی زانستی‌و هونەری‌و وەرز شی دەکەن .

هەر لە چوارچێوەی چالاکی یەکێتی لاواندا لقی هەولێر ، سەرەکی لق پێشانگایەکی وێنەی دەستکردنی پێشەنگەکانی کردەوەکە وێنەکان ئەو سەرکەوتنانەی دەنواند سوپای ئازامان لەبەر پەرچدانەوەی دەستدرێژیە نارەواکانی دوژمنی ئێرانی نەزاندا بەدی هێناون .

لێرەوە

بروسکە
بۆ بەرچاوی ئۆرزدی سلێمانی

ئەو شت‌و مەکانەی کە بە ئەندازێکی زۆر لە دەرەوە دەهێنرێن پێویستە بە ئاسانی بگاتە دەستی جەماوەر نەك هەر لە دورەوە چاوە بزەیان بێت ... بۆ نموونە پاکەتی رۆسمان کە ئەگەر بازاڕ بروخێت بە سەر ئەودا دەگیرسێنەوە یەکێکە لە نموونەی باسەکەمان کەچی وەك ئەستێرەی سیوەیلی لێ‌هاتوە چونکە ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێت هەموو کەس ناتوانێ بیکڕێت ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی یەك پاکەت لە کاتی نووسینی ئەم بروسکەیەدا تەنها یەك دینارە .. !! هۆی ئەمەش بەبێ شاردنەوە ئەوەیە کە راستەوخۆ لە شوێنی فرۆشتنی خۆیەوە دەگاتە دەستی فرۆشیارە دەست گێرەکان نەك دەکیلەکان چونکە ئەگەر بگاتە دەستی ئەمان خۆ دەبێ بۆ خوێی چێشت تەنها یەك پاکەتیان بە نرخی رەسمی لا چنگ بکەوێ .. بێ‌گومان ئەم فرۆشیارە دەست گێرانەش بەپێی مەزاجی خۆیان رۆژ بە رۆژ نرخەکەی گران‌تر دەکەن .

ئەوەشمان لە بیر نەچێ وەك لە یەکێك لە وەکیلەکانی ئۆرزدیمان بیست کە ئەمان لەبەر ئەوەی وەکیلن تەنها یەك جگەرە چی‌یە ناباندرێتێ بەڵام ئایا پاکەت فرۆشە دەست گێرەکان ئەو هەموو رۆسمان‌و کینت‌و گرێفنەیان لە کوێ بوو ؟؟

شایانی باسە ئێمە نامانەوێ پێ لەوە دابگرین کە ئەگەر بابەتێکی وەك رۆسمان لە عێراقدا یان لە شارەکەدا نەبێ پێویستە بۆمانی چنگ بخەن بەڵکو دەڵێین لەبەر ئەوەی کە زۆرەو هەیە بەڵام تەنها بە نرخی بازاڕی رەش دەست دەکەوێ پێویستە کاربەدەستانی ئەم لایەنە رایەکی تایبەتیان هەبێ .. !

★ فریا ★

جیهانی رەنگاو رەنگ

سینەماو ... شانۆ

بەهوی منداڵەکەیەوە

ئەکتەر سینەمایی‌ناسراو جون کولینز بریاری داوە واز لە سینەما بێنیت‌وبەلای کچەکەیەوە دانیشێ ، چونکە ئەو کچە تاقانەیەی‌دوای ئەوەی ئۆتۆمۆبیل لێیدا عەقڵی تێك چوەو بێ دایکی‌ئیدارە ناکات .

★

دۆزینەوەی « فیل »یك کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردین

ئاژانسی دەنگوباسی پۆلندەرای‌گەیاند کە هەیکەلی ئیستقانی « فیل »یك‌دۆزراوەتەوە کە رێك‌و پێك‌و تێك نەچووە .

ئەم هەیکەلە کە لەقولایی‌دوو مەترو نیوی زەویدا لە نزیك گوندی کالیش لەسەرووی وارشۆ بەرزی لەشی سێ مەترە .

بەپێی لێکدانەوەی‌زاناکان ئەم ئاژەڵە لە سەردەمی بەردین‌دا نزیکەی١٥ هەزار ساڵ ژیاوە .

ژان‌دارك ... سەرلەنوێ

ئێستا لە پاریس‌شانوییەك لە سەر ژیانی ژان‌دارك‌و محاکەمە بەناوبانگەکەی پێشکەش دەکرێ کە ژان ئاوی‌نووسیویەتی لەم شانوییە ، ژان‌دارك ناسوتێنرێ بەڵکو لەدواکاتدا رزگار دەکرێ خەمی دەگۆرێ سەرکەوتن‌ومۆسیقای بەختیاری لێ‌دەدرێ . رەخنەگرە شانوی‌یەکان بە چاوی رێزەوە سەیری‌ئەم بەرهەمەی ژان ئانوێ دەکەن ، ئەم وێنەیە لەشانویی ناوبراو گیراوە .

★

ئاسۆی زانست

سەعات .. رادیو

لەم دوایەدا سەعاتێکی ژایۆنی کەوتۆتە بازارەوە کە خۆی سەعاتی ئاساییەو بەڵام رادیویشەو بە پاتری بچوك کاردەکات‌و لە کاتی رۆشتنا دەتوانی بە هوی وایەریکی تایبەتەوە تەنیا خۆت گوی لەو رادیویە بگرێ .

★

لە ترسی گەرما

ئەم هاوینە شەپۆلیکی‌گەرما لە فەرەنسا پەیدا بوو ، خەڵکی ناچار کرد شار بەجێ‌بهێڵن‌و رووبکەنە گوی دەریا ، لە رۆخێکی فەرەنسابە تەنیا پێنج ملیۆن کەس رژانە قەراخ ئاو بێجگەلەوانەی لە گوی دەریا ماڵ‌و جێگای تایبەتیان دەست‌کەوت .

چۆن وەزنی خۆت کەم دەکەیتەوە

رێگایەکی نوێ بۆ کەمکردنەوەی وەزنی مرۆڤی قەڵەو داهاتووە بەهۆی‌نواندنی موکناتیسیەوە لە شاری کوت دازور تاقی‌کردنەوە لەسەر ئافرەتێکی تەمەن ٣٧ ساڵانە کراوە کەبۆ چەند جارێك تێکرا سێ سەد سەعات خەوێنراوە لەوماوەیەدا وەزنی هەشت کیلو کەمی‌کردوە .

شیعر بۆ مندالان

قوتابی زیرەك

شیعری : محەمەد کەساس

وا لەپۆلی یەکەمم تاتینی هەیە چاوم
دل پڕ خۆشی‌و بێ‌خەمم ئەخوێنم هەتا ماوم
جل‌وبەرگم پۆشتەیە قوتابخانەم لاخۆشە
گەروم پڕ لە بەستەیە مامۆستای هەستو هۆشە
هەستی پاك‌و بێ‌گەردی
پڕ ئازایەتی‌و مەردی

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی

هاوکاری

تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت